# له ئاستانەی ڕەخنە و
# لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا

# له ئاستانەی ڕەخنە و
# لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا

**پ. د. عوسمان دەشتی**

**هەولێر**
**٢٠٢٢ زایینی – ٢٧٢٢ کوردی**

بیروڕاگەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەكادیمیای كوردی لێیان بەرپرس نییە.

* ناوی کتێب: لە ئاستانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا.
* نووسەر: پ. د. عوسمان دەشتی.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (٤٥٦).
* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.
– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی دووبارە چاپ بکرێتەوەو وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە.

## ناوەرۆک

١. ڕەنگدانەوەی ئەدەب و سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠)......... ١١

٢. ئەدگارەکانی تەکنیکی هونەری لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا......................................................................... ٣٩

٣. ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعری ڕوانگەدا.............. ٦٣

٤. مەلایێ جزیری مامۆستای یەکەمی شیعری کلاسیکی کوردی................................................................................. ١٠٧

٥. خالید دلێر و سروودی کوردی............................................ ١٣٧

## پێشەکی

ئەم بەرهەمەی بەردەست بریتییە لە کۆمەڵێک باس و توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا کەوا لە ماوەی ساڵانی نێوان (٢٠١٦ – ٢٠٢٠) و لە میانەی بەشداریکردنمان لە کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییەکاندا ئامادە و پێشکەشکراون. ئەگەر بێت و بابەتی کۆتایی لێ دەرباوێژین، ئەوا چوارەکەی دیکە لەو بابەت و توێژینەوانەن کە لە ناوەندەکانی زانکۆییدا بە ( Conference Paper) ناو دەبرێن.

* بابەتی یەکەم لەو کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییە پێشکەشکراوە کە لەنێوان زانکۆی کۆیە و زانکۆی دیجلەدا لە ڕۆژانی (٢٢ – ٢٣)ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٦ لە شاری ئامەد (دیاربەکر)دا بەڕێوەچوو. سەبارەت بە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە لە قۆناغی یەکەمیدا لە پەرەپێدانی ژانرەکانی ئەدەب و سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

* توێژینەوەی دووەم لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی شیعری نوێی کوردییە لای شاعیرێکی نوێکار و جەربەزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وێنەی (جەلال مەلەکشا)دا. ئەم بابەتە لەو کۆنفرانسەدا پێشکەش کراوە کە لەنێوان هەر یەک لە زانکۆکانی سەلاحەددین – هەولێر و زانکۆی ڕاپەڕین و زانکۆی کوردستان لە (سنە)، لە ڕۆژانی ٨ – ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٩دا لە سنەی پایتەختی کوردستاندا بەڕێوەچووە.

* وا بڕیار بوو کەوا کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی لە بیرەوەری یۆبیلی زێڕین و یادی پەنجا ساڵەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ڕوانگە لە ڕۆژانی (٢٠ – ٢٠٢٠/٣/٢١) کۆنفرانسێکی زانستیی نێودەوڵەتی لەژێر ناونیشانی (بزووتنەوەی ڕوانگە و کاریگەرییەکانی لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا) سازبکات، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ئامادەکارییەکان لە لایەن دەستەی باڵای کۆنفرانس و لیژنەی زانستیی

تایبەتمەندەوە کرابوون، بەڵام سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، هەم لە سەرتاسەری جیهان و هەم لە کوردستانیشدا، مەترسییەکی گەورەی لەسەر تەندروستیی گشتی دروستکرد و کاریکی وای کرد کۆنفرانسەکە لە دوای یەک دووجار دواخستنیش، یەکی بکەویت و بەڕێوە نەچێت. ئێمە وەکو یادکردنەوە و قەدرزانییەک بۆ ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە مێژووی ئەدەبیدا گێڕاوە و بووە بە دەستپێکی قۆناغێکی تازە و نویّ لە ڕەوتی گەشەسەندنی مێژووی ئەدەبی کوردیدا کە ئەویش (قۆناغی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە)، بەم توێژینەوەیەی کە لێرەدا هاتووە بەشداریمان کردبوو. بەڵام مخابن وەک چۆن کۆنفرانسەکە بەڕێوە نەچوو، هەر بەو شێوەیە باسەکەی ئێمەش وا مایەوە، تا لە دواییدا لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکرایەوە.

* هێشتا لە دەستپێکی قۆناغی خوێندنی زانکۆدا بووم لە بەشی کوردی، کە خولیا و کەڵکەڵەی ئامادەکردنی باسێکی ئەکادیمی تێر و تەسەل سەبارەت بە ڕۆڵی مەزنی شاعیری کورد شێخ ئەحمەدی جزیری، لە داهێنان و داڕشتنی بناغەی تەلاری باڵا بڵندی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی لە لامدا چەکەرەی کردبوو، لەگەڵ ڕۆژگار و بەرەو پێش چوونیشم لە قۆناغەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستیدا ئەم بیرۆکەیە لە مێشکمدا هەر بە زیندوویی مابووەوە و لەگەڵمدا دەژیا. تا ئەوەی سەنتەری زانستیی زانکۆی زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، لە هەلومەرجێکی ناسک و هەستیاردا کە بریتی بوو لەو قەیرانە تەندروستییەی پەتای کۆرۆنا هەموو دنیای گرتبۆوە، ئەم دەرفەتەی هێنایە پێشەوە کە بتوانین خولیا و ئارەزووە دێرینەکەمان بێنینە دی و بە باس و توێژینەوەیەک لەو کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەدا بەشداری بکەین. کۆنفرانسەکە بە ناونیشانی (کورد و هەرێما جزیرا فوراتێ – مێژوو، شارستانی، زمان و ئەدەب)، لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی مانگی ئابی ٢٠٢٠دا بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو. لە پاشانیش هەموو باس و

بابەتەکانی کۆنفرانس لە کتێب و بڵاوکراوەیەکی شایان و شایستەدا چاپ و بڵاوکرایەوە. بەڵام وەکو ئاشکرایە ئەم جۆرە لە کتێب و بڵاوکراوانە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و سنوورداردا بڵاودەبنەوە، بۆیە لێرەدا بۆ سوودی گشتی دووبارە هێناومانەتەوە.

* بابەتی کۆتایی کە بە ناونیشانی (خالید دلێر و سروودی کوردی)یە، لە کاتی خۆیدا وەک بەشێک لە نامەیەکی دکتۆرادا جێگای خۆی گرتووە کەوا مامۆستای هاوڕێمان (د. عەبدولواحید ئیدریس)، بە سەرپەرشتی بەندە و لە ژێر ناونیشانی (بنیاتی هونەری و بیری ڕەخنەیی لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی خالید دلێردا) ئامادەی کرد و پێشکەشی بەشی زمانی کوردی زانکۆی کۆیەی کردووە. هەر لەو سەروبەندەشدا بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە ژماری (٧)ی مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٦)ی گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردستان)دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بەم جۆرە لێرەدا هەموو باس و بابەتەکانی لێرەدا لە شێوەی ڕستێک توێژینەوەی زانستیی و ئەکادیمیی ویکڕا کۆکراونەتەوە و تانوپۆ و ناواخنی ئەم بەرهەمەیان پێکهێناوە. بەو هیوایەی هەم بۆ خوێندەواری کوردی هێژا و هەم بۆ مامۆستایان و توێژەرانی کۆری لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمیی ئەدەبییاتدا، مایەی سوود و پەسەندی و ڕەزامەندی بێت.

مایەوە بڵێم لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا هاوڕێی هێژا و بە نرخم (د. جەلال ئەنوەر سەعید)، زۆر لەگەڵمدا ماندوو بووە، تەمەنی درێژ و نموونەی هەر زۆربێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**پ. د. عوسمان دەشتی**
**هەولێر/ شارەدێی کەسنەزان**
**٢٩/ ١٢/ ٢٠٢١**

## ڕەنگدانەوەی ئەدەب و سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی
## لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠)

**پێشەکی:**

ئەدەبی نووسراوی کوردی، کە شیعر پشکی هەرە مەزنی پێکدەهێنێت، تەمەنێکی هەزار ساڵەی هەیە، بەڵام بە هۆی نەبوونی کەناڵەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا ماوەتەوە و، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەشی لەسەر نەکراوە، تا ئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەنووسیی کوردی پەیدادەبێت ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت و ئەم ئەرکە گرنگە لە ئەستۆ دەگرێت. بە واتایەکی دیکە، سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی خاڵی وەرچەرخان و شۆڕشێکە لە بواری پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی بە شێوەیەکی گشتی و ئەدەب و ئەدەبناسی بە شێوەیەکی تایبەتی.

لەم سەرەتایەوە، لەم باسەدا، لە هەوڵی ئەوەدا دەبین کە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە قۆناغی یەکەمیدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠) لە بواری بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بەرهەمی ئەدەبی و جۆر و هونەرە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بە تایبەتیش ڕەخنەسازی کوردی بکەینە تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەمان.

لێکۆڵینەوەکەمان بە شێوەیەکی گشتی لەم بڕگە و بابەتانە پێکدێت:

١.١. ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٢.١. شوێنی ڕەخنەی ئەدەبی لە لقەکانی زانستی ئەدەب (ئەدەبیاتناسی) ٢.١.

٢. ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی (١٨٩٨ – ١٩٢٠)

- ژانرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠)

٢. ١. وتار
٢. ٢. شيعر
٢. ٣. چیرۆک و حیکایەتی فۆلکلۆری و چیرۆکی شیعری
٢. ٤. پەندی پێشینان
٢. ٥. شانۆنامە (پیەس)
٣. سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی
٤. ئەنجامەکان
٥. ژێدەر
٦. Abstract

## ١. ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

هەر لە سەرەتادا پێویستە جیاوازی لە نێوان (ئەدەب – واتە بەرهەمی ئەدەبی) لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبی (ئەدەبیاتناسی)دا بکەین. ئەمانە دوو چالاکی جیاوازن. یەکەمیان، بەرهەمی ئەدەبی؛ هونەر و داهێنانە. بەڵام دووەمیان، ڤەکۆلین، یان توێژینەوەی ئەدەبی، زانستە، کە بە واتای زانستی ئەدەبی یان ئەدەبیاتناسی دێت (الماضي، ٢٠١٠، ١٠).

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا سەرەتا (بەرهەم)ی ئەدەبی لەدایکدەبێت و دێتەکایەوە، ئەمجا ڤەکۆلین (وەکو زانست) دەستپێدەکات. واتە، ئەگەر یەکەم نەبێت ئەوا دووەمیش نابێت.

دیارە بەرهەم یاخود تێکستی ئەدەبی بناغە و بنچینەی ئەدەبیاتناسییە.

## ٢.١. شوێنی ڕەخنەی ئەدەبی لە لقەکانی زانستی ئەدەب (ئەدەبیاتناسی)

لە دوای نووسین و بڵاوبوونەوەو زۆربوونی بەرهەمی ئەدەبی، قۆناعی دووەم دێتە پێشەوە، ئەویش لێکۆڵینەوە یان توێژینەوەیە لە بەرهەمە ئەدەبییەکان لە سێ لایەنەوە، بەم شێوەیە:

<u>**لایەنی یەکەم: تیۆری ئەدەب،**</u> ئەم زانستە لە گریمانەکانی سەرچاوە و سەرهەڵدانی ئەدەب، بنەماکان و سروشتی ئەدەب، ئەمجا گرنگیی و ئەرکی ئەدەب دەکۆڵێتەوە.

<u>**لایەنی دووەم: ڕەخنەی ئەدەبی،**</u> لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەدەب دەوەستێت، لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و لەژێر رۆشنایی کۆمەڵێک ڕێباز و میتۆدی تایبەتی، ئاست و بەهای بەرهەمەکە دەستنیشاندەکات (دێچیز، ١٣٧٩، ٥١٦).

<u>**لایەنی سێیەم: مێژووی ئەدەب،**</u> خەریکی کۆکردنەوە و نووسین و تۆمارکردنی (بەدۆکیومێنتکردنی) بەرهەم و سامانی ئەدەبی نەتەوەیی دەبێت، لە تەک ساغکردنەوە و تۆمارکردنی ژیان و بەسەرهاتی نووسەرەکانی.




هەر یەکێک لەم لقانەی زانستی ئەدەب (تیۆری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی ئەدەبی) بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی بە یەکەوە

گرێدراون و هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوەی تر هەیە (الروس، ٢٠١٠، ٣٦).

### ٢. ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی (١٨٩٨ – ١٩٢٠):

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئاڵوگۆڕێکی مەزن و بنەڕەتی لە ژیانی ئەدەبی و ڕووناکبیری کوردیدا دروستکرد. تا ئەو کاتە (سەرەتای سەدەی بیستەم)، ژانری سەرەکی و بەربڵاوی ئەدەبی کوردی، هەر تەنیا شیعر بووە. لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ ئەوەی شیعر پایەی یەکەم و باڵای خۆی هەر پاراستبوو، ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەش پەیتا پەیتا هاتنە ناوەوە، لە وێنەی:

- پەخشانی هونەری و جۆرەکانی وتار.
- قوتابخانەکانی شیعری و ژانرەکانی شیعر (شیعری منداڵان و شیعری فێرکردن).
- چیرۆک و حەکایەتی فۆلکلۆری.
- پەندی پێشینان.
- شانۆنامەی کوردی (پیەس).

کەواتە ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر لە سەرەتایەوە لە بواری ئەدەبیاتناسیدا دوو ئەرکی لە ئەستۆ گرتووە، یەکەمیان بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بەرهەمی ئەدەبی و ژانرە ئەدەبییەکان و دووەمیان خستنە ڕووی هەندێ بیروبۆچوون و سەرنجی ڕەخنەیی کە دەچنە خانەی ڕەخنەسازی، واتە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە.

### ژانرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠)

پەخشان/ مەبەستمان لە پەخشانی هونەری و ڕۆژنامەنووسییە، دەنا پێش ئەوە لەوانەیە بتوانین کتێبەکانی وەکو (جیلوە) و (مەسحەفا

ڕەش)ی ئایینی یەزیدی و (سەرەنجام)ی ئایینی یارسان، لە دوای ئەوەش نووسینەکانی (مەلا مەحموودی بایەزیدی/ ١٧٩٧ -١٨٦٧؟)، کتێبە ڕێزمانییەکەی (عەلی تەڕەماخی/ ١٠٠٠ – ١٠٦٥ک)، یاخود مەولوودنامەکان بە پەخشانی کوردی کۆن لە قەڵەم بدرێت (بیمار، ١٩٩٨، ٢٠ – ٤٧). بەڵام لەگەڵ سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، پەخشان وەکو هونەرێکی سەرەکی ئەدەب دەردەکەوێت و پەرەدەسێنێت. جۆری سەرەکیشی بریتییە لە (وتار).

**١.٢. وتار:** لە ئەدەبی کوردیدا وتار بە مێژووی ڕۆژنامەنووسییەوە گرێدراوە، "ڕەنگە لاپەڕەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە کوردستانە و لە ساڵی (١٨٩٨)دا لە قاهیرە دەرچووە، یەکەم وتاری کوردی بڵاوکردبێتەوە" (هەمان سەرچاوە، ٢٤)*. پاشان لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی دیکە لە ئەستەمبوڵ و بەغدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠)، وتار بە هەموو جۆرەکانییەوە (سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی) بەرەو پێشەوە چووە و گەشەی سەندووە.

وتار، کە یەکێکە لە هونەرەکانی پەخشان، جۆری ئەدەبی سەرەکییە، لە هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لەو سەردەمەدا دەرچوون کە بریتین لە:

١/ کوردستان (ڕ) / (١٨٩٨ – ١٩٢٠)، (٣٠) ژمارەی لێ دەرچووە لە دەرەوەی کوردستان.

٢/ کوردستان (ڕ) / خولی دووەم، لە پاش ئینقیلابی عوسمانی (١٩٠٨) ئەم ڕۆژنامەیە بۆ جاری دووەم لە ئەستەمبۆڵ لە لایەن (ثریا بەدرخان)ەوە دەرچۆتەوە. تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی بەردەست نەکەوتووە.

٣/ کورد تعاون ترقی غەزەتەسی (ڕ) / (١٩٠٨)، (٩) ژمارەی لێ دەرچووە و لە ئەستەمبۆڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

٤/ ڕۆژی کورد (گ) / (١٩١٣)، ئەستەمبۆڵ، (٣) ژمارەی لێ دەرچووە.
٥/ هەتاوی کورد (گ) / (١٩١٤)، ئەستەمبۆڵ، (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە.
٦/ بانگی کورد (گ) / (١٩١٤)، بەغدا، (٥) ژمارەی لێ دەرچووە.
٧/ کوردستان (ڕ) / خولی سێیەم/ (١٩١٧ – ١٩١٨)، قاهیرە، (١١) ژمارەی لێ دەرچووە.
٨/ تێگەیشتنی ڕاستی (ڕ) / (١٩١٨)، بەغدا، (٦٧) ژمارەی لێ دەرچووە.
٩/ ژین (گ) / (١٩١٨ – ١٩١٩)، ئەستەمبۆڵ، (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە.
١٠/ کوردستان (گ) / (١٩١٩)، ئەستەمبۆڵ، (١٩) ژمارەی لێ دەرچووە (زەنگەنە، ٢٠٠٣، ٨٧).

لە ناو هەموو جۆرەکانی وتاردا (وتاری سیاسی) بە پلەی یەکەم دێت و لە هەموویان بەربڵاوترە، بۆیە دەشێ ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەم ماوەیەدا بە تۆماری بنەڕەتی وتار دابنێین کە لە قۆناغەکانی تری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەم درێژەی پێدراوە و هەم فرە ڕەهەند و جۆراوجۆریش بووە.

دیارە ئێمە مەبەستمان وتارە کوردییەکانە دەنا وتار بە زمانەکانی دیکەش بڵاوبوونەتەوە، وەکو تورکی و عەرەبی و فارسی.

وتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەم قۆناغەدا، زیاتر وتاری بیروڕا و ڕێنیشاندان و داواکردن و هاندانە. لەبەر ئەوە کەمتر بایەخ بە هەواڵ و دەنگوباس و دیدار و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی دراوە( بیمار، ١٩٩٨، ٩٠).

زمان و دارشتنی وتارەکان، زمانێکی تێکەڵی پڕ لە وشە و دارشتنی عەرەبییە و بەڵام بە شێوەیەکی ڕەوان و ڕاستەوخۆ نووسراوەتەوە و لە قسەی ئاسایی و ڕۆژانە نزیکدەبێتەوە، وەکو (وتارەکانی میقداد بەدرخان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا)، تا دەگاتە

ئەوەی وتارەکان دەبن بە نموونەیەک لە شێوازی پەخشانی عوسمانلی (وەکو وتارەکانی ڕۆژی کورد لە ئەستەمبۆڵ و بانگی کورد لە بەغدا). ئەنجا وتار لەشێوەی پەخشانی هونەری تەواو، هەر بۆ نموونە (عبدالکریم سلێمانی) لە (٣) ژمارەی یەکەمی (ڕۆژی کورد/ ١٩١٣)دا، (٦) وتاری هەیە کە هەموویان پەخشانی هونەری ڕەوان و پاراون. بە شێوەیەکی گشتی وەکو دیاردەیەک لە شێوازی وتارنووسی ئەو دەورەیەدا، زمان و داڕشتنی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی عەرەبی و بیانی و سوودوەرگرتن لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و پەندی پێشینان و دێڕ و بەندی شیعری کلاسیکی، تێهەڵکێش بە وتارەکان کراون (هەمان سەرچاوە، ٦٧).

**٢. ٢. شیعر و ژانرەکانی:** لەگەڵ ئەوەی زمانی ڕۆژنامەنووسیی لە بنەڕەتدا زمانی پەخشانە، بەڵام (هونەری پەخشان) لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، تاوەکو ئەمڕۆش نەیتوانیوە پێگەی شیعر لەقبکات و بەلاوەی بنێ، بەڵکو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو دەورەیە بەشێکیان بۆ شیعر تەرخانکردووە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین پۆلینبەندییەک بۆ ژانر و جۆرو قوتابخانە شیعرییەکان بکەین کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو دەورانەدا بڵاوبوونەتەوە:

**أ/ لە ڕووی ڕێباز و قوتابخانە شیعرییەکانەوە:**

- شیعری کلاسیک/ لە نموونەی شیعری (مەلای جزیری، نالی، سالم، کوردی، مەحوی، شێخ ڕەزا، سیاپۆش، حەریق، کەمالی، ...)
- شیعری ڕۆمانتیکی/ لە نموونەی شیعری (پیرەمێرد، ع. ڕەحمی، قازی زادە مستەفا شەوقی)
- شیعری نوێی کوردی/ لە نموونەی شیعری (حاجی قادری کۆیی، ع. ڕەحمی، زێوەر)

**ب/ له ڕووی ژانرەکانی شیعرەوە:**

- لیریک/ هەموو غەزەلەکانی شاعیرانی کلاسیک کە بڵاوبوونەتەوە دەچنە ئەم خانەیەوە.

- شیعری داستانی (مەلحەمی)/ (مەم و زین)ی خانی نموونەیەکی دیار و بەرچاوی ئەم جۆرە ئەدەبەیە، کە بایەخێکی بەرچاوی پێدراوە لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم دەورەیەدا، هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە تاوەکو گۆڤاری ژین.

- شیعری فێرکردن/ مەولوودنامەکان نموونەی ئەم جۆرە شیعرەن، هەروەها (بابا دەروێش ئیبراهیم) لە دوو ژمارەی (١١ ، ١٢)ی کوردستان (١٩١٩)دا، هەردوو مەنزوومەی (بحثا مملكت كوردستان) و (بيان حال حكما وان) بڵاوبۆتەوە کە لەم جۆرە شیعرەن.

**ج/ بابەتەکانی دیکەی شیعر:**

- شیعری فۆلکلۆری/ (ع. ڕەحمی) لە ژمارە (٤)ی (ژین/ ١٩١٨) شیعری فۆلکلۆری (گوڵ مەشکێ)ی بڵاوکردۆتەوە.

- شیعری عەرووزی/ شیعری شاعیرانی کوردی کلاسیک هەموویان لەم بابەتەن.

- شیعری وەرگێڕدراو/ لە کوردییەو بۆ زمانەکانی تری وەکو زمانی تورکی کە بەشی هەرە زۆری وەرگرتووە، لە نموونەی وەرگێڕانەکانی پیرەمێرد. یان لە زمانی ترەوە بۆ کوردی، ئەویش لە تورکییەوە یاخود لە زمانانی ترەوە بۆ کوردی.

- لە ڕووی زمانی شیعرەوە/ لەو دەورەیەدا شیعر بە زمانەکانی (کوردی، تورکی، عەرەبی، فارسی) بڵاوبۆتەوە.

- شیعری منداڵان/ دەستپێکی ئەدەبی منداڵانی کورد هەر لەم دەورەیەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەرکەوتووە.

- له ژماره (٤)ی گۆڤاری (بانگی کورد) له بەغدا/ ١٩١٤، شیعرێکی زێوەر به ناونیشانی (بۆ شاگردانی مەکتەب) بڵاوبۆتەوه.
- له ژماره (٦)ی گۆڤاری (کوردستان) / ئەستەمبۆڵ / ١٩١٩، شیعرێک به ناوی (دەلالیا زارۆکان) به ناوی (ژ عەشیرا میران/ زینۆ) بڵاوکراوەتەوه که دواتر دەزاندرێت کەوا (زینۆ) (ئەمین عالی بەدرخان)ه (زەنگەنه، ٢٠٠٥، ٨٧). له گۆڤاری (ژین)یش، (ع. ڕەحمی) له ژماره (٨ ، ١١) و حلمی سیورەکی له ژمارەکانی (٢٢ ، ٢٥)دا شیعری منداڵانیان بڵاوکردۆتەوه.
- پەخشانه شیعر/ هەر لەم دەورەیەدا پەخشانه شیعر، که هونەرێکی زۆر نوێی شیعر بووه و لەو ڕۆژانەدا دەبینرێت. (ع. ڕەحمی) له ژماره (١)ی گۆڤاری (ژین)/ ١٩١٨، پەخشانه شیعرێکی به ناونیشانی (خو آمه) بڵاوکردۆتەوه.
- ئەمه جگه لەوەی شیعر به زارەکانی (کرمانجی، سۆرانی، گۆرانی/ هەورامی، باشووری)، واته هەر چوار دیالێکته سەرەکییەکانی زمانی کوردی لەم دەورەی ڕۆژنامه و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوه.
- له ڕووی ناوەرۆکیشەوه، هەموو مەبەستەکانی شیعری کوردی بەدیدەکرێن، وەکو شیعری دڵداری، وەسف، پەسن و ستایش و ئایینیی و نیشتیمانی، کۆمەڵایەتی...تاد.

**٣.٢. چیرۆک/** سەرەتاکانی چیرۆکی هونەری کوردی لەم دەورەیەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەبینرێت، (ڕۆژی کورد/ ١٩١٣) لەم مەیدانەدا دەستپێشخەره و له ژمارەکانی (١،٢)دا چیرۆکی بێ ناونیشانی (فوئادی تەمۆ)ی بڵاوکردۆتەوه، که هەندێک له نووسەرانی کورد به یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی له قەڵەم دەدەن.
- چیرۆکی فۆلکلۆری (حەکایەتی میللی)/ له ڕۆژنامەنووسیی ئەم دەورەیەدا، ئەم چەشنه ئەدەبەش بایەخی پێدراوه، له گۆڤاری (ڕۆژی

کورد/ ١٩١٣) ژماره (٣)دا، چیرۆکێکی میللی به ناونیشانی (چیرۆکی کرمانجا) له نووسینی (کندو) بڵاوبۆتەوه. هەروەها له ژماره (٤)دا، حەکایەتێکی فۆلکلۆری(شێر و ڕێوی) به ناوی (چیرۆک) له نووسینی (بابی ڕەوشۆ) بڵاوبۆتەوه.

هەروەها هونەری (بەیت)ی فۆلکلۆریش فەرامۆش نەکراوه و (میهری) له ژماره (٧)ی (گۆڤاری کوردستان/ ١٩١٩) تێکستێکی به ناونیشانی (بەیتی دنۆ) بڵاوکردۆتەوه.

- چیرۆکی شیعری/ له پێشەوه ئاماژەمان بۆ مەنزوومه شیعرییەکەی خانی (مەم و زین) کرد، که دەچێته فۆرمی (شیعری داستانی) و له ڕۆژنامەوانی ئەو دەرورەیەدا له (کوردستان)ەوه بۆ (ژین) بایەخێکی تایبەتی پێدراوه.

جگه لەمانه، چیرۆکی شیعریش وەکو جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونه (عبدالواحد) ناوێک له ژمارەکانی (١١، ١٢)ی گۆڤاری کوردستان/ ١٩١٩، (چیرۆک)ێکی له دوو بەشدا بڵاوکردۆتەوه که به شیعر هۆنراوەتەوه. هەروەها (ع. ڕەحمی) له (ژین/ ١٩١٨)، ژماره (١٨)دا چیرۆکه شیعرێکی بڵاوبۆتەوه.

**٤.٢. پەندی پێشینان**/ دیاره ئەم هونەره ئەدەبییەش پێگەیەکی له ڕۆژنامەنووسیی کوردی ئەو دەورەیەدا هەبووه، بۆ یەکەم جار له گۆڤاری (ژین/ ١٩١٩) له ژمارەکانی (٣، ٤، ٥، ٧، ٨، ١٤، ١٩)دا، (لاو ڕەشید) گۆشەیەکی به ناوی (کردلرده ضروب و امثال)ی بۆ پەندی پێشینانی کوردی و وەرگێڕانی بۆ زمانی تورکی تەرخانکردووه و وا هەیه له هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا سێ چوار لاپەڕەی گرتۆتەوه. نووسەر پەنده کوردییەکانی پۆلینکردووه بۆ مەبەستەکانی (اجتماعی، ادبی، حیکەمی، موزاحی، تاریخی، انسانوی... تاد) هەروەها له هەندێ شوێن چیرۆکی پەندەکەشی خستۆتەڕوو.

له ژانرەکانی تری پەخشان له ڕۆژنامەنووسیی کوردی ئەو دەورەیەدا، دەکرێ باسی نامه و ژیننامەش بکرێت و لەم لایەنەوه نموونەشیان بۆ دەستنیشان بکرێت.

**٥.٢. شانۆنامه (پیەسی کوردی)/** بۆ یەکەم جار ئەم ژانره ئەدەبییه له ڕۆژنامەنووسیی ئەو دەورەیەدا دەرکەوتووه. (ع. ڕەحمی) پیەسێکی کوردی به ناونیشانی (ممی ئالان) له ژمارەکانی (١٥، ١٦)ی گۆڤاری ژین/ ١٩١٣ بڵاوکردۆتەوه، که تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەقی شانۆیی له (کاراکتەر و دیالۆگ و گرێ و ڕووداو و کات و شوێن...)ی تێدا ڕەچاوکراوه، که ناوەرۆکەکەی له کەلەپووری کوردەواری (چیرۆکی مەمی ئالان) وەرگرتووه و له فۆرمی پیەسێکی ئامال تراژیدی دارشتۆتەوه.

## ٣. سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی له ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (١٨٩٨ – ١٩٢٠)

لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی هەر له سەرەتادا له لای ئێمه به شێوەیەکی هونەری و وەکو زانستێکی ئەدەبی سەربەخۆ دروست نەبووه. بۆ مەسەلەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەسازی له ئەدەبی کوردیدا دوو ئاراسته و بۆچوون له ئارادا هەن:

- **ئاراستەی یەکەم:** هەندێ له نووسەر و لێکۆڵەرانی کورد لایان وایه سەرەتاکانی ڕەخنەی کوردی له شیعری کوردیدا دەرکەوتووه. ئەمانه پێیانوایه "له قۆناغه جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەمدا، چالاکی ڕەخنەیی له ئارادابووه و شاعیرانی کورد خۆیان له بەرهەمه شیعرییەکانیاندا تێڕوانین و بۆچوونی خۆیان خستۆته بەردەست و دەسنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەییان کردووه" (لیژنه، ٢٠٠٩، ١٤٧)، تەنانەت شاعیرێکی وەکو (شێخی جزیری /١٥٦٨ –

١٦٤٠) بۆ یەکەم جار هەم زاراوەی (ڕەخنە)ی هێناوەتە ناوەوە و هەم لە دەقە شیعرێکیدا کۆمەڵێک پێوانەی ڕەخنەیی ورووژاندووە:

**ئەحســەن ژڤێ نەزمـێ لەتیـف    چەنـدی سـڤک هاتــە خەفیف**
**مەحبوب بدەستێ خوەی شەریف    نەقـدێ مە موهـر و سـککەدا**
**ئەحسـەن ژڤێ وەسـفێ رەفیـع    ئەشــکال و ئەوزاعێن بەدیـع**
**تێتـن ژ نــوورێ وەک رەقیـــع    بێ عەیب و نەقس و (ڕەخنە)دا**

(دۆسکی، ٢٠١١، ٧٠)

ئەم ڕایە چۆن بۆ سەرەتا و سەرهەڵدانی ڕەخنەی کوردی پشتی پێ دەبەسترێت، لە لای گەلانی دیکەی ڕۆژهەلاتیش هەروایە (شانۆف، ١٩٧٥، ٤). ئەم ئاراستەیە بە تێر و تەسەلی خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە،

تەنانەت نامە و تێزی ئەکادیمیشی لە زانکۆکاندا لەبارەوە نووسراوە (ئامێدی، ٢٠٠٣). ئەوان پێیانوایە کەوا شاعیرانی کورد لە کۆندا چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەییان چەسپاندووە، لە ڕێگەی شانازی و ستایشکردنەوە، یانیش هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شاعیرانی تر، یاخود باسیان لە سەرچاوەی هۆنراوە و دارِشتنی زمانەکەی کردووە، یان بە هۆی بەراورد و بەراوردکارییەوە چەند بیرێکی ڕەخنەییان دەربڕیوە و نرخ و بەهای شیعری خۆیان دیاریکردووە.

- **ئاراستەی دووەم:** لە بەرامبەردا ئاراستە و بۆچوونی دیکەش هەیە کە پێیوایە ڕەخنە کە خۆی جۆرێکە لە هونەر و زانست و بە گوێرەی کۆمەڵێک پرۆگرامی تایبەتی و لە شێوەی پەخشاندا دادەڕێژرێت و دروستدەبێت، بۆیە ئەم نموونە شیعرییانە کە لە کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی بەخۆوەنازین و پەسن و ستایش پێکدێت، ناکرێت وەکو باری سەرنجی ڕەخنەیی وەربگیرێن، بۆیە توێژەر و

ڕەخنەسازی کورد (د. کامیل بەسیر) ڕای وایە کە "دەبێت ئەم جۆرە هەولانە فەرامۆش بکەین کە ویستوویەتی پێشەکییەکەی (مەم و زین)ی (خانی) بەو سەرەتایە لە قەڵەم بدات، چونکە ئەم دێڕە هۆنراوانە و دەیان دێڕە هۆنراوەی وەها لە دیوانی هەستیارە دێرینەکاندا بە پێوانەی پێناسەی کۆن و تازەی ڕەخنەسازی بەکاری ڕەخنەسازی ناژمێردرێن" (بەسیر، ١٩٩٠، ١١٥).

ڕاستە لەم جۆرە هۆنراوانەدا رەنگە چەند بنەڕەتێکی ڕەوانبێژی و ڕەخنەسازیش بنوێنن، بەڵام ئەمە زیاتر پەیوەندی بە چێژی شیعر و ڕادەی وەرگرتنی لە لای خەڵکەوە هەیە. پوختەی بیر و بۆچوونی ئەم ئاراستەیە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کەوا "ڕەخنەسازی بە پەخشان دەنووسرێتەوە، ڕێبازە زانستییەکەی لەسەر بناغەی شیکردنەوە و بەراودکاری و هۆخستنەڕوو، دامەزراوە (هەمان سەرچاوە، ١١٥).

نووسەر و لێکۆلەرانی سەر بەم ئاراستەیە، بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی ڕەخنەسازی کوردی، دەگەڕێنەوە سەر کتێبەکەی (ئەمین فەیزی بەگ) بە ناوی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) کە لە ساڵی (١٩٢٠)دا لە ئەستەمبۆڵ چاپ بووە. لەگەڵ ئەوەی ئەم کتێبە شێوەیەکە لە مێژوونووسی ئەدەبی کوردی، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا لە پەراوێزەکانیدا لابەلا کۆمەڵێک را و بۆچوونی ڕەخنەیی لەبارەی ئەم شاعیرانە و بەرهەمەکانیان خستۆتەڕوو (لیژنە، ٢٠٠٩، ١٢٢). یان ئەوەتا هەر دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەڵام لە قۆناغێکی دواتردا، واتە ساڵی ١٩٢٥.

ئێمە لامان وایە کە لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم دەورەیە (١٨٩٨ – ١٩٢٠)دا، کۆمەڵێک ڕا و بیر و بۆچوون و سەرنج و سەرە قەڵەمی ڕەخنەیی، بە تایبەتیش لەبارەی هەندێ لە شاعیرانی کورد و بەرهەمەکانیان خراونەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەی تیۆر و بنەماکانی ڕەخنەسازی کوردی تەواو و زانستی پێک ناهێنن، بەڵام ئەم جۆرە

سەرنج و بیر و ڕایانە لە گیان و پرۆگرام و میتۆدی ڕەخنەسازییەوە بەدوورنین، لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و لە چوارچێوەی ڕستە و پەرەگراف و بیر و بۆچوونی پەرشوبڵاویشدا بووبن. لێرەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین کە چەند نموونەیەک لەم تێبینی و هەڵسەنگاندنانە، با بە شێوەیەکی کورت و سەرە قەڵامانەش بووبێتن، لە ڕۆژنامەنووسیی ئەم دەورەیەدا بخەینەڕوو.

ئەگەر لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە دەستپێبکەین (کوردستان / ١٨٩٨)، ئەوا لە ژمارە (٢)یدا سەبارەت بە (ئەحمەدێ خانی) و (مەم و زین) هاتووە:

**"د سالا صە د و پێنجیدە ژ جزیرێ ئەحمەدێ خانی کتێبەک مەنزووم نڤیسییە، ناڤێ ڤێ کتێبی کریە (مەم و زین). ئەڤ کتێب هەمی بەیت و شیعرن، ئاشکارا حکایەتا عشقا دوو جوانایە، باطن کلک مقصد و حصە و حکمت ژی تێن فهم کرن... خانی لەوی کتێبێ دە عەول وەسف ب شکر و مناجات و نعتا کریە پاشی دست ب اصل حکایتێ دکە، من ئەڤ کتێب جارنا هن علمایێن ترک و عربا خوەندیە و ترجمە کریە، حمیا ژی گۆتیە کو دڤێ رێیە ژڤێ چەتر مە نەدیتیە".** ئەمجا دێتە وەشاندن و بڵاوکردنەوەی (مەم و زین) لە هەر ژمارەیەک بەشێکی لێ بڵاو دەکاتەوە وەکو چۆن بڵاوکراوەکانی دیکەش لەم دەورەیەدا بایەخێکی تایبەتییان بە (مەم و زین)داوە، بە خاوەنەکەشیان داوە. ئەمجا لە ژمارە (٣)ی هەمان ڕۆژنامەدا (کوردستان / ١٨٩٨)، هەم هەواڵی ساڵی کۆچی دوایی (حاجی قادری کۆیی) ڕاگەیاندووە و هەمیش بە کورتی ژیان شیعر و بەرهەمەکانی هەلسەنگاندووە. نووسەر لەوبارەیەوە دەڵێ:

**"عالمک ژ سورا هبی سالا دی وفات کر، رەحمەتا خودێ لێبە و خودێ گونەهێن وی بغەفرینە، ناڤی وی حاجی عبدالقادر بی، ئەڤ مرۆڤ د ساغیا خوەدا گەلەک خەبتی، دەرحەقا علماندنا عیلم و**

**مەعریفەتێڕە، گەلەک بەیت و ئەشعارێن کرمانجی دنڤیسی رێدکر ولاتی خوە سۆرا. عەزمانی وی عەزمانی سۆرایە، لۆما کورد حمی ڤی عەزمانی نزانن، پشتا کتێبا مەم و زین دە ب خەتێ دەستێ خوە هن بەیت نڤیسینە نێڕینا من او ابیات لڤی دریدە بنڤیسین، وەکی ب دققەت بێ خوەندن معناوان خوش تێت فەهم کرن"**

لە ژمارە (٨)ی هەر ئەو ڕۆژنامەیەدا، بە یەک دوو ڕستەی پێشەکی بەشێکی دیکە لە مەم زین بڵاودەکاتەوە، ئەم یەک دوو ڕستە پێشەکییە بەم جۆرەیە:**"سەبەبێ نەزمی کیتاب بڤی ئەزمانی و سورەتی شەکوایا ژ دەورانێ و گلەییا ژ ئەبنای د زەمانێ کو لبال وان یەکسانە، هونەر و دانایی دگەل عەیب و نادانی"**

هەروەها لەگەل پێشکەشکردنی هەر بەشێک لە (مەم و زین) لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا بە ڕستەیەک یان کورتە پەرەگرافێک ناوەرۆکی بەشەکە ئاشکرا دەکات و کرۆکی ڕووداوەکان نیشان دەدات.

- لە ژمارە (٢)ی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی/ ١٩٠٨) شیعرێکی پیرەمێرد بڵاوکراوەتەوە، کە "گرنگییەکی ئەدەبی هەیە، چونکە لەوانەیە ئەمە یەکەمین هەوڵدانی نوێکردنەوەی شێوە و ناوەرۆکی شیعری کوردی بێ) (ئەمین، ٢٠١٣، ٦٩).

شیعرەکەی پیرەمێرد بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**لەسەر بەردێ هەڵۆیە**
**هەوای سەید و شکاری کەوتە سەر تا کەوتە سەر عالەم**
**هەواییکی غرووری کەوتە سەر خۆی زۆر لە بەرز زانی**
**پەڕی گیڤ کرد و بای باڵ ئەدا هەرتاکو دەیتوانی**

لە ژمارە (٧)ی هەر ئەم ڕۆژنامەیەدا غەزەلێکی(نالی) بڵاوکراوەتەوە، لە سەرەتادا شاعیر بەم جۆرە بە خوێنەران ناسێنراوە:"سلیمانیەلی: أفصح الاکراد ابو المعالي جناب نالی ...."

- له ژماره (١)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد/ ١٩١٣)دا، (١٠) غەزەلی (نالی) له ژێر سەردێڕی (دیوان شاعری شەهیر حەزرەتی نالی) بڵاوکراوەتەوە. دوای ئەوە له ژماره (٢)ی هەمان گۆڤاردا (سلیمان عبدالکریم) له وتارێکیدا به ناونیشانی (عبرت)، بەم جۆره له مەیدانی هونەری شیعردا نالی و هاوڕێکانی له شاعیرانی کورد دەنرخێنێت :"**سلیمانی ئەو مەخزەنی عیلم و عیرفانه پیاوی وەک .... نالی، وەک سالم و مصطفی بگ، وەک حاجی وەک شێخ رەزای هەیه که له کوڕەی ئەرزی ئەمسالی ئەمانه نامەسبووقه...**" ئەمجا له درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ :"**له مەسلەکی ئەشعاردا نالی و رەفیقانی ئیمڕۆ قەومی کوردیان ئیحیا کردووه، فەقەت مع التأسف له دیوان و تەئلیفات و ئەشعاری ئەم زاتانه بێ خەبەرین**" (K.X.K, 2013, 22).

له گۆڤاری (هەتاوی کورد/ ١٩١٣)، م. خ/ مۆدانی خەلیل، کەوا (خەلیل خەیاڵییه) و دواتر زانراوه کەوا دیوانێکی دەستخەتی حاجی قادری کۆیی له لا هەبووه، که حاجی خۆی پێشکەشی کردووه (مالمیسانژ، ٢٠٠٧، ٥١). دەستدەکاتەوه به بڵاوکردنەوەی غەزەل و قەسیدەکانی حاجی، گۆڤارەکه دەستپێکی قەسیدەی (شاسواری بەلاغەتی کوردان، ژ/٢، ل٢٢) بەم جۆره حاجی و قەسیدەکه پێشکەش به خوێنەران دەکات :"**شاعیری گەورەی کوردان حاجی قادری کۆیی ناوی هەموو شاعیری کوردانی لەم قەسیدەیەدا دەرج کردووه، ئێمەش به ناوی خودا سوێند ئەخۆین که ئاساری ئەم زاتانه به هەر کەسێکەوه هەیه بینێرت بۆمان تاوەکو گردی بکەینەوه، هەموو کوردێکیش لێی ئیستیفاده دەکات و کوردیش بەم سایەوه شیعری شاعیری خۆی بناسێت". تەنانەت ئەم چەند ژمارەی گۆڤارەکه که تا ئەمڕۆ له بەردەستدان بەشی هەره زۆری بابەتەکانیان له شیعر و هۆنراوەی شاعیرانی کورد پێک هاتووه له وێنەی شیعری (حاجی، مەحوی،**

**جزیری، زێوەر، نالی، میهری، حاجی سیورکی، فؤادی تەمۆ، هەمزە مۆکسی، محمد زکی، فکری نجدت... تاد).**

لە گۆڤاری (بانگی کورد/ ١٩١٤) بۆ یەکەم جار ئەدەبی منداڵانی کورد لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا پەیدادەبێت و سروودی (بۆ شاگردانی مەکتەب)ی (زێوەر) لە ژمارە (٤)ی گۆڤارەکەدا بڵاودەبێتەوە. بەمە بناغەیەک بۆ شیعری فێرکردن و پەروەردە لە ئەدەبی کوردیش دادەمەزرێ (ڕەسوڵ، ١٩٧٨، ٤١).

لە ژمارە (٦)ی دەورەی سێیەمی ڕۆژنامەی (کوردستان/ ١٩١٨) وتارێکی (ملا کرمانج، أ. کامل) بڵاوبۆتەوە، لە بەرپەرچی ئەو قسە و پروپاگەندانەدا کە گوایە زمانی کوردی زمانی فێرکردن و ئەدەبیات نییە "**ئەها ئەوروپا دبێژن کو زمانی کوردا زمانی ئەدەبیات نیە**"، ئەمجا لە ژمارە (٧)دا و لە وەڵامی ئەم نامەیەدا (میر ئەحمەد ئازیزی) لە ڕێگەی شیعری خانییەوە بەرپەرچی ئەم بۆچوونە بێ بنەمایەی داوەتەوە. لە ژمارەکانی گۆڤاری (ژین/ ١٩١٨ – ١٩٢٠)دا لەپاڵ بایەخدان بە شیعری کلاسیکی و شاعیرانی، لە وێنەی (نالی، خانی، سیاپۆش، جزیری، شێخ ڕەزا، سالم. کۆمەڵێک بەرهەمی (قازی زادە مستەفا شەوقی) لە شیعر و لە پەخشان بڵاوکراوەتەوە کە لە پەیڕەوی لە قوتابخانەی شیعری ڕۆمانتیکی ئەوروپایی کراوە. هەروەها کۆمەڵێک شیعری نوێ و ڕیالیزمی (ع. ڕەحمی) بەرچاو دەکەوێت، بۆ یەکەم جاریش (پەخشانە شیعری کوردی) لە بەرهەمەکانی (ع. ڕەحمی)دا دەبینرێت، لەپاڵ (پەخشانی هونەری) لە بەرهەمی (ع. ڕەحمی) و (مستەفا شەوقی)دا.

لەپاڵ وەرگێڕانی شاکارە شیعرییە کلاسیکەکانی کوردی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور/ نالی) و گلکۆی تازە لەیل/ کۆماسی) بۆ سەر زمانی تورکی لە لایەن پیرەمێردەوە. ئەمجا چیرۆکە شیعریش هەر لەم گۆڤارەدا دەبینرێت. ئەمجا شیعری کوردی بە دیالێکتی باشووری لە نموونەی (لاهوتی کرماشانی)، هەر لەسەر

لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا، لەپاڵ پیەسی کوردی (مەمی ئالان) بەرچاودەکەوێت.

کاتێک دێینە سەر ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی/ بەغدا ١٩١٨) قۆناغێکی تازە و تا ڕادەیەک پێشکەوتوو لە ڕەخنەسازی ئەدەبی کوردی دەبینین، رەنگە ئەم داهێنانە تازەیەش لە پایەی قەڵەمی بە بڕشتی بلیمەتێکی کوردی وەک (شوکری فەزلی) بێت، کە نووسەر و دەرهێنەرێکی سەرەکی ڕۆژنامەکە بووە. لە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بە تایبەت (ژمارە ١٥ تاوەکو ٣٣) هۆ و مناسەبەتی گوتنی زۆر لە شاکارەکانی شیعری کلاسیکیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە تایبەت شیعرەکانی (نالی، سالم). بۆ نموونە، لە (ژمارە (١٧)دا هاتووە و دەڵێ: **"نالی لە پاش مردن خیتاب بە ئەمیرێکی بابان دەکا"، هەروەها لە ژمارە (١٨)دا هاتووە :"نالی شاعیر مەدحی عەسکەری خاسسەی ئومەرای بابان دەکا..."**. یاخود هەر لە ژمارە (١٨)دا هاتووە :**"مستەفا بەگ شاعیرێکی بەلیغی کوردە، مەدحی ئەمیرزادەیەک دەکات، یان لە ژمارە (١٩)دا هاتووە:"حەریق شاعیرێکی نوکتەسنجی کوردە، شیعری تەڕ و خۆشە"**.

لە ژمارە (٢٠)دا لە دژی ئەو ئیدیعایەی کە دەڵێ کورد ئەدەبیاتیان نییە، هاتووە:" **علمای ئەوروپا، حەتتا موحەریرانی تورک دەیان وت کە ئەکراد ئەدەبیاتیان نیە، ئەمما ئێمە لەو ڕۆژنامە کوردیانە کە لەمەو پێش نەشر کرا ئیسپاتمان کرد، کورد ئەدەبیاتێکی نازک و رەنگین و شیرنیان و خسوسەن لە شیعردا دەستێکیان هەیە. ئەوەی واقیفی حالی کوردستان بێ دەزانێ کە زمانی کوردی چەند شێوەیەکی جوێ جوێی هەیە، ئەمما وەکو عەرەبێکی بەغداد چۆن زمانی هەموو عەرەبەکانی تر دەزانێ، سلیمانیەکیش هەموو زمانی کوردەکانی تر تێدەگا. لە هەموو شێوەکاندا شیعری تەڕ و خۆش بینراوە"**. ئەمجا نووسەر دێتە سەر

شێوە و دیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆ هەر یەکێکیش لە شێوەی (سنە، زەنگەنە، سلیمانی، لوڕی) نموونەی شیعری هێناوەتەوە.

هەر لەم وتارە ڕەخنەسازییەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا نووسەری ئەم وتارە زۆر بە وردی و بە شێوازێکی ڕەخنەگرانەی پوخت و زانستی بە پێی پرۆگرام و میتۆدێکی گونجاو هەڵسەنگاندنی بۆ زمان و وێنە و ناوەرۆکی شیعری کوردی دەکات.

بێگومان یەکەمین هەڵسەنگاندنی ڕەخنەسازانەی پوخت و زانستی ئەوەیە کە لە دوو ژمارەی (٢١، ٢٢)ی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ شیعر و داهێنانی شاعیرێکی کوردا کرابێت، ئەویش (مستەفا بەگی کوردی/ ١٨٠٠ – ١٨٤٩)یە. نووسەر لە سەرەتای وتارەکەیدا، دەڵێ :"**مستەفا بەگ یەکێکە لە شاعیرانی کورد، خەلقی سلێمانییە، لەقەبی کوردیە و بەعزەن هیجریە، لەقەبی ئەوەلی دەلالەت لە قەومیەت پەروەری دەکات، شعرەکانی زۆر مەحزونانەیە، هەر بەیتێکی سەرچاوەیەکی عیشقە، مەشرەبی وەکو (فزوولی) وایە، ئەوەی ئاسار ئەو بخوێنێ دەبێ هەر بگریە و پێکەنینی لە فکر دەچێتەوە...**".

ئەمجا نووسەر چەند نموونەی جیا لە شیعری کوردیدا دەهێنێتەوە، لێکدانەوە و نرخاندنێکی ڕەخنەگرانەی زانستیش بۆ هەر نموونەیەک دەخاتەڕوو. بۆ نموونە دەڵێت :"**ئەم شاعیرە کوردە ئاگر لە ئەهل موحیبەت بەرئەدا چونکە بە وەسف ئەلحال قسە ئەکات، تەماشاکەن:**

**دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ**
**سەرم گێژە و تەنم بێ تینە بێ تۆ**
**زمستان مەیل ئەکەی پایزە براکەم**
**بەهاری وەسڵی من هاوینە بێ تۆ**
**ئەوا من بووم بە شای جوملەیی عالەم**
**توخوا سا کاکە گیان کەی ژینە بێ تۆ**

**پێی ناوێ ئەوەی زەوق ئاشنای زمانی کوردی بێ بتوانێ وەقایعی ئەدەبیات تێ بگات، دەزانێ کە ئەم سێ بەیتە بۆ ئەمەی کە شاعیرێک بگەیەنێتە ئاسمانی سەهلی مومتەنیع کافیە. چونکێ لەتافەتی زمانی کوردی بە خوێندنی ئەمانە قسمێکی ئەمەندە چاکی دەردەکەوێ کە ئینسان سەرمەست و حەیران دەکات، هەتا ئەتوانین بڵێین مەزییەتی زمانی کوردی تەواو پێ دەردەکەوێ. کورد شاعیری ماهیریان زۆرە، یەکە یەکە (دەیانناسین!) و ئاساریان نیشان ئەدەین، لەگەڵ ئەمە ئیعتیراف دەکەین کە ئەم شاعیرە لە هەموویان زیاتر کوردانە و مەحزوونانە شیعر ئەڵێ وە حەقیقەت لە شاعیرە گەورەکانی کورد مەعدوودە..."**.

لە ژمارەی دواتری ڕۆژنامەکەدا ئەم بابەتەی نووسەر لەبارەی (کوردی)ییەوە بە هەمان پێوەر و پێودانێکی ڕەخنەکاری پتەو و زانستانە درێژەی پێدراوە، لێرەدا ئەمە ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە دەبێ چاوێک بەو بیروڕایانەدا بخشێنینەوە کە سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ (شێخ نووری شێخ ساڵح) و ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا دەگێڕێتەوە (لیژنە، ٢٠٠٩، ١٥٣). هەر لەو ڕۆژنامەیەدا و لە ژمارە (٢٣)دا سەبارەت بە (حاجی قادری کۆیی) هاتووە :"**حاجی قادر لە شاعیرە موجەدیدەکانی کوردە، خەلقی کۆیەیە، شیعرەکانی تەڕو خۆشە، رەندانەیە، زۆرترین شیعری ئیجتیماعیە، لێرەدا غەزەلێکی موهیمی تاریخی و ئیجتیماعی دەنووسین...**".

دواتریش لە ژمارە (٢٤)دا دیسان سەبارەت بە حاجی هاتووە: "**شاعیرێکی بێ نەزیری کوردە، شیعرەکانی زۆر موتەجەدیدانەیە و بەخۆی غایەت میللەت پەروەرە. وەکو شاعیرەکانی تر لە زولف و خاڵ خۆی خەریک نەکردووە، هەر لەگەڵ ئیجتیماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری رابواردووە**".

لێرە بەدواوە دوو پارچە شیعری حاجی (١١ ، ٥) بەیتی بە نموونە هێندراوەتەوە، لە پاشان نووسەر دێتەوە سەر باسەکەی و دەڵێ :"**ئەگەر کوردێکی عاقل بە دیقەت تەماشای ئەم دوو مەنزوومەیەی حاجی قادر بکا، هیچ وەقتێک لە یاریەدانی قەومی خۆی پاش ناکەوێ، ئەگەر کوردان هیمەتیان بکردایە تا ئەمڕۆ هەم تەوسیقێکی چاک هەم خەتێکی چاکیان دەبوو، تاریخیان و ئەحواڵی مەشاهیریان بە زمانی کوردی دەنووسرا، ئەمەلمان هەیە کە جەوانی ئازاد وە قەوم پەروەری کورد لە موستەقبەلێکی نزیکدا بۆ بڵندی قەومی خۆیان سەعی بکەن، چونکێ قەومێک کە تاریخ و ئەدەبیاتی تەدوین نەکرابێ قیمەتێکی ئیجتیماعی و سیاسی نابێ، ئەم مەسئەلانەش هەر ئەحراری قەوم دەتوانن سەعی بۆ بکەن، ئەوی دەماغی بە جەری مەنفەعەت و بە خدمەتکاری ئەم و ئەو ڕاهاتبێ و حەیاتی خۆی لە ژوور حەیاتی قەومی خۆی ڕاگرتبێ، ئەم نەوعیەتیشە کارە عالی جەنابانەی لە دەست نایێ، حاجی قادری کورد بۆ ئیتیفاق دەعوەت دەکا لە هەموو شتێکدا تەئسیساتی ئیجتیماعیە لازمە، ئەویش تاریخ و ئەدەبیاتە، سیاسەت لە پاش ئەمانە دەست پێدەکات**".

ئەمە نموونەی نرخاندنێکی ڕەخنەکارانەی زانستانەیە هەم بۆ خودی شاعیر و هەم بۆ بەرهەمی شیعری کەسێکی وەکو حاجی قادری کۆیی کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە پێغەمبەری بیری نیشتمانی ناسراوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا. ئەمجا هەر لەسەر ئەم پێڕەوە، لە ژمارە (٢٥)ی ڕۆژنامەکە و لە گۆشەی (ئەدەبیاتی کوردی)، درێژە بە هەڵسەنگاندنی پلە و پایەی حاجی و شیعرەکانی دراوە. لێرەدا هاتووە : "**لەمەو پێش چەند مەنزوومەیەکی حاجی قادری کۆیە، کە لە ئەفازیلی موتەئەخرینی شوعرای کوردە نەشر کرا. لە لامان موحەققەقە کە ئەم سیمایەی مەرحوم، جەوانانی ئەدەب شناسی کوردی هێناوەتە شەوق. چونکێ ئەم شاعیرە جەلایێکی تری بە ئەدەبیاتی کوردی داوە،**

**شیعرەکانی لە شیعری قودەما فەرقی زۆرە، هەر بەیتێکی عیبارەتێکی ئیجتیماعیات و ئیسلاحە".**

ئەمجا دوای ئەوەی مەنزوومەیەکی (١٤) بەیتی لە قەسیدەی (سلام الله منی کل یوم)ی حاجی دێنێتەوە، نووسەر دەگەڕێتەوە سەر بابەت و نرخاندنەکانی و دەڵێ:"**سەیری کەن ئەم شاعیرە عالیمانە بە چل پەنجا سال لەمەوپێش بە حیسسیاتی ئیجتیماعیە موتەحەسیس بووە و لە عالەمی شیعردا بەسەر هەموو شاعیرەکان فائیق بووە، چونکە لە حەیاتی نەزمدا ئینقیلابێکی گەورەی ئیحراز کردووە و ئەوی تەماشای ئەم مەنزوومە بکا بێ ئیختیار مەغلووبی حیسسیاتی قەومییە و وەتەنییە دەبێ. ئەگەر حەقیقەت مولاحەزە بکرێ دەبینرێ کە شوعەرای کورد بەعزێکیان لەگەڵ تورک و عەرەب و فورسەکان، بەلکو لە پێش ئەوان سالیکی تەرزی تازەی شیعر بوون و، شیعریان تێکەڵاوی ئەحوالی ئیجتیماعیە کردووە. چونکە شاعیرەکانی پێشووی کورد وەکو شاعیرانی کۆنی ئەقوامی سائرە هەر بەحسیان لە مەی و مەحبووب...**". لێرەدا باسەکە دەپچڕێت. ئەمجا ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٣٢)یدا دیسان دەگەڕێتەوە سەر بەرهەمی حاجی و قەسیدەیەکی لێ بڵاودەکاتەوە کە لە پێشکەشکردنی شیعرەکەدا هاتووە :"**ئەوی تەماشای ئەم قەسیدەیە بکا حەقیقەتەن حەیرانی زەکای ئەو داهیەی کورد دەبێ، هیچ شوبهە نییە کە حاجی قادر یەکە عالیمی ئیجتیماعی کوردە**".

دواتر هەر لە (گۆشەی ئەدەبیاتی کوردی) ئەم ژمارەیەدا، دوو پارچە غەزەلی (غەریق) و (مەشوی یاخو مەحوی) بڵاوکراونەتەوە. هەر پارچەیەک بە چەند دێڕێک پێشکەش کراون، کەوا بەم جۆرەن: لە باسی یەکەمدا هاتووە :"**غەریق یەکێکە لە شوعەرای موتەئەخیرینی کورد، هەرچەند شعری زۆر نەزم نەکردووە، ئەمما تەبیعەتێکی نازکی هەیە، ئەو چەند بەیتە کە هێناویەتە قەڵەم، لەناو کورداندا زۆر مەشهوورە،**

**حەتتا بەستە بێژەکان دائیمەن بە گۆرانی دەیڵێن، ئەم غەزەلە لە چاکترین ئەبیاتی ئەوە**". غەزەلەکە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

**لەسەر سەفحەی لەتیفی رووت جەوابێکە لە هەر لایێ**

**شکستەی خەتتی دوو ئەبرۆت، خەمی زولفی چلیپایێ**

لە باسی (مەحوی)یشدا هاتووە :"**شاعیرێکی گەورەی کوردە، هەتا چەند ساڵ لەمەوپێش لە حاڵی حەیاتدابوو. رەونەقێکی تەواوی بە شیعری کوردی دا. لە (ئەلف) تا (ی) دیوانێکی تەنزیم کردووە، لە شیعریدا دائیمەن لوغەتی کوردی لە لوغاتی تر تەجرید دەکا. غایەت نوکتە پەروەرە، ئەم چەند بەیتە هینی ئەوە**".

دێری یەکەمی غەزەلەکەی (مەحوی)ی ئەمەیە:

**ئەرێ دل بێ شەرابی لەعلی گوڵڕەنگت لە گـــوڵ چیبکا**

**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لە چڵ چیبکا**

گۆڤاری (کوردستان / ئەستەمبۆل / ١٩١٩)، "بایەخێکی تایبەتی بە بە بابەتی زمانەوانی و ڕێنووس و زمانی ستاندەردی کوردی داوە، هەروەها زیاتر پابەندی بڵاوکردنەوەی شیعری کلاسیک بووە، لە کاتێکدا گۆڤاری (ژین / ١٩١٨ -١٩١٩) بایەخێکی فراوان و تایبەتی و قووڵی بە (داهێنانی تازە) و ئەدەبیاتی نوێ داوە"(پیربال، ٢٠٠٥، ٧).

لەم گۆڤارەدا زۆر بایەخ بە ناساندنی شاعیران و وەرگێڕانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بۆ زمانی بێگانە و بە تایبەتیش (زمانی تورکی) دراوە، لە ژمارە (١)دا پارچە غەزەلێک بە ناوی (کوردی) بڵاوکراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا هی (سالم)ە و نەک (کوردی)، ئەمجا دوای ئەوە پەسن و پیاهەلدانێکی زۆر بۆ شاعیر کراوە..."**بوذات کردستان امرا سندن، کورد ملتنیک متنور، متفکر، غیور، ملیت پرور و داهی بیر ادیب محترم و امیر مکرمیدر....** "

هەر لەم ژمارەیەدا غەزەلێکی جزیری (شربتا لام و بیان) بڵاوکراوەتەوە و دێڕبەدێڕ بە تورکی راڤە کراوە.

ئەمجا ئەم وەرگێڕانە بۆ زمانی تورکی و راڤەکردنی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیک لە وێنەی (کوردی، جزیری، نالی، شەوقی) تا ژمارە (١٩)ی درێژەی هەیە. بۆیە دەگوترێت :"لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد/ ١٩١٣)، بۆ یەکەم جار وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە زمانی بێگانەوە لە ژمارەکانی (٢، ٣)دا هەیە، بەڵام لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی بێگانە یەکەم جار لەم گۆڤارەدا بە شێوەی فراوان بەدی دەکرێت، بە تایبەتیش شیعری کلاسیکی کوردی کە ڕووبەرێکی باشی لاپەرەکانی گۆڤاری کوردستانی داگیرکردووە".

بەم شێوەیە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا چۆن دەگوترێت (الشعر دیوان العرب)، واتە هەموو کلتووری عەرەب لە شیعری عەرەبیدا بەدیدەکرێت، بە هەمان ئەندازەش (ڕۆژنامەنووسیی ماڵی کوردە) و هەموو زانست و مەعریفەی کوردیمان بۆ دەخاتەڕوو، بە تایبەتیش زانستە ئەدەبییەکان. هەر بەو هۆیەشەوە "ئەگەر ڕۆژنامە و گۆڤار لە ئەدەبی میللەتانی تر لە ڕووی سەرچاوەی ئەکادیمییەوە بە پلەی دووەم بێت، ئەوا بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی بە پلەی یەکەم دێت، لەبەر کەمی کتێب و کەناڵەکانی دی ڕۆشنبیری" (حوسێن، ٢٠٠٨، ٣٤١). بە واتا ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە دەورەی یەکەم سەرەتاکانییەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم (١٨٩٨ – ١٩٢٠) سەرچاوەی دەستی یەکەمە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و سەرهەڵدان و پێشکەوتنی جۆر و هونەرەکانی ئەدەب و لەوانەش مێژوو و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

**ئەنجامەکان:**

١. لە سەرەتادا ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی دێت، کەوا داهێنان و هونەرە، دوای ئەوە ڤەکۆلین و توێژینەوەی ئەدەبی دێت، کە ئەمەیان زانستە، بە واتای زانستی ئەدەبی یاخود (ئەدەبیاتناسی)یە.

٢. ئەدەبیاتناسی لە سێ لق و سێ لایەنی بنەرەتی پێکهاتووە: تیۆری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەب، مێژووی ئەدەب.

٣. وەکو لە درێژەی باسەکەدا دەردەکەوێت، بۆ دەستپێک و سەرەتاکانی ڕەخنەسازی لە ئەدەبی کوردیدا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

٤. سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە دەورەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسیی کوردی (١٨٩٨ – ١٩٢٠)دا، دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی لە بەراییدا بە شێوەیەکی ساکار و سەرەتایی بووە، بەڵام وردە وردە بەرەو کامڵبوون هەنگاوی ناوە تا گەیشتۆتە پایەی کاری ڕەخنەسازی پوخت و زانستی.

٥. ئەم دەورەیە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بە سەرچاوەی ئەدەب و کاری ڕەخنەسازی لە ئەدەبی کوردیدا دادەنرێت.

* مەبەست وتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، وتار بە زمانەکاتی تر (تورکی، عەرەبی، فارسی ...) لە دەرەوەی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

## ژێدەرەکان


- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٣، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، ک٢، ب١، الدار العربيه للعلوم ناشرون، بيروت، لبنان.
- بەسیر، پرۆفیسۆر کامل حەسەن، ١٩٩٠، ویژەی کوردی و ڕەخنەسازی، بەغدا.
- بیمار، عەبدالرزاق، ١٩٩٨، پەخشانی کوردی، دەزگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.
- پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٥، گۆڤاری کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- حوسێن، د. هیمداد، ٢٠٠٨، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بنکەی ژین، سلێمانی.
- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ جزیری، چ٢، سپیرێز، دهۆک.
- دیچیز، دیوید، ١٣٧٩، شیوەهای نقد ادبي، ترجمە: محمد تقی صدقیانی، تهران.
- ڕەسوڵ، د. عیزەدین مستەفا، ١٩٧٨، بەختیار زێوەر – ژیان و بەرهەمی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، ژ(٢٢).
- زەنگەنە، عەبدوڵا، ٢٠٠٣، رابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گ. ڕۆژنامەڤانی، ژ(١١ – ١٢).
- ..............، ٢٠٠٥، ڕۆژی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی.
- شانوف، حسين علي، ١٩٧٥، گۆران، شعر الشاعر الكوردي المعاصر، ت: شوكور مصطفى، مديرية الثقافة العامة، بغداد.
- فؤاد، د. کەمال، ٢٠٠٦، کوردستان – یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، چ٣، تاران.
- الروس، مجموعة من الكتاب، ٢٠١٠، المدخل الى علم الأدب، ت: د. أحمد علي الهمداني، دار المسيرة، الاردن.
- KOMA XABATÊN KURDOLOJIYÊ , ROJÎ KURD – 1913 , 2013, WEŞANÊN ENISTÎTUYA KURDÎ YA STENBOLÊ.
- لیژنە، زمان و ئەدەبی کوردی، ٢٠٠٩، بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی، چ٤، هەولێر.
- الماضي، د. شكري عزيز، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، و: د. سەردار گەردی، چ١، هەولێر.
- مالمیسانژ، ٢٠٠٧، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، لە تورکییەوە وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی، سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.

## ملخص البحث

# دور الصحافة الكردية (١٨٩٨–١٩٢٠) في نشر وانبثاق الفنون الادبية الكردية والنقد الادبي

النتاج الادبي هو حاصل عملية خلق وابداع فنى، اما الدراسة الادبية فهي بمثابة علم للادب وتاتي لاحقا. النقد الادبي هو احد فروع علم الادب الذي يشكل احد اضلاع المثلث الى جانب الضلعين الاخرين وهما النظرية الادبية وتاريخ الادب.




يقوم النقد الادبي بدراسة وتحليل النتاجات الادبية وتقييمها من الناحية الفكرية والادبية والفنية. وبسبب تأخر ظهور الكتب والمطابع ودور النشر باللغة الكردية قامت الصحافة الكردية ومنذ انبثاقها في بداية القرن العشرين بهذا الدور الفعال واخذت على عاتقها مهمة نشر نتاجات الادب الكردي التي كان الشعر يشكل قسمها الاعظم، وكذلك ساهت الصحافة الكردية في بداياتها، خاصة الفترة ما بين ظهوراول صحيفة باللغة الكردية في عام ١٨٩٨ الى نهايات الحرب العالمية الاولى ١٩٢٠ ، في ظهور وانبثاق الفنون الادبية الحديثة في اللغة الكردية سواء كانت نثرية (كالمقالة والقصة الفنية والنصوص المسرحية) او انواعا شعرية (كالملحمة والقصة الشعرية وقصيدة النثر). وكذلك ظهرت اولى محاولات الدراسة النقدية وتطورت لاحقا الى عمل نقدي فني متكامل بحسب الخطط والمناهج لتصبح نظرية نقدية علمية متكاملة.

تبحث هذه الدراسة في دور الصحافة الكردية في الفترة مابين (١٨٩٨–١٩٢٠) في نشر وانبثاق النتاجات الادبية النثرية والشعرية الكردية، وكذلك تتبع خطى انبثاق وتطور العلمية النقدية في الادب الكردي في تلك الفترة الزمنية حصرا.

# Abstract

## The role of the Kurdish Press (1898-1920) in the deployment and Emergence of the Kurdish Literary Arts and Literary Criticism

Literary output is the sum of the process of artistic creativity. Literary study is as science to literature which forms one side of the triangle, along with two other sides of the literary theory and the history of literature.




Literary criticism studies and analyzes literary outcomes and evaluates them from intellectual, literary and artistic points of view. Due to the delay in the appearance of books and printing presses and publishing houses in the Kurdish language, the Kurdish press since its inception at the beginning of the twentieth century has played an active role and has undertaken the task of spreading the products of Kurdish literature where poetry formed the greatest part. Also, the Kurdish press has contributed from its early beginning, especially the period between the emergence of the first newspaper in Kurdish in 1898 to the ends of the first World war in 1920 and the emergence of modern literary arts in the Kurdish language, whether prose (Essay, Artistic story, and theatrical texts) or poetic types (Epic, poetic story and prose poem). Moreover, the first attempts to study literary criticism emerged and later evolved into an integrated technical literary work according to the plans and curricula to become an integrated cash scientific criticism theory.

This study examines the role of the Kurdish press, between the period (1898-1920) in the deployment and the emergence of Kurdish literary prose and poetry, as well as tracing the footsteps of the emergence and development of the critical process in the Kurdish literature in that time period exclusively.

# ئەدگارەکانی تەکنیکی هونەری
# لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا*

**پێشەکی:**

تەکنیکی شیعری لە بنەڕەتدا خۆی لە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی هونەری دەنوێنێت کەوا تانوپۆی دەقی شیعری پێکدەهێنێت و شێوەی کۆتایی و یەکانگیری پێدەبەخشێت.

ئەم هونەر و ڕێوشوێنە ئەدەبییانە بە گوێرەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان، لەگەڵ ڕەوتی زەمانە، تا هاتووە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە تا ئەوەی لە شیعری هاوچەرخ و نوێخوازیدا فۆرم و مۆرکی کۆتاییان وەرگرتووە.

ئەم باسە لە دوو توێی دوو تەوەرە و چەند برگە و بابەتدا دەپەرژێتە سەر ئەم هونەرانە لە شیعری کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی و لە کۆمەڵی شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا بە شێوەیەکی تایبەتی.

پوختە و تایتڵی هونەرەکانی تەکنیکی شیعری کە لە شیعرە کوردییەکانی مەلەکشادا ڕوناکییان خراوەتە سەر بریتیین لەمانەی خوارەوە:

- چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەفسانە و تەوزیفکردنی لە شیعردا.
- سوود وەرگرتن لە شێوازی چیرۆک و گێرانەوە لە شیعردا.
- بەکارهێنانی هونەرکانی دەمامک و دیالۆگ.
- سوودوەرگرتن لە ڕەمز و هێما جیاوازەکان.
- بەکاربردنی داستان و کەسایەتی قارەمانە میلیی و مێژووییەکان.
- بایەخدان بە وێنەی شیعری و زمان.

ئەمانە هەمووی بابەتگەلێکن کە لە ڕێگەی نموونەی شیعرییەوە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## تەوەری یەکەم
## لەبارەی تەکنیک و تەکنیکی شیعرییەوە

### ١.چەمک و زاراوە و پێناسە:

واتای فەرهەنگی وشەی (Technic) یاخود (Technique) بریتییە لە ڕێگا و چۆنییەتی کارکردن (قەرەداغی، ٢٠١٢، ١٠٥٠)

دیارە تەکنیک وەکو زاراوە دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان پەیوەستە بە بواری زانست و تەکنۆلۆژیاوە، دووەمیان وەکو ئاوەڵواتایەکی هونەری لە بواری سەنعەت و هونەرە ئەدەبییەکانەوە، یا ئەوەتا وەکو دەگوترێت :"هونەرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکانەوە" بەکاردێت (سەجادی، ٢٠٠٢، ٤٠). لە ئێستادا ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی گشتگیر یەکێتی ئۆرگانیزمی هەموو هونەرەکانی هەردوو ڕەگەزە سەرەکییەکەی ئەدەب، واتە ڕوخسار و ناوەرۆک لەخۆدەگرێت.

دیارە بە پێی مێژووی قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکان تێگە و چەمکی تەکنیکی شیعرییش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە ڕەخنەی کلاسیکییدا زیاتر جەخت لەسەر لایەنی ڕوخسار کراوەتەوە و وەکو شتێکی پیرۆز و فەرمی سەیرکراوە، بۆیە فەیلەسووفێکی کلاسیکیی وەکو (کانت) گوتوویەتی؛ پێویست ناکات بایەخ بە هیچ شتێک بدەین تەنها ڕوخسار نەبێت، هەروەها نادروستە کە بەدوای ڕاستی شتەکاندا بگەڕێین ( کریم، ١٩٩٥، ٩٣).

لە دواییدا ڕۆمانسیزم شۆڕشێکی لە بەرابەر چەمک و بۆچوونەکۆنەکانی کلاسیک بەرپا کردووە و ئەوەی کەوا گرینگیی پێداوە، بە تایبەتیش لە بواری شیعردا، ئەوا یەکێتی ئۆرگانیکیی و ڕێکخستنی هەست و سۆزەکان بووە (جیدة، ١٩٨٠، ١٧٩)

لە قۆناغی ڕیالیزمدا، تەکنیک زیاتر خۆی لە سیمای سادە و ئاشکرای دەربڕین و ناوەرۆکدا دەنوێنێت، لە وێنەی ریزکردنی وشەی

ساده و خۆبواردن له ڕیتمی شیعری، چونکه مەبەست تەنها گەیاندنی پەیامێک بووه بێ گوێدانه لایەنی ستاتیکیی (خالد، ٢٠٠٤، ٣٤).

لەگەڵ بەردەوامیی و پێشکەوتنی ژیان، هزر و بیرەکان له بواره جۆراوجۆرەکاندا گۆڕاون و دروشم و ڕێباز و ئاراستەی تازه و نوێ له مەیدانی شیعر و ئەدەبدا سەریان هەڵداوه، که ئەمەش تێگه و پێناسەی تازه و نوێی بۆ تەکنیک داهێناوه به پێی گرینگیی و پێداگرتن لەسەر هەر کام له لایەنەکانی فۆرم و ناوەرۆکدا.

له کۆتاییدا یەکێتی فۆرم و ناوەرۆک بەسەر تەکنیکی هونەری شیعردا زاڵدەبێت داهێنانی شیعری بەم دوو لایەنەوه گرێ دەدرێتەوە، وەکو دەگوترێت :"شێوه – ڕوخسار هەرگیز له ناوەرۆک جیا ناکرێتەوە، چونکه شێوه بریتییه له بەکاربردنی ناوەرۆکێک بۆ بەدیهاتنی ئامانجێکی دیاریکراو" (رشدي، ١٩٨٠، ١٥)

### ٢. مەسەلەی تەکنیک و شیعری نوێ

له دوای جەنگی جیهانیی دووەم و گۆڕانکاریی بنەڕەتیی له بواره جیاوازەکاندا، هەلومەرجێکی تازه بۆ گۆڕانکاریی تەکنیک له بوارەکانی ئەدەب و هورنەدا هاته پێشەوە. ئەو سیمایەی که شیعری کۆن به درێژایی ڕۆژگار پاراستبووی و بریتیبوو له یەکێتی کێش و سەروای تایبەت به ناوەرۆکگەلێکی  وەکو وەسف و غەزەل و ستایش و پیاهەڵدان ... بەرەو داڕمان ڕۆیشت و ئاراسته و تەکنیکی نوێ شوێنی گرتەوە، چونکێ ئەو تەکنیکه ساده و کۆنەی که هەتا دوێنێ زاڵبوو، له توانایدا نەبوو وەڵامدەرەوەی ئەو بیر و ناوەرۆکه ئاڵۆزەبێت کەوا باڵی بەسەر ژیان و دنیای تازەدا کێشابوو. بەم ڕەنگه هزر و بیر و ناوەرۆکی تازه و نوێ سنوورەکانی شیعری کۆن تێدەپەڕێنێت و تەکنیک و هونەری تازه دێنێته ئاراوه، چونکه وەکو دەگوترێت:"نوێکردنەوه له ئەدەبیاتدا ملکەچی شوێنەوار و ژینگه و ژیانه

و ئەو کودەتایەش کە لە مەیدانی شیعردا بەرپابووە لە ئاکامی دید و جیهانبینی تازەیە بۆ بوون و جیهان" (لنگرودی، ج١، ١٣٧٠، ١٨١).

شیعری نویێ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە چەند ئەدگار و سیمایەکدا وەرگرتووە:

- ئاڵۆزی لە پێکهاتەی فۆرمی دەقی شیعری، لە ئەنجامی دەربازبوون لە یاساکانی شیعری ستوونی و شێوازی ڕاپۆرتئامێز و وێنە و خۆ رزگارکردن لە وشکیی کێش و زنجیری سەروادا.

- زیادەڕۆیی لە دەربڕین و ناوەرۆکسازیی ئاڵۆز لە ڕێگەی گوزارشت لە بیر و بابەتی لێڵ و تەمومژاویی.

- گۆڕانی وێنەی وەسفیی و ئاواز و ڕیتمی سادە و دیاریکراو بۆ وێنەی ڕەمزی و ئاماژەیی لە ڕیتم و ئاوازی ئازاد و هەمەڕەنگدا. (غازی، ٢٠٠٨، ٤٢)

**٣. تەکنیک لە شیعری نوێی کوردیدا**

شیعری کوردی لە ڕەوت و کاروانی نوێگەریی خۆیدا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و داهێنانی لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆک و تەکنیکەوە پێوە دیارە "کەوا شاعیران لە ڕێگەی سەلیقەی خۆیان و کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و تورکی و چەند هۆکارێکی دیکەوە توانیویانە ئەو داهێنانە ئەنجام بدەن" (باڵەکی، ٢٠٠٥، ١٣٧).

دەشێ گۆڕانکارییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێتەوە:

**أ/ لە ڕووی ڕوخسارەوە:**

- گۆڕانکاری لە زمان و شێوازی شیعری.

- هاتنەئارای فۆرم و تەکنیکی تازە لە وێنەی شیعری ئازاد، شیعری سەربەست، پەخشانە شیعر.

- نوێسازیی لە وێنە و ئەندێشەی شیعری.
- گۆڕانکاری لە قاڵب و کێش و سەروادا.
- سوودوەرگرتن لە تۆپۆگرافیای تازە و خاڵبەندی.

**ب/ لە ڕووی ناوەرۆکەوە:**

- زاڵبوونی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.
- پەرەسەندنی گیانی یاخیبوون و چەمکی شۆڕشگێڕی.
- هاتنە ناوەوەی تەکنیکی تازە و نوێ لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان و بەراوردی ئەدەبیی و دەقئاوێزانەوە (حسن لی، ١٣٨٣، ٣٦٣).

## تەورەی دووەم
## ئەدگارەکانی تەکنیکی شیعری
## لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا

### ١.سوود وەرگرتن لە ئەفسانە و بەکارهێنانی لە شیعردا:

ئەفسانە بریتییە لە چیرۆکێکی خەیاڵئامێزی فانتازی دوور لە ڕاستی و واقیع و هێنانەوەی لە سیاقی دەقی شیعری و ئەدەبییدا، زیاتر دەلالەتێکی ڕەمزی و سیمبولیکی هەیە. وەکو دیارە ئەفسانەکان پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان لە تەک تێگەیشتن و بیر و باوەڕی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە هەبووە. لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا ئەفسانە وەکو ڕەگەزێکی هونەری ڕەمزی ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆ گەیاندنی مەبەستێک لە ڕێگای تەلمیح و ئاماژەوە، تا ئەوەی دەگوترێت "التلمیح أبلغ من التصریح".

لە ڕاستیدا شاعیر لێرەدا خۆی لە راشکاوی و راگەیاندنی ڕاستەوخۆ دەبوێرێت و پەنا بۆ ئەم جۆرە ڕەمز و رازە دەبات، تا ئەوەی خوێنەر و وەرگری دەق، دوا بەدوای ئیست و رامانێکی کورت، بیری لەلای واتا و دەلالەتی راستەقینەی چیرۆکەکە دەگیرسێتەوە (یاحقی، ١٣٩١، شش)

ئەم دیاردە هونەرییە لە شیعری هاوچەرخی کوردی و بە تایبەت لە دوای بزووتنەوەی ڕوانگەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە، لەم بوارەدا جەلالی مەلەکشا لە زۆرێک لە دەقە شیعرییەکانیدا پەنای بۆ سوود وەرگرتن لە ئەفسانە جیهانییە ناسراوەکان و تەوزیفکردنیان لە شیعرەکانیدا بردووە. بۆ نموونە ئەگەر ئەفسانە (سیزیف) وەربگرین، لەو بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

**ژیان خاچێکی گرانە**
**من وەک عیسا**
**بەرەو گردی یاخی بوونم**
**کێشی دەکەم**
**یان گاشە بەردی تاوانە**
**من وەک "سیزیف"**
**لە بناری منداڵییەوە**
**هەتا لوتکەی مەرگی دەبەم** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٨٦)

لێرەدا وشەکانی (خاچ، عیسا) وەکو دوو ڕەمز و هێمای جیهانی سەیر دەکرێن کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەین، ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە "سیزیف" و گاشەبەرد"ەکەیەتی کەوا ئەفسانەیەکی جیهانیی ناودارە و لە شیعری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا زۆر ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم ئەفسانەیە چیرۆک و داستانێکی لە پشتەوەیە وەکو ئاماژەیەک بۆ ڕەنجی بێهوودە و نائومێدی و ناکامی ژیانی مرۆڤ. بەڵام وەک دەبینین شاعیر لە یاسای ئیحابەخشی داستانەکە یاخی دەبێت و ئامادەیە هەر لە منداڵییەوە تا مردن لە پێناوی ئامانجێکدا بجەنگێت، هەر بۆیە "مردن" لە لای ئەو دەبێت بە "لوتکە"ی ژیان و ڕەمزی خۆبەختکردن و قوربانیی.

شاعیر هەر لەسەر هەمان ڕێڕەو و بە پێڕەویی لە هەمان لۆجیک، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

**هەتا لوتکە چەندی ماوە؟**
**مەهێڵن مە ...**
**ئەمجارە کە گەیشتمە لوتکە،**
**بەردی گیانم بەربێتەوە**
**من نامەوێ ئەم زەوینە پڕ تاوانە لە ژێر پێما بخولێتەوە**
**ئاخر مەگەر نازانن من**

**سالگارێکە "گاشەبەرد"ەکەی "سیزیف"م لە کۆڵ ناوە؟**
**هەتا لوتکە چەندی ماوە**
**راستە، من بووم لە ئاگردانەکەی ئێوە**
**ئاورم دزی بۆ مرۆڤ و**
**لە مەشخەلدانی روحی خۆم**
**تیشک و رووناکیم دابەشکرد**
**گوناهم کرد!**
**بۆیە ئێستا لە تاراوگەی هەڵەمووتم!**
**ئاورەکەیان بەردایەوە لە گیانی خۆم**
**تەماشاکەن، چۆن ئەسووتم؟** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ١٤٤)

شاعیر لە درێژەدا، ئاماژەی بۆ ئەفسانەیەکی دیکەش کردووە بێ ئەوەی بە راکشاوی ناوی بەرێت، بەڵکو لە رێڕەوی هۆنراوەوکەدا پەی پێ دەبەین، ئەویش ئەفسانەی "پرۆمیثۆس"ە. پوختەی ئەفسانەکە باس لە "پرۆمیثۆس"ی لایەنگر و خەمخۆری مرۆڤ دەکات، کە دەبینێت لە خاک و گڵ دروستکراوە و لەسەر زەوی وەکوو بوونەوەرێکی دەستەپاچە فڕێدراوە.بۆیە دەچێت تیریژێک لە ئاگر لە ئاسمان دەدزێت و دەیهێنێتە سەر زەوی و بە مرۆڤی دەبەخشێت، تا لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ لە هەموو سەنعەت و هونەرێک بەهرەمەند دەبێت. "زیۆس" لەم کارەی "پرۆمیثۆس" نیگەران دەبێت، بۆیە نەفرەتی لێ دەکات و سزای دەدات بەوەی کە لە ناوچەی قەفقاس بە زنجیر لە چەقەڵە شاخێک شەتەکی دەدات و هەڵۆیەکیش بەردەداتە گیانی تاوەکو ڕۆژانە لە جەرگی بخوات، هەموو شەوێک جگەرەکەی دەڕوێتەوە و ڕۆژی دوتر هەڵۆکە جگەرەکەی دەخوات. "پرۆمیثۆس" ئەم هەموو ئەشکەنجە و ئازارەی لە پێناوی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا چەشتووە، تا ئەو ڕۆژەی "هێرکل"ی کوڕی "زیۆس" بێ ئاگا لە چیرۆک و ماجەرای نێوان

"پرۆمیثۆس" و باوکی به تیرێک هەڵۆکە دەکوژێت و "پرۆمیثۆس" لە کۆت و زنجیر ئازاد دەکات (کریمال، ١٣٩١، ٧٨١)

تەنانەت لە شیعری هاوچەرخی فارسی و بە تایبەتیش لە لای (شاملۆ) ئاماژە بە لایەنێکی ئەم ئەفسانەیە کراوە:

**من پرومتهٔ نامرادم که از جگرخسته**
**کلاغان بی سرنوشت را سفره‌ای گسترده‌ام** (شاملو، ١٣٨٠، ٣٦)

لە شوێنێکی دیکەدا شاعیر بۆ مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی ئەفسانەی (قەقنەس)ی هێناوەتەوە و دەڵێت:

**من قەقنەسم**
**لە ئەفسانە و لە مێژوودا ناوم هەیە**
**گەر بمکوژن هەزاران جار**
**من خۆڵەمێش ئەکەم بە هێلانەی هاوار** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ١٣٧)

خۆڵەمێش ئەو کوانووەیە کە ژیانێکی دووبارە و تازە بە قەقنوس دەبەخشێتەوە، وەکو چۆن لە لەگەڵ ژیانەوەیدا دەیان ئاوازی ژیان بەرز دەبێتەوە. لە شیعری نوێی فارسیشدا بۆ مەرگ و ژینی قەقنوس ناوەرۆکسازیی دڵگیرکراوە. بۆ نموونە "نیما" دەڵێت:

**ققنس، مرغ خوشخوان، آوازهٔ جهان**
**آواره مانده از وزش بادهای سرد**
**بر شاخ خیزران**
**بنشسته است فرد**
**باد شدید می دمد و سوخته است مرغ**
**خاکسترش را اندوخته است مرغ**
**پس جوجه‌هایش از دل خاکسترش به در** (نیما یوشیج، ؟، ٥)

**٢. بەکارهێنانی شێوازی چیرۆک و گێڕانەوە:**

یەکێک لە خەسڵەت و ئەدگارەکانی شیعری نوێ و هاوچەرخدا، سوود وەرگرتنە لە تەکنیکی گێڕانەوە و چیرۆک لە ئاواکردنی بنیات و پەیکەرەی شیعردا وەکو شێوازێک بۆ گوزارشتکردن.

گێڕانەوە یەکێک لە بنەما و ڕەگەزەکانی چیرۆکە، ئەو شێوە و ڕێکخستنەیە کەوا ڕووداوەکانی تیادا پێشکەش دەکرێت (سابیر، ٢٠٠١، ٢١١)

شاعیران هەوڵدەدەن سوود لەم جۆرە هونەرە وەربگرن کە لە هونەری چیرۆکنووسینەوە هەڵهێنجراوە بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی بەپێز و دەوڵەمەند (اطیمش، ١٩٨٢، ٧١)

لە شیعری مەلەکشادا، ئاوڕ لەم جۆرە هونەرە دراوەتەوە. بە نموونە سەربردەی (شەهید)ێکمان لە شێوەی چیرۆکێکی فەنتازیی پێشکەش دەکات:

**کۆتری سپی،**
**نامەی ئاشتی**
**وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئەبرد**
**راوچی هاتن**
**دێوجامەیان بۆ ڕاگرت و**
**دەسرێژیان کرد**
**لە پڕ زەوی چریکاندی**
**ئاسمان لەخەو راچەڵەکا**
**خوێنی کۆتر**
**دڵۆپ**
**دڵۆپ**
**بەسەر هەموو دنیا تکا** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٤٨)

لێرەدا شاعیر بیرۆکەکەی لەسەر شێوەی بنیاتێکی شاقوولیی دارشتووە. واتە لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات (خاڵی دەستپێک) و بەرە بەرە تا دەگاتە (خاڵی کۆتایی)، بەو واتایەی کەوا "توخمێکی گێڕانەوەیی" ئاوێتەی بنیاتی شیعرەکە بووە. (مەلا، ٢٩٩٤، ٦)

لە نموونەیەکی دیکەدا بنەمای چیرۆک و گێڕانەوە، هەم لە ناونیشان و هەم دەستپێکی دەقەکەدا روون و ئاشکرایە. ناونیشانی دەقەکە "داستانی دارە پیرەیە"، واتە شاعیر هەر زوو رایدەگەیەنێت کە تێکستەکەی چیرۆک و داستانی پیرەدارێکە. سەرەتاکەشی دەستەواژە و قاڵبە ئیدەمێکی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردییە:"هەبوو نەبوو...."!

**هەبوو نەبوو ... ساڵانی زوو**
**لەسەر باڵی بەرزی مێژوو**
**پیرەدارێک بەساڵاچوو، راوەستابوو**
**سەری نابووە کۆشی خەیاڵ**
**بیری لە ژین ئەکردەوە**
**....................**
**....................**
**دارە پیرە بەر لە مێژوو**
**لەنێو ئەم خاکە رووابوو..**
**دارەپیرە ریشەی ژینی**
**تا نێو دڵی گابۆر و ماسی کوتابوو!** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ١٢٠)

**٣. بەکارهێنانی دەمامک و دیالۆگ**

دیالۆگ و دەمامک دوو رەگەرزی هونەری سەر بە جیهانی درامان و لە بنیاتی هۆنینەوەی شیعری نوێدا بەکاردەهێنرێن.

له دیالۆگدا جگە لە دەنگی کارەکتەری سەرەکیی کە شاعیر خۆیەتی، پێویست بە بوونی دەنگ و کارەکتەری دیکەش دەکات، بیرۆکەکانیش لە ڕێی پرسیار و وەڵام و گفتوگۆی نێوان دەنگەکان دروست دەبێت و شاعیر سوود لەو دیالۆگە وەردەگرێت کە لەنێوان کەسەکاندا بەرپادەبێت (أطیمش، ١٩٨٢، ٧٢).

مەلەکشا بە سوود وەرگرتن لە دیالۆگ و فرەدەنگیی تێکستێکی بە ناونیشانی "کودەتا" هۆنیوەتەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە:

**جادە پشتی چەماندەوە**
**سیگناڵی ئەژدەهای سەفەر**
**ناڵاندی و تەنیاییمی لاواندەوە**
**دەستی هانی خۆشەویستم**
**دەستی گرتم ...**
**وتی: پێمدە یادگاریێ**
**دەستم نایە سەری سنگم**
**- نەمداوە پێت مەگەر گوڵم؟**
**وتی: کوانێ؟**
**وتم: دڵم!**
**وتی: ئەوە دەیان ساڵە**
**وتم: هانێ گیانیش لەگەڵ خۆتا ببە!**
**گیانم بوو بە سێ باڵندەی لانەی ئەوین**
**لەگەڵ دڵدارا هەڵفڕین!** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٨٩)

لە قەسیدەی (دەمامک)دا، شاعیر دەنگ و کەسایەتییەکی دیکە دەخوازێت و خۆی لە پشت ئەو دەنگ و کەسایەتییەوە حەشار دەدات، ئەمجا هەرچی ویست و خواستەکانی هەیە لە ڕێگەی دەنگ و

کەسایەتی ئەو کارەکتەرەوە ڕادەگەیەنێت بێ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکات (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٥٠). لەم بارەیەوە زۆر جار شاعیران پشت بە کەسایەتی و قارەمانەکانی مێژوو دەبەستن و وەکو دەمامکی شیعریی بەکاریدەهێنن.

جەلالی مەلەکشا خۆی لە پشت دەنگ و کەسایەتی (دایک)ەوە حەشار دەدات و لەسەر زمانی ئەوەوە شتەکان دەدرکێنێت:

**... من کە خۆم ناسی**
**وتم: دایە! من کێم و چیم؟**
**خەڵکی کام شار**
**کام مەڵبەندی ڕووی سەر زەوین؟**
**وتی: ڕۆڵە ...**
**تۆ کوردی و دیل و هەژار**
**نیشتمانت کوردستانە**
**بەڵام ناوی نیشتمانت،**
**لەسەر نەخشەی جیهان نییە**
**بێ نیشانە!!** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ١٩٠)

### ٤. ڕەمز و هێما

لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا، ڕەمز و هێما لە وێنەی ئامرازێکی گوزارشتکردنی بنچینەیی و ئیحابەخش سوودی لێ دەبینرێت. ڕەنگە شاعیر چ بە مەبەست بێت یاخود بە هۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی دژوارەوە، پەنا بۆ زمانێکی خوازەیی دەبات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕەمز و هێما و ئاماژەوە، کە خاوەن واتا و دەلالەتی تایبەت و دیارکراوبن.

له شیعری نوێدا ئەم خەسڵەتە دیار و بەرچاوە بە تایبەتیش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، شاعیران لایان لە ڕەمزە جیهانی و جۆراوجۆرەکان کرۆدتەوە و تێکستەکانین پێ موتوربە و دەوڵەمەند کردووە.

لە شیعرە کوردییەکانی مەلەکشادا، ڕەمز پانتاییەکی گەورەی هەیە و زۆر بە بڕشت سوودی لە جۆرەکانی ڕەمز وەرگرتووە، لە وێنەی:

**أ/ ڕەمزی ئایینی:** لە وێنەی (ئادەم، حەوا، سوورەتی یاسین، حەللاج، خدری زیندە، محراب، میعراج،...هتد)

**ب/ ڕەمزی جیهانیی:** لە وێنەی (خاچ، عیسا، پیکاسۆ، گرینیکا، لۆرکا، کاستێللا، هیرۆشیما، هۆلاکۆ، نیرۆن... هتد)

**ج/ ڕەمزی شیعریی:** (گوڵ خەندران، داڵ، قەفەز، پۆلیس، هەڵۆ، کۆتر، ئەبو نەواس...هتد)

**د/ ڕەمزی کوردەواری:** هەلگورد، چیای ئاگری، قەندیل، پیرۆەمەگرون، بەردەقارەمان، پێشەوا، بارزانی، چوارچرا، شاهۆ، خەنجەر، لاوک، حەیران... هتد)

نموونە بۆ ڕەمزی ئایینیی:

**تەنیا و غەریب**
**لە چوارڕییانی گەردوونا راوەستاوم**
**وەکو "باوە ئادەم" تەنیا**
**"بەهەشت"ی خۆم لەبەر "حەوا" فڕێداوە**
**بەڵام "حەوا" ...**
**لە دوا ژوانگەی بە جەننەتی چاوەکانیا**
**سێوی کاڵی دڵی بردم**
**ڕۆیی و ئیتر نەهاتەوە!** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ١٨)

نموونە بۆ سوودوەرگرتن لە ڕەمزی جیهانی:

**ژیان "خاچ"ێکی گرانە**
**من وەک "عیسا"**
**بەرەو گردی یاخی بوونم**
**کێشی دەکەم**
**یان گاشە بەردی تاوانە**
**من وەک سیزیف**
**لە بناری منداڵییەوە**
**هەتا لوتکەی مەرگی دەبەم** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٨٦)

نموونە بۆ ڕەمزی خۆماڵی و کوردەواری:

**هەموو شەوێ**
**لە ئەودیوی دیوارەوە**
**باڵندەیەک دیلی قەفەز**
**تێی دەچریکاند**
**بەستەکانی ڕووداوانی نیشتمان بوون**
**"لاوک" و "حەیران"، "سیاچەمانە"ی ئەکرد بە پرد**
**"هەڵگورد" دەستی "شاهۆ"ی ئەگرت**
**لەگەڵ "قەندیل"**
**بۆ لای "چیای ئاگری" ئەچوون.** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٢٣٢)

٥. هێنانەوەی داستانە میللی و کەسایەتییە قارەمانەکان بە شێوازێکی نوێ و سوودوەرگرتن لێیان بۆ گەیاندنی مەبەستی تایبەتی/ یەکێکی دیکە لەو تەکنیکانەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دووبارە بوونەتەوە. دیاردەی ئاماژەدان بە داستانە کوردییەکانی وەکو "مەم و زین"، "لاس و خەزاڵ" ، "شیرین و فەرهاد"، "برایمۆک"، ... لە شیعری

ڕوانگەییەکاندا و بە تایبەتیش لە شیعری "شێرکۆ بێکەس"دا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٥٧)

هەر ئەم دیاردەیەش لە شیعری مەلەکشادا بایەخێکی زۆری پێدراوە و لە زۆر جێگادا ئاوێزانی بڕگە و لایەنی دەقەکان بوون.

ئەم داستان و کەسایەتییانە بریتیین لە :"خاتوزین و کاکەمەم، شەم و دێوانە، عەنبەر خاتوون، شیرین و فەرهاد، سوارو ، کاوە، لاس و خەزاڵ، ...هتد".

بۆ نموونە لە دەقێکیدا هاتووە:

**ئەسپێکی سپی لەبەر دەرکە حیلاندی**
**هەزاران پەپوولە**
**گەمارۆی سەریان دا**
**"خاتوزین" بەڕێکەن بۆ لای "مەم"!**
**کەنیشکی خوای جوانی**
**باڵندەی رۆحی لەناو رکەی دەروونا**
**بۆ ئاسمان ئەیڕوانی!**
**کەنیشکە ئۆغر بی!** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٧٩)

تراژیدیا و کارەساتەکانی ناو مێژووی کوردیش، لەپاڵ قارەمان و کەسایەتییە نەتەوەییەکان، جارێکی دیکە هاتوونەتە ناو شیعری نوێی کوردی و شاعیران بە نەفەسێکی تازەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوونەتەوە. لێرەدا مەلەکشا وەکو سەمبول و ئوستوورەی مێژووی کورد ناویان دێنێت:

**لە ڕەوتی مێژوودا**
**هێندێ کەس**
**دەبن بە ئوستوورە و**
**سەمبوولی بەرخودان**

**وەکو شێخ و**
**بارزانی و**
**پێشەوا؛**
**هێندێ ناو**
**دەبن بە ڕەمز و ڕاز**
**وەک بەردەقارەمان**
**ئاراز و چوارچرا.** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٢١٩)

**٦. بایەخدان بە وێنەی شیعریی و زمان**

لە شیعری نوێدا وێنە بایەخێکی زۆری هەیە، تەنانەت دەگوترێت ئەگەر شیعر تەنیا پشت بە وەسفی رووت و دوور لە وێنە ببەستێت ئەوە وەکو پەیکەرێکی رەقوتەق و بێ گیان دەبێت. لەم رووەوە کۆلریدج دەڵێت:"شیعری بێ وێنە و میتافۆر هەیکەلێکی بێ گیانە، چونکێ وێنە و میتافۆر بەشێکی زیندووە لەو وزەیەی کەوا گیان بە شیعر دەبەخشێت" (درو، ١٩٦١، ٥٩)

شیعری نوێ و هاوچەرخ لەگەڵ لەدایکبوونیدا وێنە و ڕەوانبێژی تایبەت بە خۆی داهێناوە کە لە وێنەی ڕەوانبێژی کۆن (چواندن و درکە و خوازە) تا ڕادەیەک دابڕاوە و بەدوای وێنەی تازە و هونەریدا دەگەڕێت.

لە شیعرە کوردییەکانی مەلەکشادا، رووبەڕووی وێنەی شیعریی تازە و هونەرمەندانە دەبینەوە کە باڵای دەق و تێکستەکانی داپۆشیوە، بۆ نموونە شاعیر لە تێکستی "شمشاڵ"دا دەڵێت:

**خەم خەنجەرە و**
**ئەوەندە دڵ**
**کەوتۆتە بەر پەلاماری**
**کون – کون بووە وەک شمشاڵ**

**بۆیە کاتێ**
**شوانە وێڵەی شیعرێکی نوێ**
**قامکی خۆی بۆ ڕادەدێرێ**
**وا بە سۆز و کوڵ دەناڵێ.** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ٢٩)

**لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:**
**خەڵکی وڵاتی گریانم**
**کێڵگەی کامتان وشک و برینگە**
**هەردوو چاوم پێشکەش ئەکەم**
**وەک شەم لەناو شەوەزەنگا**
**دەسووتێم و دەتوێمەوە**
**شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە**
**دڵی روونم دابەش ئەکەم.** (مەلەکشا، ١٢٩٢، ٣٦)

وەک ئاشکرایە شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە و پتر پشت بە ئیماژ و خوازە، چڕیی و کورتبڕی دەبەستێت دوور لە واتای ساکار و ڕاستەوخۆ. لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا شاعیر رچەیەکی نوێ دەگرێتەبەر کە ئەویش ئیشکردنە لەناو زمان، تا ئەوەی شاعیر دەبێت بە خاوەنی ستایل و شێواز و فەرهەنگی شیعریی تایبەت بە خۆی (مەلا، ٢٠٠٤، ٤٩)

مەلەکشا وەک شاعیرێکی نوێخواز مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ زماندا دەکات و واتا و دەلالەتی تازە بۆ وشە دادەهێنێ و لە واتا فەرهەنگییە کۆنەکەیان دادەماڵێت، بۆ نموونە لە وەسفی "سوارەی ئیلخانی زادە"دا دەڵێت:

**شەمی باڵابەرز**
**گۆچانی تیشکی گرت بە دەستەوە**

**شەوی بەزاند و**
**گڕی خستە ناو شەوگاری نوتەک**
**لە نێڵەنێڵدا**
**هێندە فرمێسکی رووناکی هەڵڕشت**
**بە لادا کەوت و**
**وەک تاپۆی ئاوات**
**لە بوومەلێڵدا!** (مەلەکشا، ١٣٩٣، ١٠٥)

دەتوانین لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ دوو دیاردەی دیکەش بکەین، کە لە شیعری نوێی کوردیدا و دواتر لە شیعری شاعیری مەبەستی ئێمەشدا وەکو دوو تەکنیکی شیعریی بەدیدەکرێن. ئەوانیش هەر یەک لە تۆپۆگرافیای دەقی شیعریی و بەکارهێنانی هونەرییانەی خاڵبەندییە.

تۆپۆگرافیا یەکێک لە ئەدگار و خەسڵەتەکانی شیعری نوێیە کە مەسەلەی چۆنیەتی دابەشبوونی نووسین لەسەر ڕووی لاپەڕەدا نیشان دەدات. لەم بوارەدا فەرهاد پیرباڵ ڕای وایە کە تۆپۆگرافیای شیعری نوێ "دابەشبوونی ڕەشاییەکان بەسەر ڕووبەری سپیدا، واتە دابەشبوونی بارستاییە ڕەشەکان (خەتەکان و حەرفەکان ...) بەسەر کاغەزی سپیدا شێوەیەکی تازە وەردەگرێت" (پیربال، ٢٠٠٥، ١٠٢)

زۆرجار هەڵوەشاندنەوە و پەرتکردنی وشە و ڕستە و دەستەواژەکان هێمایەکی دەلالەتبەخشی هەیە، واتە، واتایەکی نوێی بارکراو لەپاڵ واتای بنەڕەتی دەگەیەنێت. بۆ نموونە مەلەکشا دەڵێت:

**تۆ دەریامی**
**منیش زامێکی ناسۆرم**
**تینووی قومێ،**
**تنووکەیێ...**
**چ**

ۆ

ڕ

ێ

**ئاوم** (مەلەکشا، ۱۳۹۳، ۲۲٦)

لێرەدا وشەی "چۆڕێ" کە ئاماژەیە بۆ "قومێک" ئاو، هەڵوەشێندراوەتەوە لە شێوەی چەند "تنۆکە"ی "پیتەکان" داڕێژراوەتە خوارەوە بێ ئەوەی بگاتە دەمی شاعیر و تینوویەتییەکەی بشکێنێت. ئەمە واتا بارکراوە وێنەییەکەیەتی جگە لە واتای وشەکان.

بۆ مەسەلەی خاڵبەندیش، ئەوە یەکێکی دیکە لەو تەکنیکە هونەرییانەیە کە شاعیر بە شێوەیەکی ورد و زانستی سوودی لێ وەرگرتووە:

**کاروان، کاروان!**
**کێ نوستووە، کێ بێدارە؟**
**ئەم ڕێگایە پێدا دەچن...**
**هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە!** (مەلەکشا، ۱۳۹۳، ۱۲۸)

**ئەنجامەکان:**

١. تەکنیک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و هونەری ئەدەبی جۆراوجۆرن کەوا بنیاتی دەقی شیعریی پێکدەهێنن و یەکانگیریی و ئۆرگانیکیی فۆرم و ناوەرۆک بە دەقی شیعریی دەبەخشێت.

٢. تەکنیکی شیعریی بە گوێرەی قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکان هاتوون و پەرەیان سەندووە، تا لە شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا ئەم شکڵ و شێوە تازەیەیان بەخۆوە گرتووە.

٣. لە شیعرە کوردییەکانی جەلال مەلەکشادا کۆمەڵێک ڕەفتار و هونەری شیعریی تازە، لە شێوەی تەکنیکی ئەدەبی نوێدا بەدیدەکرێت، لە وێنەی؛ شێوازی چیرۆک و گێڕانەوە، ئەفسانە، سوود وەرگرتن لە داستانی فۆلکلۆری و کەسایەتییە میللییەکان، ڕەمز و هێما و وێنەی شیعریی و زمان، لەپاڵ خاڵبەندیی و تۆپۆگرافیای شیعریی تازە، نموونەی ئەو هونەرانەن کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

* جەلال مەلەکشا (١٩٥١- ٢٠٢٠) شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە. ساڵی ١٣٣٠ ک.هـ لە گوندی مەلەکشا سەربە شاری سنە هاتووەتە دونیاوە. هەر لە شاری سنە خوێندوویەتی و پەروەردە کراوە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

جەلال وەکوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنێ و ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوە و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەر و ئازاری زیندانی زۆر بووە.

لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بەبێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، دەبێتە ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران».

پاش ساڵی ١٣٥٧ ک.هـ لەغاوی قەڵەمی دەگێڕێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە ڕاستی پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات.

شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و... وەرگێڕدراون.

جەلال هەرچەند کەوتووەتە بەر نووکەشەقی چارەنووس، بەڵام بێگومان لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی نەبردووەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەڵات. «هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» «داستانی دارەپیرە» لە شیعرە بە ناوبانگەکانی جەلال مەلەکشان. جەلال مەلەکشا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٣١ دا کۆچی دوایی کردووە و لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لە گۆڕستانی گوندی "مەلەکشا"، لە سنە بەخاک سپێردراوە.

## سەرچاوەکان:

### أ/ کوردی


- باڵەکی، یادگار ڕەسول، ٢٠٠٥، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨ – ١٩٣٢، دەزگەها سپیرێز، دهۆک.
- بەرزنجی، (د) عەلی تاهیر، ٢٠٠٨، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٥، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٥٨، لە بڵاوکراوەکانی گروپی هانەی ئیعلامی (٩).
- خالد، عیماد وەیسی، ٢٠٠٧، جەڤەنگ د هۆزانا ریالیستیکا کوردی دا- دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠ – ١٩٩١، دەزگەها سپیرێز، دهۆک.
- رشدی، (د) رشاد، ١٩٨٠، شێوە و ناوەرۆک، و.: ڕەوف بێگەرد، گۆڤاری بەیان، ژ. (٦٠)
- سابیر، پەرێز، ٢٠٠١، بنیاتی هونەری چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سەجادی، بەختیار و مەحموودی ، محەمەد، ٢٠٠٣، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- غازی، چنار صدیق، ٢٠٠٨، ئاراستێن تەکنیکی د شعرا نوی یا کوردی دا، دەزگەها سپیرێز، دهۆک.
- قەرەداغی، (د) حەمە ڕەشید، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئازادی، نەشری ئیحسان.
- کریم، ئازاد عبدالواحد، ١٩٩٥، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، (نامەی ماستەر)، زانکۆی بەغدا ، کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد.
- مەلا، ئەحمەدی، ٢٠٠٤، شیعر تەنیا هەر بنەمایە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- مەلەکشا، جەلال، ١٣٩٣، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، نشر پانیذ، تهران.


### ب/ عەرەبی


- اطیمش (د)، محسن، ١٩٨٢، دیر الملاك، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد.
- دورو، الیزابیث، ١٩٦١، الشعر – كیف نفهمه و نتذوقه، ت.: د. محمد ابراهیم الشوش، نیویورك – بیروت.

- جيدة (د)، عبدالحميد، ۱۹۸۰، الاتجاهات الجديدة في الشعر العربي المعاصر، مؤسسة نوفل بيروت.

**ج/ فارسی**

- حسن لی، (د) کاووس، ۱۳۸۳، گونه‌های نوآوری در شعر معاصر ایران، نشر ثالث، تهران.
- شاملو، احمد، ۱۳۸۰، مجموعة آثار، نگاه، تهران.
- گریمال، پیر، ۱۳۹۱، فرهنگ اساطیر یونان و رم، ترجمه: دکتر احمد بهمنش، جلد ۲، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.
- لنگرودی، شمس، ۱۳۸۷، تاریخ تحلیلی شعر نو، جلد اول، نشر مرکز، تهران.
- یاحقی، (د) محمد جعفر، ۱۳۸٦، فرهنگ اساطیر و داستان واره‌ها، فرهنگ معاصر، تهران.
- یوشیج، نیما، ؟، شعر من، جوانه، تهران.

## ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان
## لە شیعری ڕوانگەدا

**پێشەکی:**

تیۆری (ژانرە ئەدەبییەکان) هەم لە ڕووی زاراوەسازی و هەم لە ڕووی چەمک و پێناسە و تێگەیشتنەوە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بۆتە مەسەلەیەکی ئیشکال ئامێز، لەنێوان ئەوانەدا کەوا لایەنگیری لەهەبوونی سنوور لەنێوان ژانرەکاندا دەکەن و بەپێی تیۆری (ئەفلاتون و ئەرستۆ) باوەڕیان بە پاکو بێگەردی ژانرەکان (نقاء الاجناس)ەوە هەیە، لەنێوان ئەوانەشدا کە باوەڕیان بە (یەک بنەڕەت)ی هەموو جۆرە ئەدەبییەکان هەیەو، ژانرەکان بە لقوپۆپی قەدی تاکە درەختێک (درەختی ئەدەب) تێدەگەن هاوشێوەی تیۆرەکەی (چارلس داروین). هەروەها لەنێوان پێڕەوکارانی تیۆرە تازەکانی ئەدەب، کەوا هەر جۆرە پۆلبەندییەکی ئەدەب، بەگوێرەی بنەما تەقلیدییەکان لە دابڕانی نێوان ژانرەکان، ڕەتدەکەنەوە تا دەگاتە ڕادەی دژایەتی و نکوولی لێکردنیشی، وەک چۆن لە گوتەیەکی ناوداری (بندیتو کرۆتشی)دا. دەخوێندرێتەوە کە باوەڕی وابووە ((هەر دەقێک خۆی لەخۆیدا ژانرێکە)). (مکاریک، ١٣٩٠، ٣٧٤) بەم جۆرە ئەم خواست و نیازمەندی و بیروبۆچوونە ژانرخوازی و دژە ژانرییە بەدرێژایی چەرخی بیست، بەهۆی میتۆد و تیۆرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب و ڕەخنەدا خۆی نمایش کردووە تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان گەیشتووە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کەوا هەم مەسەلەی ژانرە ئەدەبییەکان خۆیان و هەم مشتومڕەکان لە بارەیانەوە بەدرێژایی ڕۆژگار لە جوولە و ئالوگۆڕدابوون، لە کۆنەوە بۆ تازە و لە تیۆر و میتۆدێکی ئەدەبییەوە بۆ یەکێکی دیکە.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر لایەنێک لەم مەسەلەی ژانرە ئەدەبییەکان و بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە ئاوێتەبوون و

تێکەڵاوی نێوان ژانرەکانەوە هەیە و لە دوایە هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بابەتە لەشیعری شاعیران بزووتنەوەی ڕوانگەدا. باسەکە لە دوو تەوەر و چەند بڕگە و بابەتێک پێکدێت بەم شێوەیە:

**- پێشەکی**

**(١)**

**أ- لەبارەی ژانری ئەدەبییەوە:**

١- وشە و زاراوەی ژانری ئەدەبی.

٢- چەمک و پێناسەی ژانری ئەدەبی.

**ب- تیۆرە جیاوازەکان لە مەڕ ژانری ئەدەبی.**

**جـ- ئاوێتەبوونی ژانرەکان.**

**(٢)**

**ئاوێتەبونی ژانرە ئەدەبییەکان لەشیعری ڕوانگەدا:**

١- بنیاتی گێڕانەوە لەشیعری ڕوانگەدا.

٢- بنیاتی درامی لە شیعری ڕوانگەدا.

٣- بنیاتی گوتاری سیاسی.

٤- ئاوێتەبوونی شیعر و مێژوو.

٥- ئاوێتەبوونی هونەرەکان.

**- ئەنجامەکان:**

**- لیستی سەرچاوەکان.**

**- کورتەیەک بە زمانی عەرەبی.**

**- کورتەیەک بە زمانی ئینگلیزی.**

(١)

## أ- لەبارەی ژانری ئەدەبییەوە

### ١. وشە و زاراوەی ژانری ئەدەبی:

لە ڕەخنەی ئەورووپیدا وشەی (Genre) لەبەرابەر وشەی (ڕەگەز) یاخود (الجنس)ی عەربیدا بەکار دەهێندرێت کە لە بنچینەدا لە وشەی (Genreri) یاخود (Genus)ی لاتینییەوە هاتووە. ڕای واش هەیە پێی وایە کە وشە عەرەبییەکەش هەر لە وشە لاتینییەکەوە هاتبێت بە هەموو مەعنایەکەوە. ئەم زاراوەیە وەکو چەمک و تێگەیشتن لە زانستە سروشتییەکانەوە، بە دروستیش لە زانستی بایۆلۆژیکەوە وەرگیراوە و هاتۆتە نێو تیۆری ئەدەبییەوە. لەزانستی بایۆلۆژیکدا هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە (الجنس – ڕەگەز – Genres)ەوە دابەش دەبن بۆ سەر (الانواع – جۆرەکان – Kiynds) و ئەمانیش بەدەوری خۆیان بۆ (الانماط – چەشنەکان – Types) (روابح، ٢٠١٨، ٥). لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا (الجنس) گشتگیرترە لە (النوع) و ئەمیش دەبێت بە (انماط).

هەر چەندە تاوەکو ئێستاش لای ڕەخنەگرە عەرەبەکانیش جۆرێک لەئالۆزی و تێکەڵاوی لە بەکاربردنی هەردوو زاراوەی (الجنس) و (النوع) بۆ (ژانری ئەدەبی) لە بڕی یەکتریدا هەیە، هەندێکیان هی یەکەم و هەندێکیان ئەوەی دووەم بەکاردەهێنن[*]. (برهم، ٢٠١١، ١٠٣) لە فارسیدا هەموو واژە بیانییەکانی وەکو (Type – Kind – Form – Gener) واتە (الجنس، الشکل، النوع، النمط یان القسم) بەتاکە یەک زاراوەی (نوع ادبی) کە بەرابەر بە (ژانر)ە وەرگێڕدراوە و توێژەری ناوداری ئیرانی (د. سیروس شمیسا) کتێبێکی تایبەتی لەم بارەیەوە بەناونیشانی (انواع ادبی) نووسیوە.

---

[*] بۆ نموونە ڕەخنەگرە عەرەبەکانی وەکو: (محمد غنیمي هلال، مجدی وهبە، کامل المهندس، عبدالعزیز شبیل، خلدون الشمعە، صدیق بوعلام) زاراوەی (الجنس) بەکاردەبەن، ڕەخنەگرانێکیش لەوێنەی: (حسن عون، محی الدین صبحی، شکری عزیز الماضی) زاراوەی (النوع) بەکار دەهێنن. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ١٠٣).

(شەمیسا) هەموو ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی لەژێر چوار ناونیشانی سەرەکیدا پۆلبەند کردووە بەم جۆرە:

١- جۆرە بنەڕەتییە کۆنەکان (داستان، لیریک، دراماتیک).

٢- جۆرە تازەکان (نۆڤلێت، ڕۆمان، کورتە چیرۆک، حەکایەت).

٣- جۆرەکانی شیعر بەپێی واتا و مەبەست و ناوەرۆکەوە، (١٣) جۆری دەستنیشانکردووە.

٤- قالبە شیعرییەکان، کە ئەمەش کراوە بە (قالبە ڕەسەنەکان و قالبە تازە داهێنراوەکان). (شمیسا، ١٣٨٣، ٤ – ١٢).

لە ڕەخنەی کوردیدا تا ئێستا ئەم مەسەلەیە بابەتێکی نوێیە، بۆیە هەر فۆرمە بیانییەکەی (ژانر) بەکاردەبرێت، جاربەجاریش زاراوەکە بە (جۆرە ئەدەبییەکان) یاخود (چەشنە ئەدەبییەکان) ناودەبرێت وەکو ئاماژەیەک بۆ چەمکی (ژانری ئەدەبی).

### ٢- چەمک و پێناسەی ژانری ئەدەبی:

ژانرە ئەدەبییەکان وەکو زانست بەشێکە لە تیۆری ئەدەب ئەدەبیاتناسی. خەسلەتی بنەڕەتی ئەم زانستە پولینکردن و پۆلبەندی بەرهەمە ئەدەبییەکانە بۆ دەستە و چین و گروپی جیاواز بەپێی بنەمای جیاکردنەوە و پاکی ژانرەکان. بنەمای هەڵاواردن و جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان سەرەتاکەی بۆ هەر یەک لە (ئەفلاتون)، (ئەرستۆ)، (هۆراسی ڕۆمانی) دەگەڕێتەوە. (ئەرستۆ) سێ ژانرە سەرەکییە کۆنەکەی ئەدەب (داستانی، درامی، لیریکی) لێک جیاکردۆتەوە و لەسەر بنچینەی؛ بابەت، زمان و شێواز، کات و ڕێژە و ئەرکی زمانی بەکارهێندراو، سنووری لەنێواندا کێشاون، وەک ئەوەی هەر یەکێکیان بوونێکی سەربەخۆ و جیاوازی لەوەکەی تر هەبێت. ئەنجا هەر بەپێی بنچینەکان (ئەرستۆ) خەسلەت و تایبەتمەندیی هەر یەکێک لەم ژانرانەی دەستنیشانکردووە، کە لە دوایە ئەم خەسلەت و تایبەتمەندییانە لەلای

توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەب بوون بە یاسا و ڕێسای نەگۆڕ و چەسپاو بە مەبەستی لێکهەڵاواردنی ژانرەکان. (علقم، ٢٠٠٦، ١٥) بەم پێیە دەشێت ژانری ئەدەبی وا پێناسە بکرێت؛ کە بریتییە لە کۆمەڵێک خاسییەت و تایبەتمەندی لەبنیات و شێواز و داهێناندا کەوا لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە و لەوانی تری جیا دەکاتەوە. لەگەڵ وەشدا کە ژانرەکان لە هەندێ لایەنی خەسلەت و تایبەتمەندی و شێوازدا لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەڕووی بنیاتەوە جیاوازی هەر دەمێنێت و هەر ئەم جیاوازیەشە کەوا سەربەخۆیی داهێنان و نوێگەری پێ دەبەخشێت. مەسەلەی پابەندبوون بە تیۆری ژانرەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی بەدرێژایی سەدەکانی مێژوو لە ڕەخنەی کلاسیکیدا ڕەنگی داوەتەوە، ژانرەکان زیاتر بەپێی بابەت و ناوەرۆک پولین دەکران تا شێوە و قالبی ئەدەبی، بۆ نموونە شیعری داستانی (ئیپیک) لەلایەک و شیعری فێرکردن (دیراکتیک) لەلایەکی دیکە، بەپێی بابەت و واتا و ناوەرۆکیان وەکو دوو ژانری ئەدەبی جیاواز سەیر دەکران، بێ ئەوەی بە قالب و فورمێکی دیاریکراو پابەند بکرێن. (شمیسا، ١٣٨٣، ٤٩).

**ب- تیۆرە جیاوازەکان لەمەڕ ژانری ئەدەبی:**

لەگەڵ هاتنی سەدە تازەکان و زاڵبوونی دیدێکی زانستی و نوێ سەبارەت بە پولبەندی ژانر و بەرهەمە ئەدەبییەکان، هەروەها پەیدابوونی ژانری تازە و نوێ لەوێنەی، ڕۆمان و ژیننامە و کورتە چیرۆک و وتاری ئەدەبی... تاد، لەپاڵ ژانرە کۆنەکان، بیرۆکەی تازە و نوێش لە مەڕ ناساندن و پۆلبەندی ژانرەکان هاتە کایەوە. لە ئاکامدا توێژەرانی بواری تیۆری ئەدەبی خۆیان لەبەردەم کۆمەڵێک مەسەلە و پرسیارگەلی تازەدا بینییەوە، وەک ئەوەی کە ئاخۆ بنچینەی دابەشبوون و پولبەندی بەرهەمە ئەدەبییە جیاوازەکان چی بێت باشە؟ خەسلەت و تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی بەرهەم بێت باشە یاخود خەسلەت و

تایبەتمەندییە دەرەکییەکان؟ یا ئەوەتا هەردوولایان پێکەوە بڕیار لەسەر ناسنامەی دەق و بەرهەمی ئەدەبی دەدەن!. ئایا ئەو مەرز و سنوورانەی بۆ جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان داندراون تا چەند دروست و دڵنیابەخشن؟ ئەنجا ئایا ژانرە ئەدەبییەکانیش بەدەوری خۆیان دەچنە ژێر ڕکێفی یاسای مەرگ و ژیانەوە یاخود نا؟ ئەگەر وایە دەبێ تەمەنی هەر ژانرێکی ئەدەبی چەند بێت؟ ژانرە تازەکان چۆن لەدایک دەبن و لە هەر دەورو زەمانێکدا کام ژانر زاڵ و باڵا دەست دەبێت، کامەیان لە پێشتر و کامەیان لە دواتر دەبێت... تاد. (داد، ١٣٨٣، ٥٨) ڕەخنەگر و تیۆر داڕێژەرانی بواری ئەدەبی، لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا تیۆر و میتۆدی جیاوازیان هێناوەتە گۆڕێ. بۆ نموونە (ویلک و وارین) لە کتێبە ناودارەکەیاندا (تیۆری ئەدەبی)، کە لە ئێستادا وەکو سەرچاوەیەکی کلاسیکی سەیر دەکرێت، بەڵام بۆچوونەکانیان جێگەی بایەخە چونکێ لە دیدێکی زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت، لایان وایە تیۆری ژانرەکان لەبنەڕەتدا پرەنسیپێکی ڕێکخستنە، ئەدەب و مێژووی ئەدەب بەپێی کات و شوێن (سەردەم و زمانی نەتەوەکان) پولین ناکات، بەڵکو بەپێی بنیات و بەگوێرەی جۆرێک لە ڕێکخستن لە چوارچێوەی جۆرە ئەدەبییە پسپۆرییەکاندا. (وارین، ١٩٧٢، ٢٩٦) ئەوان چەقبەستوویی ژانرە ئەدەبییەکانیان بەلاوە دروست نییە و دەڵێن لە تیۆرە تازەکاندا مەسەلەی جێگیربوون و بەردەوامی ژانرەکان لە ئارادا نییە و دەشێ ژانرەکان لەنێوان خۆیاندا ئاوێتەی یەکتر ببن. ئەنجا لەڕێگەی داڕشتنی دوو چەمک و زاراوەی (شێوەی دەرەکی – oater form) و (شێوەی ناوەکی – inner form) بیروبۆچوونەکانی خۆیانیان خستۆتەڕوو. پێیان وایە هەندێ لە ژانرەکان لە ڕابردوودا بەگوێرەی بنەمای شێوەی ناوەکی پۆلبەندی کراون لەوێنەی (داستان و تراژیدیا)، لەکاتێکدا (لیریک) بەپێی بنەمای شێوەی دەرەکی دەستەبەندی کراوە. لەم ڕووەوە دەڵێن: ((ئێمە وای دەبینین کەوا ژانری ئەدەبی بریتییە لە

پۆلبەندی بەرهەم گەلە ئەدەبییەکان کە لەلایەنی تیۆرییەوە لەسەر هەردوو لایەنی شێوەی دەرەکی (کێش و بنیاتی تایبەت)، هەروەها شێوەی ناوەکی (ئاراستە و ئاواز، مەبەست یا ڕوونتر بڵێین: بابەت و وەرگر) دەوەستێت. (سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٣).

فۆرمالیستەکان مەسەلەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژووی ئەدەبیاتیان بەپەرەسەندن و پێگەیشتنی ژانرەکانەوە گرێداوەتەوە، لەم پێناوەدا بە خستنەڕووی چەمکی (ژانری باڵادەست) لە هەر قۆناغێکی ئەدەبیدا، پەرەسەندنی مێژووی ئەدەبیاتیان بە تەکامول و پێگەیشتنی ژانرەکان بەستۆتەوە و هەر بۆیەش جۆرێک لە (کۆتا هاتنی ژانرەکان)یان هێناوەتە گۆڕێ.

بەڵام یەکێکی وەکو (یاوس Jauss)، کە مامۆستای ئەدەبیات بووە لە زانکۆی (کنتانس)ی ئەڵمان، ڕای وایە کەوا پەرەسەندنی ئەدەب لە حوکمی پەرەسەندنی ژانرەکاندا نییە و خاڵی لاوازی فۆرمالیستەکانیش لەبارەی ژانراوە لەمەدایە، بۆیە تیۆرەکەی ئەو لەم ڕووەوە بۆتە تیۆری (دەستنیشان نەکردنی ژانرەکان)، چونکێ ئەو دەڵێ؛ ژانرە ئەدەبییەکان هەمیشە چەشنگەلێکی شێوە چۆن یەکەکانی بەرهەمە تایبەتەکان نین و، لەم بارەیەوە هەرگیز ناتواندرێت لە بەرهەمە ئەدەبییە ناودارەکاندا یەکێک لە جۆرەکان یان ژانرەکان وەکو تەنیا شێوەی تاقانەی بەیان و خستنەڕوو بزاندرێت. لەم بارەوە (تۆدۆرۆف)یش وەکو پالپشتییەک بۆ ڕایەکەی (یاوس) دەڵێت: ((هیچ پێویستییەک لەئارادا نییە کەوا بەرهەمی ئەدەبی وەفادارانە لە پانتایی یەک ژانری تایبەتدا بمێنێتەوە. (شمیسا، ١٣٨٣، ٢٧)

بۆچوونە جیاوازەکان لەمەڕ (تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان) زۆرن و هەردەستەیەک و بەڵگە و دەلیلی خۆی بەدەستەوەیە. لێرەدا بابەتەکە بەو پرسیارە کۆتا پێدێنین کە دکتۆر شەمیسا ورووژاندوویەتی و دەڵێ؛ ئایا لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا کامەیان بایەخدارترە؟ ئەنجا لەڕێگەی

شیکارییەکی لۆژیکییانە وەڵامەکە یەکلایی دەکاتەوە و دەڵێ: لە ڕەخنەی ئەدەبیدا حوکم نییە یەکێک لە ژانرەکان لەوانی دیکە بە گرینگتر وەربگرین، لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا ئەرستۆ تراژیدیای پێ لە داستان باڵاتر بوو، لەکاتێکدا ئەفلاتون داستانی لە تراژیدیا پێ بەرزتر بوو، لە ڕۆژگاری (ڕێنسانس)دا داستان وەکو بەرزترین ژانری نێو ژانرە ئەدەبییەکان سەیر دەکرا، لە ئێستاشدا ژانری ڕۆمان لەنێو ژانرەکاندا تای تەرازووەکەی لە سەرەوەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرزی و نزمی ژانرەکان لەئاست یەکتریدا لەئارادا نییە، تەنیا لە تەرازووی نێوان خودی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا نەبێت کە دەشێ لە ئاستی یەکتریدا ئاسمان و ڕێسمانیان نێوان بێت، ئەنجا لە توێژینەوەکانی بواری ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕووندەبێتەوە کەوا هەندێ لە ژانرەکان لە وێنەی (داستان و لیریک و تراژیدیا و کۆمیدیا) لە ژانرەکانی دیکە زیاتر پەلوپۆیان هاوێشتووە و وەکو لق و پۆپ ژانری تر دەگرنە خۆیان بۆیە بەردەوام بەرچاو و گرینگترن. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ٢٩). بەگوێرەی سەرچاوەکانی بەردەست لە تیۆرە تازەکانی ژانری ئەدەبیدا ڕاستییەک بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کەوا دەستپێکی واقیعیی تیۆرە نوێکانی (ژانری ئەدەبی) لە سەرکێشی و ڕچەشکێنی ڕۆمانسیزمەکانەوە دەستپێدەکات لە ئاست چەقبەستوویی بنەما تەقلیدی و سواوەکانی ژانرەوە. ئەوان چەختیان لەسەر ئەوە بوو کە هەر دەق و تێکستێک خاوە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەتی و تەعبیر لە هەستوخوستی نووسەرەکەی دەکاتەوە، بۆیە هەر جۆرە ڕایەل و دیسپلینەکانی ژانر دەبن بە کۆتوبەندی بەرزەفتکردنی هەستوهۆشی تاک، بۆیە لەم سۆنگەیەوە ڕوویان کردە پێشێلکردنی سنوورەکانی نێوان ژانرەکان و تا ڕادەی نکوولی لێکردنیشی، وەک چۆن لە گوتە ناودارەکەی (بندیتو کرۆتشە)ی ئیتالیدا دەخوێندرێتەوە کە باوەڕی وابوو، ((هەر دەقێک بەتەنیا و خۆی

لە خۆیدا ژانرێکە)). (مکاریک، ١٣٨٣، ٣٧٤). بەمجۆرە ئەم ئاراستە دژە ژانریانە بە درێژایی سەدەی بیستو بەشێوەی جۆراوجۆر بەدیار کەوتوون. لەولاشەوە پێداگری و جەختکردنەوەی ڕەخنەی نوێ لە ئاستی (دەق)دا کەوا (بەرهەمێکی زمانەوانییە)، ئەوا پێویستی زەقکردنەوەی ژانری ئەدەبی لە ئاست مەسەلەکانی ئەدەبییەتدا کەوا لایەنێکی سەرەکی و ناوەکییە، دەکات بەشتێکی لاوەکی. تا ئەوەی ((ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزم کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەوڵی چەقبەستن لە دەروری چەمکگەلێکی وەکو (دەق) و (نووسین) و (گوتار) دایە و بەجۆرێک کە شتێکی بۆ پۆلبەندی ژانری نەهێشتۆتەوە)). (سەرچاوەی پێشوو، ٣٧٤).

تیۆرە ڕەخنەییەکانی خوێنەر تەوەر لە وێنەی (هیرمۆنتیکا و ئاسۆی چاوەڕوانی) لەمەڕ ژانرناسییەوە بۆچوونی تایبەت بەخۆیان هەیە، بە نموونە یەکێکی وەکو (یاوس)، ئەوا خۆشباوەڕی بێ چەندوچوون بەژانر ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ؛ هەر ژانرێک لەوێنەی خودی بەرهەمی ئەدەبی، پێویستە بەشێوەیەکی مێژوویی لە ئاسۆیەکی گۆڕاودا، بەرجەستەبوونی بەرودوای خۆی بەدەست بهێنێت. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ٣٧٨)

گەورەترین کێشە کە چەمکی ژانر لەبەردەم ڕەخنەی هاوچەرخدا دروستی دەکات پێداگری شیلگیرانەیەتی لەمەڕ ئاشتەوایی لەنێوان کۆن و تازەدا و خاوەنبوونەوەیەتی لەبەردەم گوتاری تیۆریدا، ژانر لەگەڵ ئەوەی بوونێکی چەسپاوی نییە و بەردەوام لە دۆخی گۆڕان و ئالوگۆڕدایە، بەڵام وەکو سیما و خەسلەتێکی بەرچاوی هونەری ئاخاوتن دەمبێنێتەوە، وەک ئەوەی (فاولەر) بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە؛ ((ئەدەب هەرگیز ناتوانێت خۆی لە مەسەلەی ژانر بە دوور بگرێت، مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە ئیتر ئەدەب نەبێت)). (مکاریک، ١٣٨٣، ٣٨٠)

**جـ- ئاوێتەبوونی ژانرەکان:**

لە ڕەخنەی عەرەبیدا دیاردە و چەمکی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان کاری زۆری لەسەر کراوە و بە چەندین زاراوە تەعبیری لێکراوەتەوە وەکو (التداخل، التفاعل، تمازج او اختلاط الاجناس الادبية)، کە هەموویان لە تێرم و زاراوەسازییەوە یەکدەگرنەوە، بەواتای ئامادەبوونی ڕەگەز و هونەر و تەکنیکەکانی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە لەنێو دەقێکی ئەدەبیدا کەوا خۆی سەر بە ژانرێکی ئەدەبی تایبەت بێت. (ابو مصطفى، ٢٠١٥، ٤٤). لەم پرۆسەیەدا دەقە بنەڕەتییەکە بەهۆی کارتێکردن و لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕایەڵەی تێکچرژاوەوە بە ژانرەکانی دیکەوە دەبەسترێتەوە. ئەم دیاردەی تێکچڕژان و توانەوەی سنووری نێوان ژانرەکان، وەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ باڵادەستبوونی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبدا برەوی پەیداکردووە. ڕۆمانتیکەکان لە دژی سنوور و بەستەڵەکی نێوان ژانرەکان بوون و لە بواری داهێناندا باوەڕیان بە ئازادی ڕەها هەبوو. ئەنجا ئەم مەسەلەیە لای فورمالیستەکانیش بەو جۆرەیە کەوا کاتێک باس لە (پەرەسەندنی ئەدەب) دەکەن، پێیان وایە کەوا گەوهەری پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبی بریتییە لە کارلێکی نێوان بەرهەمەکان و یەکێتی تانوپۆ و جۆر و چەشنە ئەدەبییەکان لە ناو یەکتریدا. (عروس، ٢٠١٠، ٤٥) لە کتێبی (تیۆری ئەدەب)دا هاتووە: ((لە تیۆری کۆنی ژانرە ئەدەبییەکاندا، ژانرەکان لەیەکتر جیاوازن و ناشێت لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بن... بەڵام لە تیۆری تازەی ژانرە ئەدەبییەکاندا هیچ دەقێک لەئاستی نووسەردا پەسەندتر نییە، تا ئەوەی بیروباوەڕ هاتۆتە سەر ئەوەی کەوا ژانرەکان دەتوانن تێکەڵاوی یەکتر ببن و جۆری تازە بەرهەم بێنن)). (شمیسا، ١٣٨٣، ٢١) ئەم قسەیە بەڕاست دەگەڕێت کاتێک دەبینین لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لە ئاوێتەبوونی تراژیدیا و کۆمیدیادا جۆرێکی تازە بەناوی (تراژیدی – کۆمیدی Tragicomedy) هاتۆتە ئارا، (ڕۆمان) لە گۆڕان و

پەرەسەندنی (داستان)ەوە پەیدابووە، لەپاڵ ژانرگەلێکی تازە کە لە کتێبەکەی ئەرستۆدا هەر قسەیان لەبارەوە نەکراوە. کەواتە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی (تیۆری ژانرەکان – Gener Theory) ئەوەیە، کە لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیات و ئالوگۆڕی سەردەمەکان و داهێنانی بەرهەمی مەزن و تازە و نوێ، ژانرەکانیش ئالۆگۆڕیان بەسەردا دێت، ژانری تازە و نوێ لەدایک دەبن و ژانری واش هەیە کوێر دەبێتەوە و لە نێو دەچێت.

لە ئەدەب و ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتدا یەکەمین و سادەترین دابەشبوونی ئاخاوتن (ئەدەب) لەنێوان (شیعر و پەخشان)دا کراوە، وەک لای؛ (ابن رشیق، جورجانی، ابی هلال العسکری ... تا دەگاتە محمد مندور و محمد عنیمی هلال)دا دەیبینین (روابح، ٢٠١٨، ٢٢). لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی ڕەخنە و ئەدەبدا تەرازووەکە هەمیشە بەلای شیعردا شکاوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ((ئەم بەکارهێنانە جیاوازەی زمانی پەخشان و زمانی شیعری، بۆتە مایەی دروستبوونی ژانرگەلێکی سەر بە شیعر و سەر بە پەخشان)). (ویس، ٢٠٠٢، ٢٤)، بە دیویێکی دیکەدا هەر لێک نزیکبوونەوەی زمانی شیعر و زمانی پەخشانە بۆتە بنەما و بنچینەیەک بۆ لەدایکبوونی ژانرێکی نوێ بەناوی (پەخشانە شیعر)، هەروەها ئاوێتەبوونی ژانرەکانی ژێرچەتری ئەم دوو هونەرەیە بۆتە ماکی پەیدابوون و هاتنە ئارای بەشێک لە ژانرەکان، کە دەشێت بە (ژانری دوو ڕەگ) بدرێتە قەڵەم لە وێنەی (چیرۆکی شیعری و شانۆنامەی شیعری). (پەخشانە شیعر) لەنێوان ئەوەی ژانرێکی ئاوێتەی نێوان (پەخشان و شیعر) یان (شیعر و پەخشان) لەلایەک و لەنێوان تێڕوانینی وەکو ژانرێکی تایبەت و سەربەخۆ، بیروڕای جۆراوجۆری لەسەرە و بۆتە مەسەلەیەکی ئیشکالی، تازەترین بۆچوون ئەوەیە کەوا (د. عزالدین المناصرة) لە کتێبەکەیدا (إشکالیة قصیدة النثر) هێناویەتی، لەگەڵ ئەوەی ئەولای وایە کەوا (قەسیدەی پەخشان) وەکو هەڵەیەکی

باو ڕۆیشتووە، بەڵام لای وایە؛ زاراوەیەکی گونجاوە. ئەنجا دەڵێت: قەسیدەی پەخشان دەقێکی کراوەیە بەڕووی جۆرە گێڕانەوەییەکانی پەخشان و خاوەنی پلەیەکی بەرزی شیعرییەتە، واتە نووسینێکی ئازادە و هەر بۆیەشە دەقێکی ئەدەبی سەربەخۆیە. ئەنجا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا دەگاتە خاڵێکی جەوهەری و دەڵێ: قەسیدەی پەخشان ژانرێکی سەربەخۆیە و دەقێکی کراوەیە لە ڕووی ژانرەکانی دیکە و بەرامبەرەکەیدا، (مەبەست شیعرە)، واتە لەو ناوەدا ژانری ئەدەبی (سێیەم)ە لەبەرابەر شیعر و گێڕانەوەدا، وەک چۆن قەسیدەی پەخشان دەقێکە ژانرەکانی پێشوو تێدەپەڕێنێت. (المناصرة، ٢٠٠٢، ٥٢٦).

(٢)

## ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری ڕوانگەدا[*]

وەکو دەزانین ئەدەب داهێنراوێکی زمانی فرەڕەنگو فرەڕەهەند و کۆمەڵێک ژانر و جۆری ئەدەبی جیاواز پێکدەهێنێت کە هەر یەکێکیان خاوەن خەسلەت و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری تایبەتن. ئەم جۆر و ژانرانە لە هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندیدا بەیەک دەگەن و لە هەندێکی دیکەدا لە یەکتر دادەبڕێن، زۆر جار ڕەگەز و تەکنیکەکانی ژانرێک دەخزێتە ناو ژانرێکی دیکەوە. بۆ نموونە ژانرێکی وەکو شیعر بەردەوام لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا لە هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن دا بوو لە ڕێگەی خواستن و وەرگرتنی هونەر و تەکنیک و ڕێکەوەندی ژانرەکانی دیکەوە، لەوێنەی خواستنی هونەری

---

[*] ڕوانگە؛ بەواتای ئەو شوێنە بەرزەیە کە لێیەوە بەسەر شوێنە نزمەکانی دەوروبەریا دەڕوانێت. خۆی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بوو لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ دا، دوابەدوای بەیاننامەی (١١) ئازار، لەلایەن دەستەیەک لە شاعیر و نووسەرانی کورد؛ (شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەلالي میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی)یەوە ڕاگەیێندراوە، ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە بە ناونیشانی (بانگەوزاێک لە ڕوانگەی ئەبیی نوێمانەوە) خۆیان بە خەڵک ناساند کەوا یەکەم جار لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکراوەتەوە. ڕوانگە بڵاوکراوەکیشیان هەبوو لەشێوەی گۆڤارێکی ناو بە ناو، هەر بە ناوی (ڕوانگە)وە و کە تەنیا لە نێوان ساڵانی (٧٠ – ١٩٧٢)دا سێ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە ئەم گۆڤارە وەکو ئۆرگانی بزووتنەوەکە وابوو، بەرهەم و داهێنانی شاعیر و ئەدیب و نووسەرانی سەر بە بزووتنەوەکەی، لە شیعر و چیرۆک و ڕەخنە و شانۆنامە و ... تیادا بڵاوکراوەتەوە. ڕوانگە لە دوایە بوو بە تەوژمێکی ئەدەبی بەهێز و بەربڵاو لە شێوەی ئاراستە و وەرچەرخانێکی ئەدەبی و ڕووناکبیری کەوا مێژووی ئەدەبی کوردی لە دوای نوێکردنەوەی یەکەم لەسەر دەستی (شێخ نووری و گۆران و هاوەڵانی) بۆ دووەم جار لە دەیەی حەفتاکاندا لە سەدەی ڕابردوو بە خۆیە بینیوە و بۆتە شەقڵ و سیمای زاڵی بەرهەمی ئەدەبی کوردی تاوەکو شەپۆلە نوێخوازییەکانی دوای ڕاپەڕین.

گێڕانەوە لە چیرۆک و داستان و، هونەرەکان ململانە و فرە دەنگی و دیالۆگ و مەنەلۆگ لە شانۆ و دراما‌دا. (برهم، ٢٠١١، ١٠٦).

شیعری ڕوانگە وەکو سەرەتایەکی قۆناغی نوێخوازی (مۆدێر نییە) لە ئەدەبی کوردیدا، وەکو ئاوێنەیەک دیاردەکانی فرە ژانری تیادا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەوە بەگوێرەی ئەو دەق و تێکستانەی لەکاتی خۆیدا لەنێوان سالآنی (٧٠ – ١٩٨٠)دا، لەلایەن ڕوانگە خوازەکانەوە نووسراون و لە دیوان و کۆمەڵە شیعر، یا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئاوڕ لە هەندێ لایەنی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لای ڕوانگەییەکان دەدەینەوە و نموونەی شیعریان بۆ دەهێنینەوە.

**١- بنیاتی گێڕانەوە لە شیعری ڕوانگەدا:**

سەردەمی ڕوانگە سەردەمی بووژانەوەی پەخشانە شیعرە، لە پەخشانە شیعردا کۆمەڵێک ڕەگەز و تەکنیکی هونەری هەن کە هەندێکیان سەر بە ژانری شیعر و هەندێکیشیان سەر بە ژانری پەخشانە، وەکو دەزانرێت حەکایەت و چیرۆک و ڕۆمان بەشێکن لە هونەرەکانی پەخشان یاخود ژانرەکانی سەر بە کێڵگەی پەخشان، مەسەلەی (گێڕانەوە – السرد) ڕەگەزێکی بنچینەییە لە حەکایەت و چیرۆک و ڕۆماندا، تەنانەت ئەم ژانرە پەخشانیانە بە ژانرگەلی گێڕانەوەیی دەناسرێن، لە پەخشانە شیعردا، یاخود وردتر بڵێین لە (قەسیدەی پەخشان) دا جۆرێک لە تەحەوول و ڕوو وەرگێڕان هەیە لە خوازەی ڕەوانبێژییەوە بەرەو خوازەی بنیات لە ڕێگەی شێوازی گێڕانەوەوە، بە واتای لە ئامێزگرتنی هونەرەکانی پەخشان و لەوانەش (گێڕانەوە) لە لایەن شیعرەوە. (الناصر، ٢٠٠٧، ٢٠)

لە فەرهەنگی ئەدەبیدا هاتووە: ((گێڕانەوە لە تێکستی ئەدەبیدا (شیعر یان پەخشان) بەرهەمی دوو شت یا دوو توخمە؛ ڕووداو یان مێژوو، واتا ئەو بابەتەی کەرەسەی گێڕانەوەکەیە. دوو: گێڕانەوە خۆی،

لێرەش بەپلەی یەکەم مەبەست لە چۆنییەتی گێڕانەوەیە. هەر بابەتێک یان ناوەڕۆکێک دەشێ بە زۆر شێواز بگێڕدرێتەوە... کە پێی دەوترێت شێواز یان هونەری گێڕانەوە. بەهای ئەدەبی و بەهای جوانی لە هەر کارێکی ئەدەبیدا لێرەوە دەردەکەوێ)). (عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٢).

لە پەخشانە شیعردا یەکێک لەو تەکنیکانەی دەخرێتە خزمەتی ستراتیژییەتی گوتاری شیعری مەسەلەی گێڕانەوەیە، واتە شیوازی چیرۆکئامێزانە یان حەکایەت لە خەیاڵکردن و خستنەڕووی بۆچوون و بیرۆکەکانی شاعیر بێ ئەوەی سیمای بنەڕەتی شیعرییەت و جوانیناسی لەدەق دابماڵێت. ئامادەبوونی هونەری گێڕانەوە لەشیعری ڕوانگەدا، دیاردەیەکی تازەو نوێ نییە لە شیعردا بەشێوەیەکی گشتی و لەشیعری کوردیشدا بەشێوەیەکی تایبەتی پێشینەی دووری هەیە. (مەلا، ٢٠٠٥، ٦). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کەوا توخمێکی گێڕانەوە تێکەڵ بە شیعرەکە دەکرێت و ڕەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوەکەش، لەوێنەی (ڕووداو، کەسایەتی، کات و شوێن)یش لە باڵاوپانتایی دەقدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. لەم بارەوە (د. عمر الطالب) سەبارەت بەدەقی شیعری موتوربەکراو بە ڕەگەزی گێڕانەوە دەڵێ: ((گێڕانەوەیەکی شیعرییە شێوازێکی حەکایەتئامێز وەردەگرێت، بەپشتبەستن بەڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێک لە دووتوێی چوارچێوە و بنیاتێکی شیعریدا کە بەکاتوشوێنێکی دەرەکی یاخود دەروونی سنووردارکراوە و تیایدا گوزارشت لە بیرۆکەیەک دەکرێتەوە کەوا کاراکتەر تیادا ڕۆڵێکی بنەڕەتی و بزوێنەری لە ڕووداوەکەدە هەیە، هەروەها لە گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنیشی لە ڕێگەی زنجیرەی ڕووداوەکانەوە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی و... دەکرێ قارەمانی چیرۆکەکە شاعیر خۆی بێت و ڕووداوگەلێک بگێڕێتەوە کە بەسەر خۆیدا هاتبێت، بەڵام گێڕانەوەیەک نا وەک چۆن ڕوویداوە بەڵکو شاعیر پەنا بۆ ئاوێتەکردنی

واقیع و ئەندێشە دەبات لەڕێگەی هەستی خەیاڵکردنەوە)). (أردینی، ٢٠١١، ١٥)، لێرەوە ئاوڕ لە چەند نموونەیەکی شیعری دەدەینەوە:

- عەبدوڵڵا پەشێو، لە شیعرێکیدا بەناونیشانی (پرسیارێک)دا دەڵێ:

**لەیادمە**
**ساڵ: کۆتایی شەست و شەش بوو**
**شار: مەچەک بوو**
**ئێوارە بوو..**
**بۆ یەکەم جار..**
**من هەستم کرد، بەتەنگیی شار**
**تۆش هەستت کرد، بەتەنگیی شار**
**دوور ڕۆیشتین**
**لە سووچێکا پێک گەیشتین** (پەشێو، ١٩٧٢، ٦٨)

ئەم جۆرە گێڕانەوە (ڕاستەوخۆ)یە زۆرجار هەر لەسەرەتاوە ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، کاتێک بە دەستەواژەکانی وەکو: هەبوو نەبوو، دەگێڕنەوە، ڕۆژهات و ڕۆژ ڕۆیشت... تاد، دەسپێدەکات وەک لەم نموونەشیعرییەی (شێرکۆ بێکەس)دا هاتووە:

**خشل**
**دێرزەمانێ.. گێڕایەوە**
**شیعرێ خۆی بارکرد لە خشڵی**
**ژنی سوڵتان**
**ڕۆژ ڕۆی.. ڕۆژ هات**
**کاتێ کە ژنی سوڵتان مرد**
**لەسەر فەرمایشتی سوڵتان:**
**ژن و،**
**خشل و،**
**شیعرەکەیان**
**پێکەوە ناشت** (بێکەس، ١٩٧٨، ١٦)

لە ڕاستیدا بابەتی حەکایەت و گێڕانەوە لە شیعردا مەرج نییە بەگوێرەی یاسا و ڕێسا ناسراوەکانی چیرۆک و ڕۆمان بچێت بەڕێوە، لەشیعردا ڕووداو وەک زنجیرە تابلۆیەکی کۆکراوە لە چیرۆک و گێڕانەوە پێشکەش دەکرێت کە بە دەوری کەسایەتییەکاندا دەخولێنەوە. (اطیمش، ١٩٨٢، ٥٠) سەلاح شوان، چیرۆکی دابڕانی خۆی و دڵدارەکەی دەگێڕێتەوە، لە هەندێک جێگا ئیستێک دەکات و بە گێڕانەوە و حیکایەت وێنەی ئێش و ئازارەکانی دەکێشێت:

**چرۆی بەفر**
**هۆ لەیلێ.. لەیلێ، لەیلەکەم..!**
**تاقە جارێک پێت گەیشتم**
**نەتهێشت غەمی پەرێزەکانت گوڵچن کەم**
**نەتهێشت بارانی ئارەزووم**
**تاوێ بە ئاودڕەنەرمەکانی لەشتا**
**شۆڕبێتەوە..**
**ڵقەکانی مانگ و ئەستێرەت بۆ بگرن**
**لە لێواری وەرزی زاینی گولیلکی کانیاوێکا**
**ماسی هەموو**
**گڕستانەکانمت لە کۆشی وشکتدا**
**خەو لێ خست و**
**سەرمت خستە سەر تاشە بەردەکەی سیزیف و بەجێت هێشتم**
(شوان، ١٩٧٨، ١٢٨)

گێڕانەوە لەم نموونانەدا ئاراستەیەکی (خودی) وەرگرتووە بەو هۆیەی نموونە شیعرییەکان پارچەی شیعری (لیریک)ن و لیریکیش زیاتر لە دەوری موعاناتی خودی شاعیر دەخولێتەوە، لەم بابەتە لە نامیلکەی (زریان)ی **(ئەنور قادر محەمەد)دا هاتووە:**

ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە و ناکوژێتەوە
لە هەواری ماتی تەما
دەواری دەروون هەڵئەدەم
بە کۆچەڕێی دووری خەما
بارگەی وشەم بەڕێ ئەخەم
باوبۆرانێ لە دڵمایە؛ گەر بباری
هەسوونە زێڕینە و هەتاو
ئەدا لە یەخەی بەهارێ

* * *

هەورەکانی ئاسمانی شار
بۆ باوەشی گۆماوەکەی (دەربەند) ئەفڕین
وتیان نامە ... سڵاو، هەواڵ
بۆ باوک و دایکت نانێری
ئەی نامەی ئەوانت ناوێ
وتم (سیروان) هەموو ڕۆژێ
هەواڵیانم بۆ ئەهێنێ (محەمەد، ١٩٧٨، ٣٤)

جۆرێکی تری گێڕانەوە، گێڕانەوەی وەسفییە کە لە شیعردا بە زۆرشێوە پێڕەوی لێدەکرێت. لێرەوە لە ڕێگەی وێنەکێشانی وەسفییەوە گێڕانەوە خاوەدەکرێتەوە یاخود دەوەستێندرێت، وێنەی وەسفی وێنەیەکی زەینییە لەبارەی دیمەنێک یان شعورێک کە بە وشە پێشکەش دەکرێت. (سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٠) لەم بوارەدا گوتەیەکی ناودارمان هەیە کە دەڵێ؛ نیگارکێشان نەخشاندنی وێنەیە بە ڕەنگ، بەڵام شیعر وێنەکێشانە بە وشە

- ڕەفیق سابیر، لە پارچەیەکیدا بەناونیشانی (سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو)دا دەڵێ:

**خوشەویستم .. دوێنێ ئەستێرەی سیلاوی**
**ئاسۆی ژیان ..**
**دوا فرمێسکی، قەتیس ماوی**
**چاڵی .. چاوی**
**ڕژایە ناو .. دەمی نەهەنگی شەولەبان!.**
**دوا برژانگی هەڵوەریوی**
**بەتەزیوی**
**کەوتە .. ناوکۆشی، پەرژینی**
**بێ ئەوینی ..**
**باخچەی زستان** (ڕوانگە (٢)، ١٩٧١، ٣٦)

گێڕانەوە لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا کەوا بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی پێکهێناوە، هەموو ئەرکەکانی، وەک چۆن (جیرارجینیت) دەستنیشانی کردووە، بەجێ دەگەیەنێت لە؛ ئەرکی گەیاندن، ئاراستەکردن، ئەرکی ئایدۆلۆژی و لە دواییشدا گێڕانەوەیی. (التمیمی، ٢٠٠٨، ٣٠):

**تەوقەکردن**
**قەڵەمی (زنجی)یەک لەسەر**
**کۆشکی سپی .. ڕاوەستا بوو**
**هاواری کرد:**
**کە بروسکە تەوقە لەگەڵ**
**هەورا ئەکا**
**ڕەگ**
**ئەو مەلانەی بەئاسمانەوە ئەکوژرێن**
**گەر ئەستێرەو پەڵە هەورو**
**(با) و هەتاویش**

**تاوانکەران بەدی نەکەن**
**(ئاسۆ)ش گوێی خۆی کەڕکا لێیان**
**شاخ و ئاویش لەبیریان کەن**
**هتد .. هتد**
**تاقە درەختێ هەر ئەبێ بیانبینێ و**
**ناویان لەسەر**
**ڕەگەکانی خۆی بنووسێ!** (بێکەس، ١٩٧٨، ٦ – ١٨)

(محەمەد بەدری) دەقێکی بەناونیشانی (هەستی یاخیبوون) بڵاوکردۆتەوە، کەوا گێڕانەوەیە لە سیاقی ژیننامەدا، کە لە ڕووی تیۆرییەوە دەشێ بە تێچینکردنی (ژیننامە) وەکو ژانرێکی سەربەخۆ لەباڵ شیعردا سەیر بکرێت:

**لە شارێکی لە بیر چووا**
**لە دایکبووم ...**
**لە گۆمی ئازار و خەما**
**پەروەردە بووم ...**
**شارەکەمان،**
**هاوارێک بوو**
**لەناو گێژاوی ونبوونا**
**ئەتوایەوە**
**ڕووبارێک بوو**
**هەناسەکەی**
**لافاوێک بوو**
**بەناو گەروووی داگیرکەرا**
**ئەڕژایەوە ..** (ڕوانگە (٢)، ١٩٧١، ٤٣)

**٢- بنياتی درامی له شیعری ڕوانگەدا:**

مەسەلەی بنیاتی درامی شیعر له بنچینەدا لەسەر بنەمای تیۆرەکەی ئەرستۆدا داڕێژراوە، شیعر وەکو چوارچێوەیەک، جگە له خەمەکانی خودی شاعیر خۆی له بابەتی (لیریک)دا، پەیامی شانۆ (دراما) و پەیامی داستان (مەلحەمە)یشی گەیاندووە، بۆیە له ئاواکردنی بنیاتی تەلاری خۆیشیدا بەمەبەستی خۆ دەوڵەمەندکردن و ڕازاندنەوەی ناوەرۆکدا، سوودی له ڕەگەزەکانی دراما وەرگرتووە. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١٣٩). له دوایەش وەکو یەکێک له دیاردەکانی نوێخوازی و کرانەوە بەڕووی ژانرەکانی تردا ڕەگەزەکانی شیعر و ڕەگەزەکانی دراما ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر دەبن. بەو جۆرەش کەوا (هیگل) گوتوویەتی؛ که شیعر هونەری هەموو هونەرەکانە، بۆیە له توانایدا هەیە هەموو ژانرو هونەرەکانی تر، لەوانەش دراما و ڕەگەزەکانی دراما بگرێتە خۆی. (شغیدل، ٢٠٠٧، ١٨٣)، لیریک، پارچەیەکی ویژدانی و خودی سنووردارە و به زۆری تەعبیر له ئەزموونێکی تایبەتی شاعیر دەکاتەوە. ئەم کورتی و سنووردارییە بۆ لیریک وەکو ناوەرۆک و قالبێکی شیعری له (غەزەل)ی کلاسیکییەوە بەمیرات بۆی ماوەتەوە وەک خاسیەت و تایبەتمەندییەکی شیعری. بەڵام قەسیدەی درامی، هەر دیسان بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی شیعری، هەم پارچەیەکی درێژ و هەمیش بنیاتی (بابەتی) بەسەریدا زاڵ دەبێت، باس له ڕووداو و ململانێکان دەکات و لەم پێناوەدا سوود له تەکنیکەکانی شانۆ وەردەگرێت، دەیمەن و تابلۆکان بەدوای یەکدا ڕێکدەخرێن، ڕووداو بەرەبەرە هەڵدەکشێت و پەرە دەستێنێت، چارەسەرەکان لەڕێگەی کێشمەکێشی نێوان کەسێتی و کاراکتەر و لایەنەکان و دەنگە جیاوازەکانەوە دەخرێتەڕووو. (اطیمش، ١٩٨٢، ٧٨) ئەم ئاوێتەبوونەی شیعر و دراما له ڕێگەی تەکنیکە هەرە دیار و کاریگەرەکانی هونەری دراماوە بە ئەنجام دەگات که ئەوانیش بریتیین له؛ دیالۆگ و فره دەنگی.

(دیالۆگ) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری شانۆ و دراما گفتوگۆی نێوان کەس و کاراکتەرەکانە کە بە شێوەیەکی ڕوون و بابەتی دەدوێن و گرینگی و بایەخیشی لەوەدا بەدیاردەکەوێت کەوا سروشتی ململانە و توانای عەقلی هێز و لایەنە بەریەککەوتووەکان ئاشکرا دەکات. (ابو مصطفی، ٢٠١٥، ١١٧) لە قەسیدەی درامیدا کەسەکان و لایەنەکان خاسییەتێکی ڕەمزیان دەبێت، یا لە شێوەی دەمامکدا شاعیر خۆی لە پشت کاراکتەرەکانەوە حەشار دەدا و بە زمانی ئەوانەوە دەدوێت، کێشەکان دەورووژێنێت و پرسی ململانە و چارەسەرەکان دەخاتە ڕوو. هات و لەم لایەنەوە خوێندنەوە بۆ قەسیدەی (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ی (ئەنوەر قادر محەمەد) بکەین، دەبینین ڕووداو و ململانە چارەنووس سازەکان لە ڕێگەی فرە دەنگی و دیالۆگی نێوان لایەنە سەرەکییەکانەوە (فەرهاد، شیرین، کۆرس، پیرێژن) بەڕێوەدەچن و هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەگەن بە ئەنجام و چارەسەر:

**- کۆرس:**

**فەرهاد! .. فەرهاد!**
**قوڵنگەکەت بوەشێنە**
**لە دڵی ڕەقی بێستوونا**
**بۆ شارێکی برسی و تینوو**
**ئاو دەربێنە ... گوڵ بڕوێنە**
**فەرهاد! ... فەرهاد!**

**- شیرین:**

**هۆ فەرهاد گیان!**
**نیگاکانم سۆماییان داهاتووە،**
**ڕووەو ڕێگای ئاڵی بەیان**
**تینی چاویان هەڵخستووە**

بۆ هاتنت شار برسییە
شار تینووە
.......................................
.......................................
- پیرەژن:
کەلەشێرێکی ناوەختم
لە دەرگای ماڵەکانتان ئەقووقێنم
پەپوویەکم لاوانەوەی وێرانکاریی
لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شارا ئەخوێنم
ڕێچکەی ڕەشی زۆنگاوم و لە گەردنی سپی شارام
گرمەی سووری کرێوەم و لە چاوی سەوزی بەهارام
فەرهاد کوژەم، فەرهاد نایە
گوڵ ناڕوێ ... ئاو دەرنایە
فەرهاد ئەمرێ و ئاواتەکەی بەدی نایە
..................................
..................................
- فەرهاد:
گەرچی دڕکی پەنجەی زبری سەرما و سەهۆڵ
مەمکی کاڵی بەهار ئەڕنێ
گەرچی گیانە! .. لە هەوارە دوورەکانا
کۆچی ماتم بە فرمێسک و زەردەخەنە
دەواری غەریبی ئەچنێ
..................................
..................................
بەڵێ ئەی دەنگ!
ئەشکەوتی قووڵ نرکەی گیانت ئەتاسێنێ

**لاوکی سوور سنگی کچی چیاکانمان ئەهەژێنێ**
**باخی زڕی لێوی زەردی منداڵەکان**
**زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ**
**ڕووباری ئاو بۆ گەرووی شار ڕێگا ئەگرێ**
**مردن ئەمرێ .. گیانی تینووی ڕەشبەڵەکمان**
**ئاگر ئەگرێ ..**
**زرمە و تەقەی شۆڕەسواری خۆر لەچاومان**
**بەری بەرزی ئاسمان ئەگرێ**
**شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێ ئەدرێ**
**شیرین دەسڕی سەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ**

(محەمەد، ١٩٧١، ١٤)

(گینگل) قەسیدەیەکی درێژی (شێرکۆ بێکەس)، و (١٢) لاپەڕەی لە کۆمەڵە شیعری (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ) گرتۆتەوە. بنیاتی درامی سیمای زاڵ و دیاری باڵا و پەیکەری بنیاتنانی قەسیدەکەیە، لە ڕەگەزە دیارەکانی بنیاتی درامی لە درێژەی قەسیدەکەدا ئەم هونەر و تەکنیکانە بەدی دەکرێن؛ گێڕانەوە لەڕێی تەکنیکی مەنەلۆگ و خۆدواندن (گفتوگۆی ناوەکی)، دواندنی کەسی بەرامبەر لە ڕێگای پرسیار و وەڵام، هێنانەوەی ڕەمز و سمبۆڵە جیهانییەکان لە وێنەی (گلگامش، ئەنکیدۆ، ئۆدیب، مارکس، محەمەد، یەهودا، مەسیح، پرۆتۆس، پیکاسۆ ... گەلێکی تریش) کەوا ئامادەییان هەیە لە پانتایی دەقدا وەکو کاراکتەر و فاکتەری بزوێنەر و دروستکەری ڕووداوەکان، لەبەرامبەردا شاعیر بەدوای فریادڕەسێکدا وێڵە، فریادڕەسێک لەسەر شێوەی ڕەمزەکانی پێشوو، لە مێژوودا بۆی ئەگەڕێت تاوەکو ئەیدۆزێتەوە، لەسەر شێوەی (حسەین)دا کە شیعرەکەش هەر لەپێناوی ئەودا نووسراوە:

**بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو گومانی ساتەکانیا،**
**سوورِم ئەدا. ((بیرەکانم ئەمبێژنەوە))**
**سوورِم ئەدا و لە چۆلێکا کە ئاو: خەوی ئاسمانێکە نەزۆک،**
**جێم ئەهێڵێ. ((قاچەکانم ئەمگێڕنەوە))**
**جێم ئەهێڵێ و خێڵی ترسی جێ نیشتە لەناو قورگی نەهەنگا،**
**ئەمدۆزنەوە. ((دەستەکانم ئەمڕننەوە))**
**ئەمدۆزنەوە و بەستوونی یەک بە یەکی دەوارەکانی تاوانا،**
**ئەمبەستنەوە. ((لەشم لەسەرم ون ئەبێ))**
**((سەرم کتێبێکی کۆنە لەناو تاقی مێژوویەکا دانراوە،**
**تۆزی شپرزەیی ئەیخوا – سەر لەسەر سەر هەڵچنراوە –**
**خەتەکانیان داون .. ئەڵکێن بەقاچی جاڵجاڵۆکەی ڕۆژەکانا))**
**لەشم خوانێکە لەژووری نەوسەکانما ڕا خراوە.**
**بۆت ئەگەڕێم و نیوە شەو هەرێمێکە بێ دەنگیی داگیری ئەکا**
*** خەوە خۆری ئەم هەرێمەی خەسانووە**
**خەو بکوژن .. خەو لەم هەرێمەدا دەرکەن.**

شاعیر بەم قوفلەی دوایی لەبەشی یەکەمی تێکستەکەیدا پەردە لە ڕووی کرۆکی کێشەکە ڕادەماڵێت؛

**– خەوە خۆری ئەم هەرێمەی خەسانووە.!**

ئەنجا لە ڕێگەی هونەری پاتەبوونەوە و تەدویرەوە درێژە بەگەڕان بەدوای فریادڕەسێکدا دەدات:

**.................................**

**.................................**

**بۆت ئەگەڕێم و نیوە شەو خەرەندێکە دەس ئەنێتە بینی وشەم**
**بۆت ئەگەڕێم و نیوە شەو تابووتێکە جیهانی تیا ڕاکشاوە.**

**.................................**

**.................................**

*** ئەی کێ ئەڵێ (ئۆدیب) ڕەوانەی دۆزەخ کراو پەشیمانە**
*** ئەی کێ ناڵێ .. ئەی کێ ئەڵێ .. ئەی کێ ناڵی ... !!**

ئەم دیالۆگە ناوەکییە ڕاڕا و گوماناوییە درێژەی دەبێت لەسەر ڕێژەی پرسیاری بێ وەڵام، کێ **ئەڵێ و کێ ناڵێ**! دواتر دەگەڕێتەوە سەر موناجاتەکانی پێشووی:

**بۆت ئەگەڕێم و گالیسکەی ئەم شەوە زەنگە سەرەولێژ!**
**ترسی کۆیلەم .. بەدوای خۆیدا ڕائەکێشێ.**
**.................................**
**.................................**
**وەک ((مەم)) بدوێ ..**
**چۆن ئەهێڵێ گیای هەناسەی ((دەیدەموونە))**
**لە زەلکاوی سییەکانی پیرێژنی فەرهاد کوژەی،**
**ڕقا بڕوێ .. چۆن ئەهێڵێ**
*** دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ.**
**دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ.**

بنیاتی گێڕانەوە، وەکو چۆن بنیاتی درامیش لە شیعری (شێرکۆ)دا بەپێی دوو شێواز بنیات نراوە؛ یەکیان وەسفە، کە لە ڕێگەی کات و شوێنە وەسفکراوەکاندا بنیات دەنرێت، دووەمیان لایەنی درامیەکەیە کە ئەویش لە ڕێگەی بەیەکەوە گرێدانی کەسایەتییەکانەوە چ حەقیقی بن چ خوازەیی لە ڕێگەی دیالۆگەوە کەوا بە ئەرکی بەیەکەوە گرێدانی واتا و بیرۆکەکان نێوان کەسەکانەوە هەڵدەستێت چ لە ئاستی دەلالیەوە بێت یاخود دەروونی. (التمیمی، ٢٠٠٨، ١٣٢) ئەم هەڵکشان و داکشانە لە درێژەی قەسیدەکەدا بەردەوامی هەیە، تاوێک لەڕێی پرسیار و وەڵامە نامەکان:

**- تۆ کێی .. تۆ کێی**
**- هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ!**
**- دەرکراوی؟**
**- ........................**
**- چۆن هەڵ ئەکەی؟**
**- نان بەبێ شەرمی ناوچەوان نابرژێنم**
**- منت دیوە**
**- کە مردنم لە لێواری ترسا بینی**
**- ناوت چییە؟**
**- ناوت چییە؟**
**بۆت ئەگەڕێم و ئەم شەوە لە وێرانەی زەمینێکا ڕەنگی گومان،**
**بەچوار دەوری ئاینزاکانا ئەڕێژێ ..**

(بێکەس، ١٩٧٣، ٥ – ١٦)

ئەم دیالۆگ و مەنۆلۆگ و هەڵکشان و داکشانەی لە چینەکانی تێکستەکەدا بەدی دەکرێت، لە یەکەم هەنگاودا ئاوێتەبوونی ئاخاوتنی نێوان کارەکتەرەکان و گێڕەڕەوەکە (کە شاعیر خۆیەتی) لێ دەکەوێتەوە. ئەنجا لە دوایەشدا هەموو ئەو هەڵکشان و داکشان و گواستنەوە و گێڕانەوەیە لە هەر بارودۆخ و شێوەیەکدا بێت، بە کە نالی هەست و تێگەیشتن و فەلسەفەی شاعیردا تێپەڕدەبێت لە ئاراستەکردنی هێڵەکانی قەسیدەکەدا. (عروس، ٢٠١٠، ١٧).

قەسیدەی (کۆچێکی بێ سەروشوێن)س سەلاح شوان لە کۆمەڵە شیعری (دڵدارەکەم)دا، بنیاتی درامی ڕایەڵ و پۆی هۆنینەوەی پێکهێناوە، دیالۆگ لەنێوان (شاعیر) و ئاخێوەرە نادیارەکەی بەرامبەری (دڵدارەکەی) بۆتە دەروازەیەک بۆ تێکستەکە:

* گەڵایەکی غەمباری دەم
ڕووباری بەفراوی مەرگی
ئەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە ..
لە بیابانێکی وشک و برینگی ناولەپی شەوا
کەس ناناسی و .. کەس ناتناسی و
بیرم ئەکەی
بیرم ئەکەیت و، بیرت ئەکەم و.. هەر شەوەی
لە قوژبنێکی تاریکی
مەیخانەیەکی بەغدادا
ئەخۆمەوە و .. باست ئەکەم
باست ئەکەم و، ئەگریم و ئەخۆمەوە
تا لە بیرم ئەچێتەوە.

..............................

* خۆر جێگای بەرزەو
تۆ هێشتا مەلیکی بەرزە فڕیت
ئەترسم ڕەهێڵەی غەمی ئەم بەهارە
پەڕ و باڵت تەڕ بکات و .. پەکت بخات
نەتبینمەوە
جێم مەهێڵە
خۆشەویستم ڕووبارێکی بەهارەیە
دڵیشم ئەکەمە پاپۆڕ
بۆ لوتکەی کام چیات ئەوێ
سەرت ئەخەم
جێم مەهێڵە
(شوان، ١٩٧٨، ١٢٣ – ١٢٧)

### ٣- بنیاتی گوتاری سیاسی لە شیعری ڕوانگەدا:

ڕەنگدانەوەی بیری سیاسی (نەتەوەیی، نیشتمانی و چینایەتی) لە شیعری کوردیدا ڕەگێکی دوورو قووڵی هەیە، پێشیەکەی بۆ شیعر و بەرهەمی خانی و حاجی دەگەڕێتەوە. بەڵام لەسەردەمی شیعری نوێگەری کوردیدا، جۆرێک لە جیهانبینی سیاسی بەدی دەکرێت و خاوەنەکەی زیاتر لە کەسێکی سیاسەتمەدار دەچێت و لە ڕێگەی برەو پێدان و بەڕێکردنی گوتارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە هەوڵی قەناعەت پێکردن و قایلکردنی خوێنەر دایە. گوتاری سیاسی سەر بەدنیای پەخشانە و بریتییە لە ((دەرەتانێک بۆ گوزارشتکردن لە بیروباوەڕ و خستنەڕووی هەڵوێست و بیروڕاکان لەئاست مەسەلە سیاسیەکاندا لەوێنەی، شێوەی حوکمڕانی و دیموکراتییەت و چۆنییەتی دابەشکردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و جۆرەکانی. گوتارێکە لە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی بەرامبەرەکەی دایە بە ڕاستی و دروستی بانگەوازەکەی لە ڕێگەی هێنانەوەی بەڵگە و دەلیلەوە)). (روابح، ٢٠١٨، ٧٨). لێرەوە گوتاری سیاسی دەبێتە بوارێک بۆ هەڵوێست نواندن سەبارەت بە کێشەیەکی سیاسی لەلایەن کەسێکی داهێنەرەوە، گوتاربێژ، یا سیاسەتمەدار، یا شاعیرێک بێت. بەهۆی ئەم بارودۆخە سیاسییەی کەوا گەلی کورد لە شەستەکان و حەفتاکاندا تیایدا هەلیکردووە و بزووتنەوەی ڕوانگەش لە ئان و ساتدا بووە، بۆیە بەشێک لە بەرهەمی ڕوانگە خۆی لە گوتارێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی یاخی نزیک کردۆتەوە. گوتاری سیاسی و یاخیبوون بۆتە بەرنامەی کار و دەربڕین لای ڕوانگەییەکان ئەگەرچی وەکو پێداویستییەکی چەمکی شۆڕشگێڕانەی ڕووت هاتووە، نەوەک ڕەنگدانەوەی بیرێکی فەلسەفی بێت. (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٣١).

(محەمەد بدری) لە تێکستێکدا بە ناونیشانی (هەستی یاخیبوون) دەڵێ:

**وەک ڕەشەبا**
**لەچلەی ساردی زستانا**
**دەرئەکەوم**
**بەسەر لوتکەی شاخەکان**
**سەرئەکەوم**
**لە هاوێنی دەروون گەرما**
**ئەنەڕێنم**
**تەختی داگیرکەر هەڵئەدەم**
**بە ئاسمان ئەبڕووخێنم** (ڕوانگە)، ١٩٧١، ٤٤)

(سامی شۆڕش) لە (سێ بڕگە .. خەمی یاخیبوو!)دا دەڵێ:
**خۆشەویستیم دەکەمە تۆپەڵە ڕقێ ..**
**دەینێمە ناو پەرژینی وشکەڵی گیانت**
**دەتوێمەوە**
**لە دەریای ئارەقە و خوێنی چەوساوەکان**
**تا .. دەتەقێ ..**
**تا .. هاڵاوی دەبێتە خۆرێکی چاوسوور**
**لەگەردنی ئەم شەوە بێ ئامانەدا .. ڕەق .. دەچەقێ**
**ئەوسا گیانە .. تاسەی لێوی**
**تینووم بۆ ماچ .. ،**
**چۆن ماکی داربەڕوو .. کێوی**
**دەروون پڕ بورکان .. دەمژێ**
**ئا .. وا .. بۆ ناو کوورەی گیانت .. بەگوڕ .. دەڕژێ.**
(ڕوانگە، ١٩٧١، ٣٣)

ئەم دیاردەی ئاوێزانبوونەی گوتاری سیاسی و شیعر لە بەرهەمی ئەو ڕۆژگارەی (جەلالی میرزا کەریم)دا[*] کە یەکێک لە ڕابەرەکانی بزووتنەوەکە بووە، زۆر بە ڕاشکاوی دەرئەکەوێت، لە ئاست ئەو دەقانەی شاعیر، کە لەو ڕۆژگارەدا دەبیندرێن دوو تێبینی خۆیان بەزەقی نمایش دەکەن؛ یەکیان ئەوەیە کە دەقەکان بەگشتی تا ئەندازەیەکی زۆر خۆیان لە گوتارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی ڕووت نزیک کردۆتەوە. تێبینی دووەمیش هەر لەمەوە دێت، کەوا خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقەکاندا جیاوازییەکی بنیادی ئەوتۆ بەدی ناکات و دەشێ هەموویان بەیەکەوە بلکێندرێت و وەک یەک تێکست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لێرەدا لە هەر تێکستە و کۆپلەیەک بە نموونە بە دوای یەکدا دێنینەوە، بۆ ئەوەی هەردوو دیاردەکە خۆیان بنوێنن:

**- لە گیانێکا .. ئینسانێکا**
**لە قوولایی ئاسمانێکا**
**لە شڵپەی خوێنی جوانێکا**
**لە کسپە و چزەی ژانێکا**
**زۆر شت بینرا، ئێجگار نوێبوون**

* * *

**بۆ گەل**
**مەشخەل**
**چرای ڕێبوون**
**وای کرد پێڵووی چاولێکنەنرێ**

---

[*] هاوڕێی شاعیرمان (سەباح ڕەنجدەر) لەم دواییانە هەموو تێکست و شیعرە پەرش و بڵاوەکانی شاعیر کە لەو سەردەمەدا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە. لە نامیلکەیەکدا بەناونیشانی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام) کۆکردۆتەوە و بەپێشەکی و پەراوێزەوە چاپ و بڵاوی کردونەتەوە. بگەڕێوە بۆ (میرزا کەریم، ٢٠٠٨).

له ڕووی تیشکی ئەو بڕوایە
هەژاری شار هەنگاو بنێ
بەرەو سەختی ئەو ڕێگایە
کە نان
ژیان
بەختیاری بۆ ئەم تیایە (بڕوای شار، ل ٢٧)

- گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامۆشی تاری سنگا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە، بێ وەڵامەی، ڕێی پێنابەم
نەتێی ئەگەم
نەئەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەرباز کەم
(ڕازێکی دەروون، ل ٣١)

- ئەتانەوێ من بناسن
من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا بێ
کە هەڵوێست مرد، بۆچی نابێ؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیابێ
(ڕازەکانی هەفتە، ل ٣٦)

- داستانەکەی شار: ئەیگێڕێتەوە
پێشەوایەک مرد کەس بۆی نەگریا
ڕابەرێکی تر، وا بەڕێگەوە
هەبێ؟ ئەمجارە پێشوازی بکا؟

* * *

ئەڵێ: لەم شارە
گۆشتی ڕزیوی لاشەی کرمە ڕێز
بۆ جانەوەری پەنای سێدارە
ئەکرا بە پارووی خۆراکی بە پێز (داستانی شار، ل ٣٩)

- ئەتانزانی پەری ئاوات
لە کەژاوەی دڵداری ئاوارەوە
نەبێ .. نایەت
ئەتانزانی کەشتی شادی،
لە ڕۆخی زامی دەریاوە
نەبێ. نایەت
ئەتانزانی. شنەی ئاڵا لەتاو ڕێژنەی
ڕاستبوونەوەی سێدارەوە
نەبێ. نایەت (ڕێگا، ل ٤٦)

- براکانم دەنگی شۆڕش
تەقەی ناو سەنگەری ئەوێ
براکانم. زاری شۆڕش
نەڕەی تۆقێنەری ئەوێ
براکانم. شۆڕش، شۆڕش
بەڵێ شۆڕش
بازووی ڕووخێنەری ئەوێ
بیری نوێی ڕەهبەری ئەوێ (بەشێکی تر لە گاتاکان، ل ٧٩)

- ئەی کوردستانی پێشمەرگە ..
ڕاستە دڵی چیاکانت،

**چاوی گەشی منالانت**
**ئەمسال پڕ شایی و ئاهەنگە**
**بەڵام. قسە، هێشتا. ڕەنگە**
**خواست و مەرام.**
**یاقووتێکی شەو چراخی**
**ناو گەرووی تاری نەهەنگە** (یاد و یاقووت و نەهەنگ، ل ٨٤)

لێرەدا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە زمان و گوتاری شیعری (سیاسی) ڕوانگەییەکان، بە بەهانەی واقیعییەت و پابەندبوونەوە بۆتە جۆرێک لە دروشم و بانگەوازی سیاسی، کە خەوشێکی زۆری بە بنیاتی شیعری گەیاندووە و بۆتە نەریتێک لە پڕوپاگندەی سیاسی کە لە مەیدانی ڕەخنە و هونەردا ئەمڕۆ قبوڵکراو نەبێت. لەم بارەوە نموونەی زۆرمان لە بەردەستە. بەڵام بەپێویستی نازانین زیاتری لەسەر بدوێین.

**٤- ڕوانگە و شیعری پۆستەر (ئاوێتەبوونی هونەرەکان)**

هونەرە جوانەکان هەر لەسەرەتاوە و لەسەردەمی (گریک)دا لەپێنج بەشدا پۆلین کراون (ئەدەب، نیگارکێشان، پەیکەر تاشی، سەما و مۆسیقا). لەو ناوەدا هونەری ئەدەب و بەتایبەتیش ژانری شیعر وەک بەشێک لە هونەرە جوانەکان، توانیویەتی سوود لە هەموو هونەرەکانی دیکە وەربگرێت و هەریەکە و بە جۆرێک ئاوێتە و ئاوێزانیان ببێت. تەنانەت لە ڕێگەی وێنەگرتن و تەکنیکی (لەقتە و دیمەن و مەشهەدەوە) توانیویەتی سوود لە هونەری سینەماش وەربگرێت. یەکێک لە سیما دیارەکانی ئاوێتەبوونی هونەرەکان لە شیعری ڕوانگەدا، داهێنانی (شیعری پۆستەر یاخود پۆستەرە شیعر)ە. پۆستەر سەر بە جیهانی شێوەکاری و نیگارکێشانە و بریتییە لە کاغەزێکی چاپکراو کەوا دروشمێک یا وێنەیەکی بەرامبەر و ڕاستەوخۆی لێ دەکێشرێت و لە

شوێنێکدا هەڵدەواسرێت، تاوەکو بینەر بەخێرایی زانیارییەکان لەبارەی بابەتەکەوە وەربگرێت. (الملصقات – البوسترات – educod.me735772)

ئەم بابەتەی هونەری شێوەکاری لە شیعری ڕوانگەدا وەکو فۆرمێکی ئەدەبی هاوچەرخ لەشێوەی کورتیلە شیعرێکی چەند دێری (لە شێوەی کۆپلەیەک)، کە واتایەکی سەربەخۆ و تەواو بدات بەدەستەوە و تیایدا پشت بەچڕی و خەستی و کورتبڕییەکی تەواو دەبەسترێت لە دەربڕین و داڕشتندا. (محەمەد، ٢٠١٤، ٥٢) (شێرکۆ بێکەس) بۆ یەکەمجار ئەم ئەزموونەی لە شیعردا تاقی کردۆتەوە. لە پاشان ئەم فۆرمە شیعرییە هاوشێوەی جیاجیای لێ کەوتۆتەوە بەناوی کورتیلە شیعر، موبایلە شیعر، شیعری هایکۆ ... تاد. مەبەستی بەرودوا لەم کارسازییە ئەدەبییە ئەوەیە کەوا شاعیر وێنە و بیرۆکەیەکی شیعری، هاوشێوەی پۆستەر و پورترتێکی شێوەکاری، لە ڕێگەی چنینی سفتوسۆلی وشە و فریز و ڕستەکانەوە لە فۆرمێکی کورت و چڕوپڕدا بە خوێنەر بگەیەنێت(*).

**باڵا**
**ئازارێکی باڵا بەرزم**
**بێ ئەوەی بچمە سەرشانی**
**خەمێکی تر.**
**تەنیا بەسەر هەڵبڕینێ**

(*) بۆ یەکەمجار (شێرکۆ بێکەس) تێکستێکی لەم جۆرەی بە ناونیشانی (١٠ پۆستەر لە پێشەنگای شیعرێکی کۆچەردا) لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا و لە هاوینی (١٩٧٥)دا بڵاوکردۆتەوە (نوسخەیەکی ئەو لاپەڕەی ڕۆژنامەکە لەلای ئێمە پارێزراوە). لە پاشان کۆمەڵە شیعرێکی لە بەرگێکدا بەناوی (کازیوە) لە ساڵی (١٩٧٨)دا بڵاوکردۆتەوە کەوا سەرلەبەری بریتییە لە (شیعری پۆستەر) ئەم ئەزموونە لە شیعری عەرەبی عێراقیدا تاقی کراوەتەوە. بەتایبەت لای (سامی مهدی) لە کۆمەڵە شیعری (اوراق الزوال). بگەڕێوە بۆ: (شغیدل، ٢٠٠٧، ١٩)

برین لە کوێ بێ ئەیبینم
هەژار لە کوێ بێ ئەمبینێ
* * *
هەنگوین
((نالی)) پرسی:
- هەنگوین چ ڕۆژێ پەیدا بوو؟!
((مەم و زین)) پێکەوە وتیان:
- هەنگوین
ئەو ڕۆژە پەیدا بوو
کە ((شانە))ی دەمی دوو دڵدار
هەنگی ((ماچ))یان .. بەخێو کرد و
لە لادێوە ..
ناردیانە شار!
* * *
کۆبوونەوە
لە ئەمریکای خوارووودا
شەو بە دزیی مەخفەرەوە
چەند سنوورێ کۆبوونەوە ..
بڕیاریان دا کە یەکتریی
بسڕنەوە
* * *
سووتان
بە پلیکانەی ترسدا ..
تاریکی هەروەکو دزێ
بۆ دەروونم شۆڕ ئەبۆوە ..
کاتێ گەیشتە ناو دڵم ..

ویستی .. دەستی
ڕابکێشێ ..
لە پڕێکدا ..
خۆشەویستم داگیرسان و
تاریکی و ترسم تیا سووتان

* * *

لافاو
لافاو بە ماسی وت:
هۆی تووڕەبوونی لێشاوم
گەلێک زۆرە ..
بەڵام هۆی هەرە گەورەیان
لەبەر سەربەستی ماسییە و
دژی تۆڕە (بێکەس، ١٩٧٨، ٥ – ٨٦)

**٥- ئاوێتەبوونی شیعر و مێژوو:**

مەبەست ئاوڕدانەوەیە لە ڕووداو و قارەمانەکانی مێژوو و گێڕانەوەی چیرۆک و سەربردەیانە لە ڕێگەی فراوانکردنی فەزای قەسیدە بەمیکانیزمەکانی پەخشان و کرانەوە بەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان کەوا کۆمەڵ یا میللەت لەسەردەمێکدا پێیدا تێپەڕیوە. لێرەدا تەوزیفکردنی مێژوو لە شیعردا، بەواتەی موتوربەکردنی دەقی شیعری بەچیرۆک و ڕووداوەکانی مێژووی ڕابردوو بە تێپەڕین بەلای گرینگی و بایەخی کەسایەتی و کارەکتەرەکانەوە، دەبێت بە (قەسیدەی ڕووداوی مێژوویی)، وەکو یەکێک لە سیماکانی تێکەڵاوی و کارلێکی ژانرە ئەدەبییەکان (الصگر، ١٩٩٩، ٢٠١٥) لە هەموو حاڵێکدا گونجاندنی ڕاستییەکانی مێژوو لە شیعردا، یا لە چۆنایەتی و کروئاکارێکی شیعریدا، دەبێت وەکو شیعر و وەکو ئەدەب مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نموونەی ئەمجۆرەش لەئەدەبی هەموو میللەتاندا بەدی دەکرێت.

له شیعری ڕوانگەدا، بەتایبەتیش لای یەکێکی وەکو (شێرکۆ بێکەس)دا، هەمیشە مێژوو وەکو کایەیەکی موگناتیسی شاعیری بەلای خۆیدا کێش کردووە، ئەویش لە ڕێگەی بە شیعرکردنی مێژوو، ڕووداوی مێژوویی و قارەمان و کەسایەتییە مێژووییەکانەوە، بەشێوەیەکی فەنتازی و دوور لە ڕاپۆرت ئامێزی، هەوڵی داوە لایەنی مرۆڤایەتی کێشەی میللەتەکەی بخاتەڕوو. (جارێکی تر ((سمکۆ)) ناچێتەوە سەر خوانی مردن!) دەقێکی ڕووکار مێژووییە و سەرەتای ئەزموونێکی تازەیە لە جیهانی فرە ڕەنگ و فرە ڕەهەندی شیعری شێرکۆدا، کە لە دوایە زیاتر و بە جۆرێکی دیکە پەرەی پێداوە(*). شاعیر لەم دەقەیدا لە ڕێگای نزیکبوونەوە لە مێژووی (شۆڕشی سمکۆی شکاک)دا بەدوای هەق و عەدالەت و ئازادی و سەربەخۆییدا دەگەڕێت لە ڕێی شۆڕش و فیداکاری و قوربانیدانەوە:

**هۆرەیە .. وا ((شوکاک)) ڕەشەبا زین ئەکات**
**بە قاچی گەردەلوول،**
**ئاوزەنگی لافاوی باڵگرتوو .. لێ ئەدات!**
*** من .. چەمی ((خوڕخوڕە))م کردووە بەدەمی،**
**دەربەندی ((قوتور))دا..**
**هەواری ((چاریە))م لە گۆمی ورمێ دا.. هەڵداوە**
**هەیاسەی ((زۆزان))م لەپشتی سەقزا .. بەستووە**

---

(*) ئەم هونەرە شیعرییە لە قۆناغەکانی دواتردا لای شاعیر بەئاقارێکی دیکە لە داهێنان گەشە دەکات و بە سوود وەرگرتن لە ڕووداوەکانی مێژوو بەرەو ژانرێکی ئەدەبی تازە لەوێنەی (چیرۆکی مێژوویی، یاخود، داستانی مێژوویی). وەک ئەو دەقانەی لە کۆمەڵە شیعری ((ڕووبار))دا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بگەڕێوە بۆ: (بێکەس، شێرکۆ، ١٩٨٤، ڕوبار – چیرۆکی شیعر، لە بڵاوکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان).

**له سابلاخ شایی مەو .. دەستم لە .. سنەدا .. گرتووە!**
**................................**
**................................**
*** ئەی ((سمكۆ))ی پێشەنگی كاروان بروسكە**
**سڵ بكە .. سڵ بكە .. سڵ بكە**
**چڕنوكێك .. دە چڕنوك .. سەد چڕنوك**
**مەچۆرە .. سەر خوانێ كە مردن لە سەرای،**
**((شنۆ))دا .. ڕای ئەخا**
**مەچۆرە .. سەر خوانێ .. كەوچكێ قاپی خۆی**
**داخ ئەكا**
**ئەی سمكۆی پێشەنگی كاروانی بروسكە**
**میوانی .. خوانێكی .. كە نانی ژەهراوی،**
**ئێشكچی ژووریێ و وەستاوە**
**مەچۆرە .. ماڵێكی .. كە شێوی تاوانی**
**لەسەری بڕاوا لێناوە.**

چیرۆكی چارەنووسی تراژیدیانەی (سمكۆ) لای كەس شاراوە نییە، لای شاعیر شكست و غەدر و خەیانەتی دوژمنان و داگیركەران نابنە لەمپەر لەبەردەم ئیرادەی هەڵسانەوەدا:

**كە جڵەو بۆ هۆڕە شل ئەكەم ..**
**لە ڕێگای .. قەتارا،**
**ڕێبواری هەناسەی حەیران و لاوكم .. پێ ئەگا**
**بمبینن .. من مانگی دزراوی،**
**ئاسمانی كوردستان .. دێنمەوە**
**بمبینن .. من كۆتری تۆراوی،**
**چاوانی دەزگیران .. دێنمەوە** (بێكەس، ١٩٧٣، ١٨ – ٢٤)

**ئەنجامەکان**

١- تیۆری ئەدەبی لە بنەڕەتدا و لەسەر دەستی (ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس)دا لەسەر بنەمای جیاوازی ژانراەکان و لێکجیاکردنەوەیان دامەزراوە. ئەم تێزە لەسەردەمی کلاسیزمداو تاوەکو سەدەی بیست هەروا ماوەتەوە.

٢- ڕۆمانسیزمەکان شۆڕشێکیان بەڕووی تیۆری جیاکردنەوەی ژانرەکان بەرپاکردووە و لە دوای ئەوانیشدا تیۆرو میتۆدە ئەدەبی و ڕەخنەییە نوێکان بۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ ئەم بابەتەوە خستۆتەڕوو.

٣- یەکێک لە تێزە تازەکانی تیۆری ئەدەبی مەسەلەی ئاوێتە و تێکەڵاوی ژانرەکانە، لە پاڵ ئاڵوگۆڕ و پەرەسەندنیان لە ژانری تازە و نوێدا.

٤- کۆمەڵێک دیاردە کە دەلالەت لە ئاوێتەبوونی ژانرەکان دەکەن لە شیعری ڕوانگەدا بەدی دەکرێن، لەوێنەی، بنیاتی گێڕانەوە، بنیاتی درامی، سوود وەرگرتن لە گوتاری سیاسی و تەوزیفکردنی مێژوو، لە پاڵ ئاوێتەبوون لەگەڵ هونەری شێوەکاری، کە لەم ڕێگەیەوە قەسیدەی پەخشانی کوردی، کە لەسەردەمی ڕوانگەدا برەوی پەیداکردووە، پێی ناوەتە قۆناغ و فەزایەکی فراوان و دەوڵەمەندەوە.

## سەرچاوەکان

### أ/ کوردی

١- بەرزنجی، دکتۆر عەلی تاهیر، ٢٠٠٨، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
٢- بێکەس، شێرکۆ، ١٩٧٣، من تنوێتیم بەگڕ ئەشکێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی، هەولێر.
٣- بێکەس، شێرکۆ، ١٩٧٨، کازیوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
٤- پەشێو، عبداللە، ١٩٧٢، شەونامەی شاعیرێکی تینو، مطابع ثنیان، بغداد.
٥- ڕوانگە، ١٩٧١، گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (٢)، چاپخانەی (النعمان)، نەجەف.
٦- سەعید، جەلال ئەنوەر، ٢٠٠٩، تەکنیکی گێڕانەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٧- شوان، سەلاح، ١٩٧٨، دڵدارەکەم، دار الحریة للطباعة، بغداد.
٨- عەبدوڵڵا، پەروین، ٢٠٠٨، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٩- عومەر، د. موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی، وەشانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی.
١٠-مەلا، ئەحمەد، ٢٠٠٥، شیعر تەنیا هەر بنەمایە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١١-محەمەد، ئەنوەر قادر، ١٩٧٨، زریان، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٢-محەمەد، شاخەوان فەرهاد، ٢٠١٤، کورتیلە شیعر، یەکێتی نووسەرانی کورد – مەڵبەندی گشتی، هەولێر.

### ب/ عەرەبی

١٣-أبو مصطفى، أحمد محمد، ٢٠١٥، تداخل الاجناس الادبية في القصيدة العراقية المعاصرة، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية، غزه.
١٤-اردیني، د. صالح محمد حسن، ٢٠١١، ثنائية السرد والايقاع، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا، اللاذقية.
١٥-اطيمش، د. محسن، ١٩٨٢، دير الملاك، دار الرشيد للنشر، بغداد.

١٦-برهم، الدكتورة لطيفة ابراهيم وقصى محمد عطية، ٢٠١١، في تداخل الاجناس الادبية، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، المجلد (٣٣)، العدد (٢).
١٧-التميمي، د. فاضل عبود، ٢٠٠٨، البناء السردي في شعر شێركۆ بێكەس، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية.
١٨-روابح، رجاء وخديجه حركات، ٢٠١٨، تداخل الاجناس الادبية في شعر نزار قباني، كلية الاداب واللغات، جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي، الجزائر.
١٩-الصگر، د. حاتم، ١٩٩٩، مرايا نرسيس، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٠-عروس، بسمة، ٢٠١٠، التفاعل في الاجناس الادبية، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت.
٢١-علقم، صبيحة احمد، ٢٠٠٦، تداخل الاجناس الادبية في الرواية العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٢٢-المناصرة، عزالدين، ٢٠٠٢، اشكاليات قصيدة النثر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٢٣-الناصر، إيمان، ٢٠٠٧، قصيدة النثر العربية، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت.
٢٤-ويس، د. احمد محمد، ثنائية الشعر والنثر في الفكر النقدي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

**ج/ فارسى**

٢٥-داد، سيما، ١٣٨٣، فرهنگ اصطلاحات ادبى، انتشارات مرواريد، تهران.
٢٦-شميسا، دكتر سيروس، ١٣٨٣، انواع ادبى، انتشارات فردوس، تهران.
٢٧-مكاريک، ايرنا ريما، ١٣٩٠، دانش نامەی نظريەهای ادبی معاصر، ت: مهران مهاجر، محمد نبوی، كتاب گزيده، تهران.
٢٨-الملصقات – البوسترات – educod.me135772

## ملخص البحث

## تداخل الاجناس الادبية في شعر ڕوانگه

نظرية الاجناس الأدبية من المباحث التي شغلت ميدان النقد الادبي منذ قرون واصبحت من المسائل الاشكالية. خاصة بين الذين يؤمنون بها ويؤيدون بالتالي بما يسمى بـ(نظرية نقاء الاجناس)، وبين الذين يرجعون ألاجناس جميعا إلى أصل واحد تبعا لنظرية (أصل ألانواع) لچارلس داروين بصدد ألكائنات الحية، وفئة ثالثة تنكب على مسألة تفاعل وتداخل ألاجناس الأدبية المختلفة – التي تؤدي بدورها الى ميلاد وإيجاد أنواع أدبية جديدة. ولكل فئة من الفئات الثلاث أسبابه ومنطلقاته وتنظيراته ألتي تنسجم مع تلك ألتوجهات. وهذه المسألة ألاخيرة، أي تداخل الاجناس ألادبية تشكل واحدا من أهم ألاتجاهات ألحديثة في مناهج ونظريات النقد ألادبي. وتعد مسألة تداخل وإختلاط الاجناس، واحدا من خصائص ومميزات ألنتاج الشعري لجماعة (ڕوانگه) الأدبية التي تشكلت في أوائل سبعينات القرن الماضي.

هذه الدراسة تدور حول المسائل المتعلقة بنظرية الأجناس الأدبية، وحصريا تتناول مسألة التداخل في شعر جماعة ڕوانگه. تتكون إجمالا من مقدمة ومحورين رئيسيين، كل محور يضم عده فقرات على الشكل الأتى:

المحور الأول يختص بتناول موضوعة الأجناس الأدبية مرورا بالمناهج والنظريات الأدبية المختلفة حول ذلك؛ وصولا إلى إتجاهات التداخل بين الأجناس.

أما المحور الثاني فيشكل القسم التطبيقي للدراسة منطلقا من العنوان الرئيسي للبحث وقد تم تناول ذلك من عدة زوايا، منها البنية السردية في شعر ڕوانگه، ومن ثم البنية الدرامية، وتداخل الخطابين السياسي والتأريخي في شعر ڕوانگه، وأخيرا حضور ملامح الفن التشكيلي، وتلي البحث عدة نتائج مستخلصة منها، وقائمة بالمصادر المختلفة، ويليها مختصران باللغتين العربية والانگليزيه.

# Abstract

## Interference of Literary Genres

The literary genres theory is among the researches that occupied the field of literary criticism for centuries. This has become one of the controversial issues, especially among those who believe in it and support what is called the theory of purity of literary genres, in comparison to those who refer all genres to one origin as per Origin of Species Theory of Charles Darwin regarding living entities. There is a third group who study the issue of interaction and interference of literary genres that lead to the birth and finding new literary genres. Each one of these three groups has their reasons, origins and theorizations, which harmonize with their trends. The latter issue, i.e., the interference of literary genres forms one of the most important modern trends in the methodologies and theories of literary criticism. Hence, the issue of interference and interaction of genres considered one of the characteristics and peculiarities of the poetic products of (Rwanga) group, which was established at the beginning of seventies of the last century.

This study is about the theory of literary genres, restrictively, on the interference of Rwanga group poetry. It is composed of an introduction two main focal points. Each focal point consists in several aspects as following:

The first focal point is relevant to the theme of literary genres passing through methodologies and different literary theories reaching to the interference among genres. But, the second focal point is on the practical section of the study starting from the main title of the study. This is tackled in many angles of views including narrative construction in Rwanga poetry and the dramatic construction of it. Finally, the study displays the interaction and interference of both political and historical discourses including the presence of plastic arts in the end.

Several extracted results are shown in the study as well as a list of different adopted sources and two abstracts in the English and the Arabic languages.

## مەلایێ جزیری
## مامۆستای یەکەمی شیعری کلاسیکی کوردی

د ئیقلیمێ سوخەن میرم، د شعرێ دە جەهانگیرم
(ویعلــوا موکــب العشـــاق اعـــلامي ورایــاتــي)

**پێشەکی:**

ئەدەبی نووسراوی کوردی لەماوەی تەمەنی هەزار ساڵەی خۆیدا، بەسەر چەند قۆناغ و قوتابخانەدا دابەش دەبێت، کە هەر یەکەیان بەگوێرەی چەند سیما و خەسلەت و تایبەتمەندییەوە دەستنیشاندەکرێت و لەوەی دیکەیان جیا دەکرێتەوە، لەوێنەی:

- ناوچە و سنووری جوگرافی دەستنیشانکراو.
- هەبوونی میرایەتی و پشتیوانەیەکی سیاسی تایبەت.
- دیالێکت و زمانی ئەدەبی سەربەخۆ.
- تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری خودی قۆناغ و قوتابخانەکە، تا ئەوەی بووە بە نەریتێکی ئەدەبی باوو بڵاو لەسەردەمێکی دیاریکراودا، کە لە ئەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

ئەم قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییانە لە ڕووی مێژووییەوە بەم شێوەیە هاتوون و پەرەیان سەندووە:

**١- قۆناغی ئەدەبی کۆنی کوردی؛**
أ-قوتابخانەی ئەدەبی لەک و لوڕ.
ب-قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی.

**٢- قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردی؛**
أ-قوتابخانەی ئەدەبی کوردیی باکوور (بۆتان).
ب- قوتابخانەی ئەدەبی کوردیی ناوەڕاست (بابان).

**٣- قۆناغی ئەدەبی نوێی کوردی.**

**٤- قۆناغی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی.**

ئەم قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییانە لەگەڵ ئەوەیدا لە زەمان و زەمینی دوور و لێکدابڕاودا پایەداربوون و، هیچ کامیان درێژەپێدەر و لەسەر بناغەی ئەوی تریان دانەمەزراون، بەڵام بەهەموویان ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەدەبێک پێکدەهێنن، کە ئەویش ئەدەبی میللەتی کوردە.

وەکو لە پێشەوەش ئاماژەی پێدرا هەر یەکێک لەم ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانە، لە چوارچێوەی قۆناغەکەی خۆیدا، بە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی جوگرافی – سیاسی – زمان و دیالێکتی ئەدەبی و، تایبەتمەندی هونەری جیاواز دەناسرێتەوە، کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان نابێتەوە و دەکرێ لێکۆڵینەوەی تایبەتیان لەبارەوە بکرێت.

ئەوەی کەوا لێرەدا مەبەستی ئێمەیە قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە، بەتایبەتیش بەشی یەکەمی کە بریتییە لە ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی باکوور (بۆتانی)، کەوا لە زۆر ڕووەوە خاوەنی چەندین نیشانە و خاسیەت و تایبەتمەندییە[*]:

---

[*] کە باس لە قۆناغ و قوتابخانەی (کلاسیک) دەکرێت لەئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتیش شیعری کلاسیکی کوردی، مەبەست ئەو ئەزموون و سامان و نەریتە ئەدەبییە کۆن و ڕەسەن و دێرینەیە، کە لەسەر بنەمای چاولێکەری و لاسایی بنەڕەت و یاسا و دەستوورەکانی ئەدەبی کلاسیکی (ڕۆژهەڵاتیی و ئیسلامی/ عەرەبی و فارسی و تورکی) هاتۆتە کایەوە و لە پاشان بووە بە سامان و بە میراتێکی گەورە و دەوڵەمەند بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی، کە بە هیچ شێوەیەک لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی ڕێبازی ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپا نەخوڵقاوە و دروست نەبووە. لەگەڵ ئەوەی هەندێ سیما و تایبەتمەندی هاوبەش، (لەگەڵ جیاوازی زەمین و زەمانیشدا) لەنێوان ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵات و (لەو نێوانەشدا ئەدەبی کوردی)، ڕۆژئاوادا هەیە. بەڵام هەر چەشنە بەراورد و ڕەتکردنەوەیەکی (کلاسیکی کوردی) لەگەڵ بنەماکانی کلاسیزمی ئەورووپی، خۆی لەخۆیدا لە ڕووی میتۆدەوە نەگونجاوە و خاڵی دەستپێکی (بەراورد و بردنەوەسەری کلاسیکی کوردی بۆ کلاسیکی ئەورووپی)

١- له سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم و له ناوچەکانی باکووری کوردستان هاتۆته ئاراوه.

٢- لەژێر هەژموون و کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی، بەتایبەتیش فارسی، هاتۆته کایەوه.

٣- بۆ یەکەمجار ئەدەبێکی بەرز و توکمەی داهێناوه، (ئەدەبی دیوانی)، له ڕێگەیەوه هەموو تایبەتمەندییه ئەدەبی و هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی موتەکامیل هاتوونەته نێو ئەدەبی کوردییەوه.

٤- پشتیوانەیەکی سیاسی و شارستانیشی هەبووه، که بریتی بووه له میرایەتی بۆتان و ژیانی پێشکەوتووی شارنشینی پایەتەختەکەی جزیره.

٥- لەسەر دەستی ڕابەر و پێشەنگ و داهێنەرێکی وەکو (شێخی جزیری/ ١٥٦٨ - ١٦٤٠) پایه و بناغەکانی له ئەدەبی کوردیدا داڕێژراون، کەوا بەم هەوڵ و داهێنانەی بووه به مامۆستای یەکەم له شیعری کلاسیکی کوردیدا.

٦- ئەم ئەزموونه ئەدەبییه بۆ ماوەیەکی درێژ بووه به نەریتێکی ئەدەبی زاڵ و باو و بەرفراوان، له شێوەی ڕێباز و قوتابخانەیەک که دەیان شاعیری پێشکەش به مێژووی ئەدەبی کوردی کردووه و سامانێکی ئەدەبی مەزنی بۆ ئەو مێژووه پێکهێناوه.

---

لەسەربناغەیەکی دروست دانەمەزراوه. لێره بابەت و مەبەست کلاسیکی ڕۆژهەڵاته، که ناکرێت به بەهانەی نائەورووپی بوونی ڕەتبکرێتەوه. بۆ ئەم مەبەسته بگەڕێوه بۆ:

- بەصیر، کامل حەسەن (پرۆفیسۆر)، ١٩٩٠، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ل ٨١ - ٩٨.
- بێدار، جمال حبیب الله، ٢٠١٢، دەروازی شیعرناسین، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوه، هەولێر، ل ١٦٨.
- گەردی، سەردار ئەحمەد (د)، ٢٠٠٩، شیعری کلاسیکی ڕۆمانسی کوردی، گۆڤاری (الاستاذ)، ژماره (٩٥)، کلیة التربیة (ابن رشد)، جامعة بغداد.

٧- بەم شێوەیە قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە هەموو تایبەتمەندییە ئەدەبی و هونەرییەکانی کوردانەیەوە، بەزمان و دیالێکتی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی ئەو ڕۆژگارە (بۆتانی)یەوە، دروست بووە.

## بەشی یەکەم

بنەما ئەدەبی و هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی واتە، شیعری سەردەمی (جاهیلی عەرەب) بە (المعلقات) و ئەو سامان و بەرهەمانەیش کە لە دەرەوەی موعەلەقاتدا هەبوون، ئەو بنچینە و میراتە ئەدەبییە پێکدەهێنێت کە هەموو بنەماکانی شیعری (کۆن) و کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی (عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی) لەسەر دامەزراوە. ئەم ڕەگەز و بنەمایانە لەسەر دەستی میللەتانی ناعەرەب و لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و گەشەیان پێدراوە، تاوەکو لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا لە ئەنجامی موتوربە و ئاوێتەبوونی هەرسێ سەقافەت و ڕۆشنبیری (عەرەبی – ئیسلامی) و (گریکی – ڕۆمانی) و (فارسی – ئیرانیدا) هەموو بنچینە و بناغە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی (ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی)، داڕێژراون، بۆیە بە (سەردەمی زێڕین) ناودێرکراوە. (رسول، ١٩٩١، ٣٤) تاوەکو لەم شێوە و قالب و پێکهاتە هونەری و ئەدەبیانەدا جێگیربوون و مەییون. لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت و پوخت ئەم ڕەگەز و بنەمایانە دەستنیشان بکەین:

١- گیرسانەوە و داڕشتنی شیعری کلاسیکی لەسەر شێوەی ستوونی، بەواتا جێگیربوون (ستوونی شیعر) وەکو مەرج و بنەمایەکی شیعری کلاسیکی.

٢- جێگیربوونی بنەمای (یەکێتی بەیت) وەکو بەردی بناغە لە تێکستی شیعریدا، بەواتای ئەوەی هەر بەیتێک کە لە دوو نیوە بەیت (میسراع) پێکدێت، لە ڕووی پێکهاتە و بنیات و واتاوە وەکو یەکەیەکی

تەواو و سەربەخۆ کار دەکات و پێویستی بەدێرەکانی دیکە نییە، هەر ئەم خەسلەتەش ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات کەوا بەیتەکان پاش و پێش یا کەم و زیاد بکەین (ئاشنا، ٢٠٠٢، ٢٩).

٣- پەیڕەوکردنی نیزامی کێشی عەرووز و یەکێتی کێش وەکو بنەمایەکی چەسپاو بۆ شیعری کلاسیکی.

٤- لە سەرواسازیدا، شیعری کلاسیکی لەژێر ڕۆشنایی نیزامی سەروا (سەروا و پێش سەروا و پاش سەروا)، لە پاڵ یەکێتی سەروادا بەڕێوەچووە.

لەم بارەیەوە ئەو پێناسەی کەوا (قودامەی کوڕی جەعفەر) سەبارەت بەمەسەلەکانی تایبەت بە شیعر و کێش و سەروا هێناویەتەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە (١٣) سەدە وەکو یاسای نەگۆڕو پیرۆز سەیرکراوە، کە دەڵێ؛ شیعر بریتییە لە (قول موزون مقفى يدل على معنى)، لەمەوە بنەماکانی کێش و سەروا بوون بە دوو ڕەگەزی سەرەکی بۆ شیعری کلاسیکی. (طبانە، ١٩٦٩، ١٧٢).

٥- هەبوون و زاڵبوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە هەموو بەش و هونەر و سنعەتەکانییەوە، تا ئەوەی بوون بە مۆرک و مەرج و تایبەتمەندی بۆ شیعری کلاسیکی.

٦- قەسیدە و غەزەل وەکو دوو قالب و فورمی باو و سەرەکی دەناسرێت، لە پاڵ فورمەکانی دیکەدا لە نموونەی، تاک بەیت، مەسنەوی، روباعی، خشتەکییەکان و موسەمەت و تەرجیع و تەرکیب بەند. (قنديل، ١٩٧٥، ٢٥٨).

٧- زمانی شیعری، زمانێکی بەرزو پاڵاوتەیە و ئاراستەی چینی دەستەبژێری کۆمەڵ دەکرێت، بایەخ بەوشە و داڕشتن دەدات بەر لەمانا، بەوێنە دەدات بەر لە ماددە، گرینگی بە سنعەت دەدات بەر لە دەربڕین. (حەمەکەریم، ١٩٨٦، ٨١)

٨- کلاسیزم بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای لاساییکردنەوە و پێڕەوکردنی یاسا و دەستوورەکانی پێشینان دەڕوات و لێی لانادات.

٩- ئەم ئەدەبە لەسەر بنچینەی شارنشینی، عەقلانییەت، خۆبەستنەوە بە حەقیقەت و بنەماکانی ڕەوشت و هیومانیزم دامەزراوە. (htt://Padle.com)

١٠- لەڕووی واتا و ناوەرۆکەوە شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات لە دەوری کۆمەڵێک مەبەستی تایبەتیدا دەخولێتەوە لەوێنەی؛ شیعری ئایینی، وەسف، دڵداری، ستایش، داشۆرین، ماتەمنامە، مەینۆشی، ئیخوانیات، ...، کەوا دەشێ هەموویان لەژێر چەتری دوو ناونیشانی سەرەکیدا کۆبکرێنەوە ئەویش، ستایش و داشۆرینە. (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦١).

بەم پێیە وەکو دەبینین ڕێباز و قوتابخانەی کلاسیزمی ئەوروپی لە ئەدەب و هونەردا زادەی شارستانییەت و بەرهەمی ڕۆشنبیری گریگی – ڕۆمانییە، لە کاتێکدا کلاسیزمی ڕۆژهەڵاتی بەرهەم و زادەی شارستانیەتی (عەرەبی – ئیسلامی)یە، بۆیە لە بنەما سەرەکییەکان و زەمین و زەمانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیشیاندا لەیەک جیاوازن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەو هۆیەی کۆمەڵگا جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، لە قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژوویيدا، تاڕادەیەک لەیەک دەچن، وەکو چۆن مەسەلەی ئاوێتەبوون و کارلێک و کاریگەری شارستانییەتەکان لە مێژوودا دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە دەیبینین زۆرێک لە بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ڕێباز و قوتابخانەی کلاسیزم) لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لەیەک دەچن، لە نموونە:

- کلاسیزم لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لەسەر بنەمای تەقلید و لاساییکردنەوە دامەزراوە.

- پێڕەوکردن و خۆبەستنەوە بە یاسا و دەستووورە چەسپاو و جێگیرەکانی پێشینان و بە پیرۆز ڕاگرتن و لانەدان لێیان، بنەمایەکی دیکەی هاوبەشی کلاسیزمە لە هەردوو لادا.

- کلاسیزم لە هەردوو بەرەدا هەڵقولاوی ژیانی شارنشینی و عەقلانییەت و ڕەچاوکردنی بەهاکانی ڕەوشت و پشتبەستن بە حەقیقەت و مرۆڤدۆستییە.

- هەبوونی زمان ئەدەبی بەرز و باڵا بەئاراستەی نوخبە و چینی سەرووی کۆمەڵ لە هەردوولادا وەکو یەکن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کەوا (کلاسیزم) وەکو ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی و هونەری، تەنانەت وەکو بنەماکانی ژیاری و شارستانییەتیش لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاودا، هەریەکە و پێشینەی مێژوویی و بنەما و تایبەتمەندی و ڕەوت و ڕێبازی پەرەسەندن و پێشکەوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لە هەر لایە هەڵقولاوی هەلومەرجی خۆیی و بابەتی ئەو دوو جیهانە و شارستانییەتی مرۆڤایەتین. ئەمەش ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی کەوا ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش (بەتایبەتیش کورد)، ئەم تێرمە وەکو خوازەیەک وەربگرین و وەکو کاڵایەک بە باڵای ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری خۆمانی دابڕین لە سات و سەردەمێکی تایبەتدا. ئەنجا لەم بوارەدا یەکەمین کەسێک کە زاراوەی (کلاسیک)ی وەکو ناونیشان بۆ دەستەیەک لە شاعیرانی دێرین و ڕەسەنی کورد، لەوێنەی شێخی جزیری و هاوڕێکانی بەکار هێنابێت، ئەوا زانا و توێژە و خەباتگێڕی کورد جەلادەت عالی بەدرخانە. بگەڕێوە بۆ؛ (Azizam, 1941 - 810)

## بەشی دووەم
## مەلایێ جزیری – مامۆستای شیعری کلاسیکی کوردی

جزیری لە ئاسمانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا مانگێکی ڕووناک و دیار و پرشنگداری درەوشاوەیە، قەڵەمی بە پێزی نووسەر و ئەدەبناس و توێژەرانی کورد لە گرینگی پێدان و بەرز هەڵسەنگاندنی بیر و بەرهەم و ڕۆڵ و پایەی جزیری لە دنیای ئەدەب و شیعری کوردیدا درێغی نەکردووە. لێرەدا چەند نموونە لە بیروبۆچوون و نرخاندنی هەندێ لە کەڵە ڕووناکبیرانی کورد لەو بارەوە دێنینەوە. عبدالرقیب یوسف سوورە لەسەر ئەوەی کەوا گەلی کورد لەدوای جەنگی چاڵدێراندا (١٥١٤ز) لە کوردستانی ناوەندیدا (کردستان المرکزیە)، جۆرێک لە سەربەخۆیی و مافی نەتەوەیی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، هەر ئەمەش بۆتە ماک و هاندەر بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و زانستی و کاری کردۆتە سەر هەندێ لە مەلا و زانایانی کورد تاوەکو شیعر و بەرهەم بە زمانی کوردی بنووسن. ئەنجا ئەو لەو بارەیەوە دەڵێ: ((ئەم دشین گری بدەین ئاشکرا بوو ناوێژەیا کوردی و دەستپێکرنا وی بە (علی حریری و شێخ احمدی جزیری) یانی دچەرخا (١٠هـ - ١٦م)دا گرێ بدەین بە ئاشکرا بووونا سبەهیا مێژوویا کوردستانێ)). (یوسف، ١٩٧٢، ١١٢) مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەمەڕ مەسەلەی ئەو دەستپێشخەری و ڕچەشکێنییەی جزیری لە بە کوردی نووسینی شیعردا دەڵێت، ((بەرزی مەلا لەوەدایە کە دەوری عەرەبییەت گەیشتبووە چڵەپۆپە، کەچی مەلا لەو ڕێچکەیە لای داوە و عەرەبی بەکوردی ڕازاندۆتەوە)). تا ئەوەی لە کۆتایی دەڵێ: ((کەوابوو مێژووی ئەدەبی کوردی، بە درێژایی زەمان کرنووش بۆ ئەو تاپۆیە ئەبا کە هەیکەلی زێڕینی مەلایە و پێغەمبەری ئەدەبی سەدەی پانزەهەمینە)). (سجادی، ١٩٧٢، ١٩٦).

ئەنجا لەپال گرینگی و بایەخی ئەو هەنگاوەی کەوا مەلای جزیری لەسەردەمی درەوشانەوەی عەرەبیدا هاتووە بە کوردی شیعری هۆنیوەتەوە. ئەو بەم کارەی توانیویەتی گیانێکی نەتەوەیی کوردی بە بەر شیعری کلاسیکیدا بکات، یا ئەوەی توانیویەتی شیعرێکی پتەو و بەرزی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی بە زمانی کوردی بێنێتە ئاراوە کەوا شان لەشانی شیعرە بەرز و نایابەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵات بدات وەکو عەرەب و فارس و تورک. یا بەواتایەکی تر شیعر و بەرهەمێکی ئاماڵ کلاسیکی تەواو هونەری و بەرز و پتەو و پاڵفتە، بە مۆرک و خاسییەتی نەتەوەیی کوردی بێنێتە بەرهەم کە هیچی لە شیعری میللەتانی دیکە کەمتر نەبێت. ئەمە وای کردووە بڵێین کەوا ((جزیرەی بۆتان یەکێک بووە لە مەڵبەندە گەورەکانی ڕاپەڕینی نەتەوە، قوتابخانەیەکی نوێی شیعری ڕەگی لەسەردەستی مەلای جزیری و فەقێی تەیران و عەلی حەریریدا دادەکوتا و هەوڵی ئەوەی دەدا بۆتان و دیالێکتەکەی بکات بە سەرەتای زمانی یەکگرتووی شیعری کوردی، مەلای جزیری بەزمانە کوردییەکەی خۆی خاسیەتی قوتابخانەی حافزی شیرازی دەربڕی و زۆر شتی ئەم زمانەی خستەسەر پراکتیکە جوانەکانی ڕەوانبێژی ئەم قوتابخانەیە، بەڕاستیش ئاواتی ئەوە بوو دەنگی زولالی لە بۆتانەوە بگاتە هەموو کوردستان)). (ڕەسول، ٢٠١٢، ٥٢٠) نووسەر و ئەدەبناسانی کورد لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆکن کەوا جزیری بنیاتنەری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردییە، لەسەردەستی ئەو و لە ڕێگای شیعر و بەرهەم و دیوانی ئەویشەوە هەموو بنەما و سنعەت و هونەرەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات هاتوونەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. لە دوای ئەویش شاعیرانی کورد لە هەردوو بەشی ئەزموونە شیعرییەکەی کوردی باکوور و ناوەڕاست پێڕەویان لە هەمان بنەما و هونەرەکاندا کردۆتەوە. تا ئەوەی بەم کارەیان سامان و ماڵ و میراتی شیعری کلاسیکی کوردیان ئاوەدان و دەوڵەمەند

کردۆتەوە. لێرەوە بەکورتی تیشک دەخەینە سەر کۆی ئەو هونەرانەی لە بەرهەم و شیعری جزیردا هاتوون، کە لە پاشاندا بوون بە یاسا و ڕێسای هەموو شیعری کلاسیکی کوردی.

## ٢- مەلای جزیری و هونەرەکانی شیعری کلاسیکی

لە پێشەوە ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە کراوە کەوا بەلای ڕەخنەگر و ئەدەبناسانی کوردەوە، مەلای جزیری بنیاتنەر و سەرامەدی شیعری کلاسیکی کوردییە، هەموو یاسا و هونەر و ڕەگەزەکانی شیعری (عەرەبی – فارسی) وەرگرتووە و لە شیعر و بەرهەمی خۆیدا بەکاری هێناوە و گونجاندوویەتی. لەم بوارەدا د. عیزەدین دەڵێت؛ (ئێمە بە دڵنیاییەوە مەلای جزیری بە بنیادنەری شیعری کلاسیکی کوردی دەزانین)). (ڕەسول، ٢٠١٢، ٢٠٣). لێرەدا ئەگەر بە کورتیش بێت تیشک دەخەینە سەر دیارترینی ئەو ڕەگەز و یاسا و دەستوورانەی شیعری کلاسیکی کە لە بەرهەمی شیعری جزیریدا بەکاربراون و لەپاش ئەویشدا بوون بە یاسا و ڕێسا و نەریتی شیعری کلاسیکی و شاعیرانی کورد لەدوای ئەودا پێڕەویان لێ کردۆتەوە:

**کێش و سەروا:** دوو ڕەگەز و یاسای بنەڕتین لە شیعری کلاسیکیدا، کەوا یەکەمیان نیزامی کێشی عەرووزی و یەکێتی کێشە، دووەمیشیان سیستەمی سەروای یەکگرتوو، یاخود یەکێتی سەروای شیعرییە. لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت ((مەلای جزیری یەکەمین شاعیری کوردە سیستێمی کێشی عەرووزی و یەکێتی قافیەی شیعری کلاسیکی عەرەبی هێناوەتەوە ناو ئەدەبی کوردییەوە، سوودی لە تاقیکردنەوەی ئەدەبی فارسی و تورکی عوسمانی وەرگرتووە)). (خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٢٤٦)، ئەوەی سەبارەت بە عەرووزی کوردییەوە بگوترێت ئەوەیە کەوا دەستپێکی لە مەلای جزیریەوەیە، بەو مەعنایەی ((سەرهلدانا ڕێبازا عەرووزا کوردی لسەر دەستی مەلایی جزیری هاتیە دناڤ هۆزانا

کوردیدا)). (عەبدوڵلا، ٢٠١١، ٢١٩)، ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەی شاعیر و عەرووزناسی کورد ئەحمەد هەردییە کە دەڵێ؛ ئەم ڕێبازە لەسەردەستی شاعیرانی پێشەنگی زاری کرمانجی سەروو، لەوێنەی جزیری و خانی وەکو دەستپێک و لەدواییدا لای شاعیرانی کوردی ناوەڕاست (نالی و سالم و کوردی) دووبارەبۆتەوە. (هەردی، ٢٠٠٤، ٣٢) بەڵام وەکو دەزاندرێت کێشی شیعری کلاسیکی کوردی لەوانەش کێشی شیعری جزیری، کتومت کێشە عەرووزییەکانی (ئەحمەدی کوڕی فەراهیدی) نییە، بەڵکو عەرووزێکی کوردی و فارسی دەسکاریکراوی عەرەبییەو، هەر لە ڕێگای شیعر و ئەدەبی فارسیشەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردی، بەواتا ((عەرووزا کوردی ژ عەرووزا فارسی هاتیە دانان و نەوەکو یەکسەر لسەر عەرەبی هاتبیتە وەرگرتن، ژ بەرهندەک تایبەتمەندییێ زمانی لسەر زمانێ کوردی و فارسی کو هەردوو دناڤ گروپێ زمانێ هیندۆ ئێرانی دانە)). (عەبدوڵلا، ٢٠١١، ٢٢١)، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەو کێشە عەرووزیانەش کەوا زیاتر لەگەڵ میزاج و تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی دەگونجێن، لەوێنەی کێشەکانی ڕەمەل و هەزەج و رەجەز و ... بە قالبە کێشەکانیانەوە، لە دیوانی جزیریدا زۆرینەن و پشکی شێریان بەر دەکەوێت، کە لە پاشان بوون بە مۆرکی هەموو شیعری کلاسیکی کوردی و لای شاعیرانی کورد دووبارە بوونەتەوە.

دیارە جزیری لەناو دەیان قالبەکێشی هەر یەک لە کێشە باوەکاندا ئەو چەند قالبەکێشەی هەڵبژاردوون کە لەگەڵ مۆرک و میزاجی کورد و سروشتی زمانی کوردیدا دێنەوە. تەنیا لە مەسەلەی کێشدا لای جزیری دیاردەیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کەوا کێشی ڕەمەل بە پلەی یەکەم دێت هاوشێوەی شاعیرانی غەزەڵخوێنی فارسی لەوێنەی (حافز و مەولانا و حاجی). (چالی، ٢٠٠٨، ٩٣). لێرەدا ڕێژەو ژمارەی تێکستی شیعری دیوانی جزیری بەگوێرەی کێش و قالبە کێشەکان دێنینەوە، کە

دواتر بوون بە بنەمای کێش ناسی لە شیعری کوردیدا. (باڵەکی، ٢٠١٥، ٢١ – ٢٤):

| زنجیره | کێش | پارچە شیعر | قالبەکێشەکان | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەمەل | ٥٥ | ١٢ | %٤٥.٨٣ |
| ٢ | هەزەج | ٢٩ | ٨ | %٢٤.١٦ |
| ٣ | رەجەز | ٢٧ | ٥ | %٢٢.٥٠ |
| ٤ | بەسیت | ٣ | ١ | %٢.٥٠ |
| ٥ | سەریع | ٣ | ١ | %٢.٥٠ |
| ٦ | موزاریع | ٢ | ١ | %١.٦٦ |
| ٧ | خەفیف | ١ | ١ | %٠.٨٣ |
| حەوت کێش | | ١٢٠ پارچەی شیعری | ٢٩ قالبەکێش | %١٠٠ |

ئەنجا ئەو لایەنەش کە لە شیعری جزیریدا پەیوەندی بە هونەرەکانی سەرواو سەرواسازییەوە هەیە، ئەوا ئەو لەو بوارەشدا خاوەن بەهرە و هونەر و داهێنانە، بەجۆرێک کەوا هونەر و داهێنانەکانی لە بواری سەروای شیعریدا بوون بە یاسا و ڕێسای چەسپاوی سەروابەندی لای شاعیرانی کورد لەدوای خۆی و لە هەموو دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە(*). بۆیە مەسەلەی سەروابەندی لای جزیری دەگوترێت: ((ئەوەندە بە سەر سەروادا زاڵە لە

(*) مامۆستا عەزیز گەردی لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز و فراوانی لەسەر مەسەلەی سەرواسازی و سەروابەندی لە شیعری جزیریدا ئەنجامداوە، هەموو لایەنەکانی هونەر و داهێنانی سەرواسازی لە شیعر و دیوانی جزیریدا گرتوتەخۆی، بۆیە بەپێویستی نازانین مەسەلەکان لێرەدا دووبارە بکەینەوە، تکایە بگەڕێوە بۆ: (گەردی، ١٩٩٩، ٨٠٩ – ٨٤٠).

هیچ شوێنێ بەدەستییەوە دانامێنێ، نەک هەر ئەمە بەڵکو وشەکانی نەک هەر کۆتایی، بەڵکو لەسەراپای دێر زۆر بەئاسایی و لە خۆوە دەکەونەناو سەروابەندییەکی پڕ لە ئیقاعەوە هەندێ جار لە درێژایی یەک دێرە شیعردا ئەوەندە سەروا بەدوای یەکدا ڕیز دەکا کە نەک هەر لە کوردیدا بگرە لە زمانانی تریشدا هاوتای نییە)). (گەردی، ١٩٩٩، ٩٣٠) جزیری زۆربەی دەنگەکانی (کوردی و عەرەبی) وەکو سەروای شیعری بەکارهێناون، ئەوانەش کە لە شێوەی سەروادا بەکار نەبراون بە پاش سەروا هێناوینەتەوە، کە ئەمەشیان دیاردەیەکی بەرچاوی شیعری جزیرییە هاوشێوەی شاعیرە دڵخوازەکانی (سەعدی و حافز و جامی) لە فارسیدا. پاش سەروا ڕیتم و ئاوازێکی زیاتر بە شیعر دەبەخشێت لە پاڵ تەواوکردنی کێش و ڕوونکردنەوە و جەختکردنی واتادا.

کارامەیی و سەروەستایی جزیری نەک هەر لە بواری یەکێتی سەروا یاخود سەروای یەکگرتوو بەدیار دەکەوێت کە مەرجێکی بنەڕەتی غەزەل و قەسیدەیە، بەڵکو لە مەسەلەی سەروابەندی فورمە شیعریەکانی دیکەشدا لە وێنەی (چوارین، پێنجین، تێهەڵکێش، خشتەکی و موستەزاد و تەرجیع و تەرکیب)یشدا هەر بەو شێوەیە بەهرە و هونەر و دەسترەنگینی نوواندووە.

یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیار و دەسترەنگینەکانی جزیری لەسەروابەندیدا، پێڕەوکردنی سەروای ناوەوەیە (ترصیع) کە هەندێ جار ژمارەیان دەگاتە (١٦) دەنگەسەروا لە تەنیا دوو دێری شیعردا:

**وەردان گوڵاڤ، گرتن خوناڤ، لێ من دناڤ، سۆهتن هناڤ،**
**من دی ب چاڤ، زولفێن بەلاڤ، لێ بوونە داڤ، بەند کر ب ناڤ**
**نورا بەصەر، گوفت و خەبەر، قەند و شەکەر، زولفان ژ سەر**
**خالێن دقەر، باڤێ سەحەر، دا بێتە دەر، صوبحاب حەق.**

(دۆسکی، ٢٠١١، ١٩٣)

وردەکاری سەروا لە شیعری جزیریدا لە هەندێ حالەتدا (لە نموونەی ئەم تێکستە شیعرییەی پێشەوە) ئەوەندە بەرز بێ وێنەیە کە ئەگەر بێت و هەموو دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی بپشکنیت نموونەیەکی ئەوتۆ لە هونەر و داهێنان و دەسترەنگینی لە سەروابەندیدا نادۆزێتەوە.

بەم شێوەیە هونەر و داهێنانی جزیری لە بوارەکانی نیزامی عەرووز و سەروادا لە دوای خۆیدا بوون بە یاسا و دەستووری چەسپاو بۆ شیعری کلاسیکی کوردی و دیارە ئەگەر لە ئەنجامی هوشیاری و ئاگاداربوونیشەوە نەبێت، ئەوا هەر هەمان یاسا و ڕێسا گەلن کە لە ئەزموونی شیعری کلاسیکی قوتابخانەی باباندا دووبارە بوونەتەوە. ئەمەش نیشانەی ڕەسەنایەتی قوتابخانەکەیە لای مەلای جزیری.

### ٣- فۆرم و قالبەکانی شیعری کلاسیکی کوردی

غەزەل و قەسیدە دوو فۆرمی بنچینەیی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتین و بەتایبەتیش قەسیدە فۆرمی هەرە دێرین و دایکی هەموو قالب و فۆرمەکانە. لەدوای غەزەل و قەسیدە فۆرم و قالبەکانی دیکە بە پلەی دووەم دێن لە وێنەی؛ تاک بەیت، پارچە، مەسنەوی، چوارین و خشتەکییەکان و تەرجیع و تەرکیبەکان. لەم مەیدانەشدا ((جزیری یەکەم شاعیری کوردە کە غەزەلی (فارسی – عەرەبی) هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی و بە فراوانی و قوولی ئەم جۆرە هۆنراوەیەی نووسیوە و هەموو ڕەگەزەکانی ناوەڕۆک و ڕوخساری هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی و داهێنانی خۆشی تێدا کردووە)). (گەردی، ١٩٩٩، ٨١١). دیارە غەزەل لەڕووی فۆرمەوە یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، وەک ئەوەی ژمارەی دێرەکانی تاک بێت و، غەزەلی پەسەند ژمارەی دێرەکانی لەنێوان (٧ بۆ ١١) دێردا دەبێت و هات و بەیتی یەکەمی (موسەرەع – هاوسەروا) بێت ئەوا دڵگیرتر دەبێت.

به پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە دکتۆر ئەمین موتابچی لە لێکۆڵینەوەکیدا مەلای جزیری بە (ئوستادی غەزەلی کوردی) ناودەبات و دەڵێ؛ ((ئەوەی شایانی باسە و جێی شانازییە ئەوەیە کە مەلای جزیری ئێمە هەر وەکو نالی خۆمان، ئەو غەزەلانەی لە بەیتی (٧) بۆ (١٥) بەیتدان لە هەمووان زیاترە)) (موتابچی، ١٩٩٤، ١٠). جزیری لە غەزەلخوێنیدا شانی خۆی لەشانی (حافزی شیرازی) داوە، کە یەکەمین کەڵە شاعیری ڕۆژهەڵاتە لە بواری غەزەلی فارسی و ڕۆژهەڵاتیدا، بۆیە گوتویەتی:

**گەر لوئلوئێ مەنثوور ژ نەظمێ تو دخوازی**
**وەر شیعرێ مەلێ بین تە ب شیراز چ حاجەت**

(دۆسکی، ٢٠١١، ٩٤)

ئەو هونەر و دەستپێشخەرییەش کە ئەو کردوویەتی و هاتووەوە غەزەلە هەرە ناودارەکەی حافزی شیرازی (الایا الیها الساقی) هێناوە و تێهەڵکێشی شیعری خۆی کردووە، لە پاشان و لە دوای ئەودا بۆتە سەرمەشقێک بۆ شاعیرانی کورد تا ئەوەی (١٥) شاعیری ناوداری کورد شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووە و ئەم هونەرەیان دووبارە کردۆتەوە. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٤١ – ٦٣).

لە هونەری قەسیدە سەراییدا جزیری سەرامەد و دەستپێشخەرە، کۆمەڵێک قەسیدەی هۆنیوەتەوە کە هی وایان تێدایە زیاتر لە (١٠٠) بەیتی شیعرە، بە گوێرەی بنەماکانی شیعری ستوونی و خاوەن کێش و سەروای یەکگرتوو، لەپاڵ کۆمەڵێک قەسیدەی چوارینەبەند و تەرجیع و تەرکیب بەنددا کە لە بواری کێش و سەروادا جیاواز و هەمە ڕەنگن، بەو مەعنایەی ((جزیری بۆ سەلماندنی شاعیریەتی خۆی و لە پێناوی داهێنانی ئەدەبیدا هەر تەنیا غەزەل و قەسیدەی نەنووسیوە، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەشا هونەرە شیعرییەکانی تری وەکو (چوارینە و پێنجینە و شەشینە و موستەزاد و بەندسازی (ترجیع و تەرکیب)ی بەکارهێناوە)).

(گەردی، ١٩٩٩، ٨٣٥) هەروەها جزیری یەکەم شاعیری کوردە کەوا شیعری موستەزادی هۆنیوەتەوە، لەگەڵ ئەوە کە موستەزادەکە بە زمانی عەرەبییە. دواتر ئەم فۆرمە لای شاعیرانی کورد دووبارە بۆتەوە. سەرەتای موستەزادەکەی جزیری بەم جۆرەیە:

**یارامـــي قلبـــی بســـهام اللاهـــات　　　هیهات نجاتي**
**مازال لک فداء لک روحي وحیاتي　　　من قبل مماتي**

(دۆسکی، ٢٠١١، ٣٠٩)

دیارە لەپێش جزیریدا فۆرمە شیعریەکانی (چوارخشتەکی و پێنجینە و شەشینە)مان نەبووە و جزیری داهێنەریەتی، هەروەها لە شیعری بەندسازیدا، لەوێنەی (موسەمەت و تەرجیع و تەرکیب) بەنددا کە هونەری تایبەت بە شیعری فارسین، دیسان جزیری باڵادەستە و لە دیوانەکەیدا کۆمەڵێک بەرهەمی لەوجۆرە بەرچاو دەکەون و لە پێشتردا یا ئەوەتا نابیندرێن یا بەو شێوە هونەرییە نین.

بەمجۆرە جزیری بۆتە سەروەستای دارشتن و داهێنانی قالب و فورمە شیعرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی. مەسەلەیەکی دیکە کە تایبەت بووە بە شیعری کلاسیکی فارسی، ئەویش مەسەلەی (نازناو یاخود تەخەلوس)ی شیعرییە، کەوا هەم وەکو دیاردەیەکە و گرنگییەکی بەرچاویشی لەشیعری کلاسیکدا هەیە، ئەویش هەر بەهۆی جزیرییەوە رێی کەوتۆتە ناو شیعری کوردی کەوەکو ناسنامەیە بۆ تێکستی شیعر. (حەمەکەریم، ١٩٨٦، ١٨٧).

### ٤- هونەرەکانی ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی وەکو هونەر و سنعەتی ئەدەبی، بە هەر سێ بەشەکانییەوە، یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتییە و لەوانەش شیعری کلاسیکی کوردی. هەر یەکێک لە بەشەکانی ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی – جوانکاری – واتاناسی) ڕوو لە

گۆشەیەکی ئەدەب دەکات و تا ئەوەی لایەنی جوانی و بەرزی و نزمی بەرهەمی ئەدەبی بە تەواوی ڕوونبێتەوە و بکەوێتە بەرچاوان (گەردی، ١٩٧٢، ١٣). دیارە لە پێشەوەدا دەبێ ئەدەب هەبێت و بەرهەمی ئەدەبی، ئەنجا نۆرەی ڕەوانبێژی دێت، بەو پێیەش زمانی ئەدەب خۆی زمانێکی هونەرییە، واتە زمانی خوازە و درکە و چواندن و جوانکارییە، بۆیە لە شیعری کۆنی کوردیشدا، تەنانەت لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللیشدا، ئەم هونەرانە هەبوون و بەدیدەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەتایی و ساکار بووە، تا ئەوەی شیعری هونەری و بەرز و پتەو و پاراوی کلاسیک دێتە ئارا ئەوسا ڕەوانی و وشە ئارایی و ڕازاندنەوەی ئاخاوتنی شیعری بایەخێکی زیاتر وەردەگرێت، ئەویش لە دوو لاوە هەم لەلایەنی وشە و ڕستە و پێکهاتەوە، هەم لەلایەنی واتا و گوزارەوە، کەوا بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە ئەنجام دەدرێت. لێرەدا ڕەوانبێژی هەم خزمەتی تێکستی ئەدەبی دەکات هەم دەبێتە ئەڵقەیەک لە نێوان شاعیر و خوێنەردا، بۆ ئەوەی خواست و مەرامی شاعیر بە جوانترین و پەسەندترین شێوە بگەیەنێتە خوێنەر. دیارە لە ئەدەبی عەرەبیدا، چ لەلای ڕەخنەگران و چ لەلای وێژەوانان هونەری شیعر بەتایبەتیش (قەسیدە و غەزەل) نموونەی بەرز و باڵای ڕەوانبێژی بوون و هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە سەیرکراون. (خلف، ٢٠١١، ٢٣٨) ڕەوانبێژی خۆی لە بنچینەدا، بە هەموو بەش و لق و سنعەتەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە زانستەکانی عەرەبی و بەتایبەتیش زانستەکانی قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە ڕێگای زمان و ئەدەبیاتی فارسی و شاعیرانی ناوداری فارسەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی، جزیریش هەم وەکو شاعیر و هەم وەکو مەلا و زانایەکی تەواوی چەرخی خۆی شارەزایی تەواوی لە زانستەکانی ئەیینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزدا هەبووە، لەولاشەوە شارەزای ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبی بووە. بێ گومان ئاشنایەتی زۆری لەگەڵ شیعر و بەرهەمی ئەدەبیاتی

فارسی، نەخاسمە شیعری حافز و سەعدی و جامیدا هەبووە، کە ئەمانە هەموو وەکو پرۆگرامی خوێندن لە مزگەوتەکانیشدا خوێندراون و جزیریش لێیان بەهرەمەند بووە و ئاشنا و شارەزای هەموو هونەرە ئەدەبییەکان بووە، ئەنجا ویستویەتە ئەم ئەزموونانە بگوێزێتەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردیدا، هەر بۆیەشە لە شیعرەکانیدا بە جوانترین شێوە ڕەنگی داوەتەوە و تیایدا لە هونەرمەندی گەیشتۆتە پلەیەکی باڵا، بۆیە گوتوویە: **گەر لوئلوئی مەنثوور ژ نەظمێ تو دخوازی**، واتە ئەگەر تۆ شیعرێکت دەوێ کە وەکو مرواری پەخشکراو بێت لە جوانی و ڕێکی و ڕازاوەییدا وەرە شیعری مەلا ببینە، ئەمە ئەوپەڕی لەخۆڕازیبوونی مەلایە لە توانا و دەسەڵاتی بەسەر هونەرەکانی ئەدەب و لەوانەش هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا. (موتابچی، ١٩٧٣، ٢٠) شیعری جزیری لەلایەنی ڕەوانی و پاراوییەوە لەسەر سێ بنەما دامەزراوە:

أ- هەڵبژاردنی وشە و بێژە و پێکهاتەی پاراو و ڕەوان.

ب-وەستایەتی و هونەرمەندی لە هۆنینەوە و ڕێزکردن و ڕێکخستنندا.

جـ- هەڵبژاردنی شێوازی جوان و شیرینی مۆسیقای پڕ لە ڕیتم و ئاواز.

لەم پێناوەشدا شاعیر توانیویەتی هەم ڕوونی و هەم جوانی و ڕەوانی هەم خوشخوانی بەیەکەوە کۆ بکاتەوە لەسەر ئاستی وشە و ڕستە و ئاخاوتن و واتادا. (باطاهر، ٢٠٠٨، ٢٧ – ٢٨). ئەنجا بۆ دەستنیشانکردنی تەواوی هونەر و سنعەتەکانی لقەکانی ڕەوانبێژی کە لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

١- **ڕوونبێژی**؛ هونەرەکانی (چوواندن، خوازە، خواستن، درکە) دەگرێتەوە.

٢- **جوانکاری**؛ لەم بەشانە پێک دێ:

أ- لایەنی ڕوخسار و ڕازاندنەوەی وشە.

ب-لایەنی ڕازاندنەوەی واتا و ناوەڕۆک.

٣- **واتاناسی؛** کەوا خەبەر و داڕشتن، شیکردنەوەی ڕستە، یەکسانی و کورتبڕی و درێژبڕی ، پێکەوەنان و دابڕان دەگرێتەوە. هەروەها تاوتوکردن و بەدیارخستنیان و لێکۆڵینەوەیان لە شیعر و بەرهەمی جزیریدا، پێویستی بەکار و لێکۆڵینەوەی تایبەت و تەرخانی پسپۆڕیانە هەیە. لەگەڵ ئەوەی هەندێ لایەنی ڕەوانبێژی لەشیعری جزیریدا تا ئێستا کاری لەسەر کراوە. بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ (چەلکی، ٢٠١٢، ١ – ٢)، هەروەها (ڕەشید، ٢٠١٤).

### ٥- مەسەلەی عیرفان و هزری سۆفییەتی لەشیعری جزیریدا

جەلادەت بەدەرخان بۆ یەکەمجار لەگۆڤاری هاواردا ڕایدەگەیەنێت کەوا ((مەلا شاعیرەکی متەسەویفە)) (AZIZAN سەرچاوەی پێشوو)، ئەمەش لەپای ئەوەوەیە کەوا مەسەلەکانی تایبەت بە عیرفان و بیری سۆفێتیی بەشێکی گەورەی لە مەبەست و ناوەرۆکی شیعر و دیوانی جزیری گرتۆتەبەر، چ ئەوەی پەیوەندی بە ڕێباز و تەریقەتەکانی سۆفیەتییەوە هەیە، یاخود وشە و زاراوە و دەستەواژەکانی تایبەت بەحال و مەقامات، یا ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە سەیر و سلوک و پیروموريد و عەشقی حەقیقی و مەجازی.

دیارە وەکو گوتمان بناغەی تیۆری و بیر و فەلسەفەی سۆفییەتی لای جزیری لە بەشێک لە شیعرەکانیدا بەدیادەکەوێت، واتە شیعرەکانی ئاوێتەن کە ئەم فەلسەفە و هزر و بیر و بۆچوونانەی تیادا تیشک دەدەنەوە بەتایبەت تێکستەکانی؛ **الله سەحەرگاها ئەزەل، دەستی قودرەت، هی دبەر قالو: بلی یێ، ئسمی تەیە مەکتوب، مەششاطەیێ حوسنا ئەزەل، موغبەچەیێن مەیقرۆش، نامێ عەنبەر شکەنی بێت، ئەووەل کو پارێ دامە، ب حوسنا (أحسن التقويم)، صەنەمێ ژ قەوسێ ئەبروو، فەلەکا ئەطلەسێ، ژ ڕەمزا دڵبەرێ دیسا.... تاد.** لێرەدا مەسەلەی

گرینگ ئەوەیە، کە ئایا چۆن وە لە ڕێگەی کێوە مەسەلەکانی تایبەت بە عیرفان و سۆفیزم هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە؟ هەندێ توێژەر و لێکۆڵەری کورد ڕایان وایە کەوا مەسەلەکانی سۆفیزم عیرفان لەسەرەتاوە لەسەدەی دەیەمدا لە شیعری بابا تاهیری هەمەدانیدا (٩٣٧ – ١٠١٠ز) بەرچاو دەکەوێت، تا ئەوەی دواتر لەسەدەی حەڤدەهەم و لەسەر دەستی مەلای جزیریدا دەگاتە لوتکە. (شکار، ٢٠٠٩، ٩ – ١٠)[*].

ئێمە وای دەبینین کەوا سەر قافلەی هزر و بیری عیرفان و سۆفییەتی لە شیعری کلاسیکیدا، چ وەکو چەمک و وشە و زاراوەکان و چ وەکو فیکر و بیر و پراکتیک، هەر دیسان شێخی جزیرییە ئەو لەسەرێکەوە مەلا و زانا و عالیم و عارفێکی مەزن بووە. بۆیە زڤنگی بەناونیشانی ((العارف الربانی والعاشق الرحمانی)) وەسفی کردووە. (الزڤنگی، ٢٠١٣، ٥)[**]. ئەنجا هەر خویشی شۆڕە سواری مەیدانی سۆفیگەریش بووە و بەشێکی زۆری شیعر و غەزەلەکانی بۆ (عەشقی حەقیقی و مەجازی) تەرخان کردووە، کەوا سەر شارن لە ڕەمز و ڕازی سۆفییەتی. جزیری باوەڕی بە (یەکێتی بوون) هەبووە و جوانی

---

[*] کێشمە کێش و مەسەلەکانی تایبەت بە بابا تاهیر و شیعر و بەرهەم و سەردەمەکەی تاوەکو ئێستاش نەبڕاوەتەوە ئەنجا ئەگەر بێت و بابا تاهیر وەکو (بابا) و (پیر)ێکی یارسان قبوول بکرێت، وەک ئەوەی لە (سەرەنجام)، کتێبی پیرۆزی ئایینی یارساندا هاتووە، ئەوا مەسەلەی سوننی بوون و سۆفیزمەکەشی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئێمە لامان وایە شیعر و بەرهەمی بابا تاهیر، دەچێتە ناو قوتابخانەی ئەدەبی لەک و لور لە قۆناغی ئەدەبی کۆنی کوردیدا، کەوا نە کلاسیکە و نە عەرووزیشە. وەلێ ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی زیاتری دەوێت.

[**] زڤنگی لە پێشەکی دیوانەکەی جزیریدا ((العقد الجوهري في شرح دیوان الشیخ الجزري)) ئەم نازناوەی بە شاعیر بەخشیوە، لە پاشان خەڵکی تر ئەم ناونیشانەیان قۆستۆتەوە و دووبارەکردۆتەوە. بە نموونە (هەژار) شەرحێکی دیوانی جزیری کردووە و ناوی ناوە (دیوانی عارفی رەبانی). بگەڕێوە بۆ: (هەژار، ١٣٦٠).

خودایی لە هەموو شتێکدا بەدی کردووە و هەڵوێستی لەم بارەوە لە زۆر شوێن لە دیوانەکەیدا ئاشکرا کردووە و (میکائیل، ٢٠٠٥، ٤٢) لەم بارەوە دەڵێت:

**حەرف ژ یەک بوونە فەصل گەر ببری وان ب ئەصل**
**حەرف دبت یەک خەطەک خەط کو نەما نوقطە ما**

(دۆسکی، ٢٠١١، ٣٥)

قەسیدە و غەزەلەکانی جزیری سەرشارن لە وتە و زاراوەکانی سۆفییەتی بەتایبەت ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە کۆمەڵێک تێگە و چەمکی فەلسەفی و عیرفانییەوە هەیە لەوێنەی؛ یەکێتی بوون، **یەکێتی ئاینەکان، ڕاستی محەمەدی، نەمان (الفناء)، لاهوت و ناسووت، تێچوون (الحلول)، فەلسەفەکانی ئیشراق و حروفی و... تاد.** تا ئەوەی مامۆستا و توێژەرێکی کورد فەرهەنگێکی تایبەتی لە وشە و زاراوەکانی سۆفیەتی لە دیوانی جزیری و مەحویدا سازکردووە. بگەڕێوە بۆ؛ (شوان، ٢٠١٠). کەواتە جزیری نەک هەر یاسا و ڕێسا و هونەرەکانی شیعری کلاسیکی (حافز و سەعدی و جامی) وەرگرتووە و هێناویەتە ناو شیعری کوردی، بەڵگو تێگە و ئەزموونی عیرفان و سۆفیزمیشی وەک ئەوەی لای (مەولانای ڕۆمی و عەتتار و جامی)دا هەبووە هێناوەتە نێو ئەدەبی کوردیەوە. (وەلاتژێری، ٢٠١٧، ١٣٢) ئەنجا هەموو ئەوانەش بە زمان و شێواز و لە کەش و هەواو سروشتێکی کوردانەدا پێشکەش کردووە و بەم کارەی ڕێبازێکی سۆفیزمی کوردانەی هێناوەتە مەیدان کەوا لە دوای خۆیدا هەم لە لای خانی و هەم لە لای مەحویش بەهەمان نەفەسی کوردانەوە دووبارە بۆتەوە.

**ئەنجامەکان:**

لە کۆتاییدا دەتوانین چەند ئەنجامێک دەستنیشان بکەین کەوا لە درێژەی ئەم باس و لێکۆلینەوەیەماندا پێی گەیشتووین، ئەویش لەم چەند خاڵ و بڕگانەدا:

١- شیعری کلاسیکی کوردی قۆناغی دووەمینی مێژووی ئەدەبی کوردی نووسراو پێکدەهێنێت کەوا لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەمەوە دەستپێدەکات. بەر لەمە ئێمە قۆناغێکمان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەیە بەناوی (قۆناغی ئەدبی کۆنی کوردی) کەوا شیعر و ئەدەبیاتی هەردوو ئەزموونی ئەدەبیی لەک و لوڕ و ئەدەبیاتی گۆران دەگرێتەوە، کەوا قۆناغی یەکەمینە و تیایدا شیعر و ئەدەبی کوردی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەدەبی و هونەری نەتەوەیی ڕەسەن و خۆماڵی و تایبەتە، دوور لە کاریگەری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بیانی (عەرەبی و ئیسلامی).

٢- مەلای جزیری لە ڕێگەی دیوان و بەرهەمی شیعرییەوە بووە بە مامۆستای یەکەم و دامەزرێنەری ئەم قۆناغ و قوتابخانەیەی شیعری کلاسیکی کوردی، هەر لەسەر دەستی ئەویشەوە هەموو هونەرەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

٣- جزیری هونەر و بنەماکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی، لە بەر هۆکار و تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی، ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی هەموار و دەسکاریکراوەوە لە شیعر و ئەدەبی فارسییەوە وەرگرتووە، ئەنجا هاتووە سامان و ئەزموونێکی تازەی لە ئەدەبی کوردیدا بنیاتناوە کە لە پاشان بووە بە قۆناغ و قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی.

٤- جزیری لە بەکارهێنانی نیزامی کێش و سەروا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی، قالب و فۆرمی شیعری، مەبەست و ناوەڕۆک و بیری

سۆفییەتی، داهێنانی کردووە و هونەر و دەسترەنگینی بێ وێنەی لەشیعری کوردیدا نوواندووە.

٥- بەم داهێنان و دەستپێشخەرییە جزیری هەموو بنەماکانی شیعری کلاسیکی کوردی دامەزراندووە تاوەکو لەدوای خۆی بوون بە نەریت و قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەپیت و دەوڵەمەند، شاعیرانی کورد بۆ ماوەیەکی دوور لەسەری ڕۆیشتوون و پێڕەویان لێ کردووە.

٦- بۆیە بەحەق نازناو و ناونیشانی مامۆستای شیعری کلاسیکی کوردی تەرخان و تایبەتە بە مەلای جزیری، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

## سەرچاوەکان

### أ- کوردی:


- ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠٢، گۆران – نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ئەزیزان، هەرکۆڵ، گۆڤاری (هاوار)، ساڵ (٩)، هەژمار (٣٣).
- بالەکی، یادگار رسول (د)، ٢٠١٥، لەنگییە عەرووزییەکانی یەکێک لە چاپەکانی دیوانی جزیری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٥).
- چالی، شەعبان، ٢٠٠٨، شێوازی شیعری جزیری، دەزگەها سپیرێز، دهۆک.
- چەلکی(١)، مەسعوود یاسین، ٢٠١٢، ڕۆلی هونەرێن ڕوونبێژی دچێکرنا هۆزانا کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- چەلکی (٢)، مەسعوود یاسین، ٢٠١٢، زانستی جوانکاریێ دهۆزانا کوردیدا، ریڤەبەریا چاپ و بەلاڤکردنێ، دهۆک.
- حەمە کەریم، حەمە سەعید، ١٩٨٦، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- خەزنەدار، مارف (دکتۆر)، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار، مارف (دکتۆر)، ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- جۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ جزیری، دەزگەها سپیرێز، دهۆک.
- ڕەسول، عیزەدین (پرۆفیسۆر)، ٢٠١٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
- ڕەشید، مەسعوود جەمیل، ٢٠١٤، ڕۆڵی تەوەرێن هەڵبژارتن و ڕێزکردنێ دچێکرنا ڕیتما هۆزانا کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (د)، ٢٠١٠، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- عەبدوڵلا، حەلیما خورشید، ٢٠١١، بەراوردە یەکا کێشناسی دناڤبەرا عەرووزا کوردی و فارسی، دەزگەها سپیرێز، دهۆک.
- گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، بەغدا.

- گەردی، عەزیز، سەرواسازی لە شیعری جزیریدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، بەربەندا (٢)، ژمارە (٦).
- موتابچی، ئەمین علی (دکتۆر)، ١٩٧٣، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، ژمارە (٦)، بەغدا.
- موتابچی، أمین علی (دکتۆر)، ١٩٩٤، مەلای جزیری ئوستادی غەزەلی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی بیست و پێنجەم و بیست و شەشەم، بەغدا.
- مەولوود، عەبدوڵلا خدر، ٢٠١٢، الا یا ایها الساقی و دوازدە بابەتی تر، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیری نوێخواز، هەولێر.
- وەلاتژێری، ئەختیار ئەحمەد ئەحمەد، ٢٠١٧، پێگەیێت تەصەوفێ ددیوانا شێخ ئەحمەدێ جزیریدا، چاپخانا هاوار، دهۆک.

**ب- عەرەبی:**

- باطاهر، بن عیسى (د)، ٢٠٠٨، البلاغة العربية، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت.
- خلف، عبدالحسن حسن (د)، ٢٠١١، القصيده الجاهليه في النقد العربي القديم، دار الفارابي، بيروت.
- رسول، عزالدين مصطفى (دكتور)، ١٩٩١، المسائل النظرية في الاداب الشرقية (ترجمة)، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
- طبانه، بدوي (الدكتور)، ١٩٦٩، قدامة بن جعفر والنقد الادبي، مكتبة الانجلو مصرية، القاهرة.
- قنديل، اسعاد عبدالهادي (دكتورة)، ١٩٧٥، فنون الشعر الفارسى، مكتب الشريف وسعيد رأفت، القاهرة.
- ميكائيل، نايف طاهر، ٢٠٠٥، الشيخ الجزرى، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك.
- هردي، احمد، ٢٠٠٤، العروض في الشعر الكردي، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل.

## ملخص البحث
## الشيخ احمد الجزيري
## رائد الشعر الكلاسيكي الكوردي

المدرسة الكلاسيكية في الشعر الكوردي، وهي المرحلة الثانية من تاريخ تطور الادب الكوردي، تبعا للتأثيرات الحضارية والثقافية للادب والثقافة (العربية – الاسلامية) في أواخر القرن السادس عشر. ويعتبر الشاعر العالم والعارف الرباني الشيخ احمد الجزيري رائدا بلامنازع لتلك النهضة الادبية، حيث امتاز الشعر الكوردي بامتلاكه ولاول مرة، لجميع الفنون والمهارات الادبية للشعر الكلاسيكي للشعوب الشرقية (العربية والفارسية والتركية).

لقد جسد الشيخ الجزيري في نتاجه الشعري جميع الاصول القواعد المتأصلة للمدرسة الادبية الكلاسيكية – الشرقية، والتي تتمثل في استحداث واتباع الخطوات والاسس الادبية والفنية التالية:

- اتباع البنية الشكلية الاساسية للغزل والقصيدة التقليدية، الا وهي البنية الشكلية المتمثلة بـ(عمود الشعر) او (الشعر العمودي).

- اتباع الاوزان والبحور الشعرية العروضية في تنضيم الشعر الكوردي، وبالاخص تلك الاوزان والبحور التي تنسجم مع الخصائص الفونولوجية للغة الكوردية.

- الاستفادة القصوى من الفنون والصناعات الادبية البلاغية وذلك بهدف تمتين البنية الفنية للغزل والقصيدة الكوردية والدفع بهما الى بلوغ مدياتها القصوى.

- استحداث القوالب والاشكال الادبية المتعددة، الى جانب القوالب الشعرية التقليدية المعروفة كالغزل والقصيدة، وذلك من امثال المربع، والمخمس والمسدس، والملمع، والمسمط، والترجيع والتركيب بند... وغيرها.

- عمل الشيخ الجزيري على تأصيل الفكر الفلسفي – الصوفي في الشعر الكوردي. ويعتبر ديوانه في هذا المضمار معجما للمفردات والافكار، والتوجهات الصوفية والعرفانية.

- أما من حيث الاغراض والمضامين الشعرية، فقد تناول الجزيري في شعره جميع الافكار والموضوعات الشعرية، وطرق ابواب جميع ضروب الشعر، من وصف وفخر، ومدح ومراثي، الى جانب الغزل بوجهيهما المجازي والحقيقي، ناهيک عن الاغراض الدينية والعرفانية.

- وقد استسلهم الجزيري كل تلك الفنون والقواعد والاصول الادبية عن طريق الادب الفارسي، بشكل معدل عن الاصول العربية الاولية، لاسباب تتعلق باشتراک للاصول التاريخية للشعبين الكوردي والفارسي، واشتراک اللغتين في البنى والقواعد، وانسجاما مع الخصائص الفنية والمزاجية للشعب الكوردي.

- ولهذا اقدم الشيخ الجزيري على استحداث آفاق جديده أمام تطور الشعر والادب الكوردي والولوج الى عوالم الرحبة للكلاسيكية الادبية حيث اصبح اسهاماته في هذا المجال مدرسة ذات ابعاد ادبية – وفنية متكاملة، لتمتد من بعده الى زمن بعيد، حيث سار الشعراء الكورد من بعده على نهجه.

الدراسة الحالية تدور حول مبادرات واسهامات الشاعر الجزيري في هذا المجال، وتتكون من مقدمة وفصلين رئيسيين، كل فصل تضم محاور عده، وتليها بضع نقاط على شكل خلاصة واستنتاجات البحث ومن تم تختتم بمختصرين للبحث باللغتين العربية والانكليزية.

# Abstract

## Al-Shaikh Ahmed Al-Jaziry

## The pioneer of the Kurdish classical poetry

The classical poetry emerged in the Kurdish poetry as a second developing stage of the Kurdish literature. The development was due to the Islamic and the Arabic civilizational and cultural effects late of the sixteenth century. Ahmed Al-Jaziry considers the pioneer of the literary risen, when the Kurdish poetry had all the features of the eastern classical poetry like the Arabic, Persian and the Turkish.

Al-Jaziry embodied, in his poetry, all the types and the characteristics of the eastern literary classical school, which follow the artist and the literary foundations:

1-To follow the fundamental construction of the court poetry and the traditional poetry like in the traditional Arabic poetry.

2-Follow the meter and the prosody in rhyming the Kurdish poetry, especially those which mesh with Kurdish phonological characteristics.

3-Make use of the literary and the rhetoric arts for distinguishing the structure of the Kurdish court poetry.

4-Innovation of new literary forms along with the classical ones which is known as court poetry.

Al-Jaziry worked to enhance sophism in the Kurdish poetry and his book can have considered as a glossary of the sophism terms and ideas.

Concerning the content of Al-Jaziry’s poetry, it dealt with different types of poetry like description, pride, praise, both the metaphorical and the real court poetry, and the religious poetry.

He was inspired all those rules and arts from the Persian adapted poetry for the common history, linguistic structures and rules of the two nations the Kurdish and the Pesian.

Al-Jaziry was the reason of the newly visions of development for the Kurdish poetry and literature, and the mesh with the classical literature. His contributions become a literary school for the next generation to follow.

This research deals with the contributions of the poet in the field of innovation, it consists of two chapters preceded by the introduction and the research sums up some important points as a conclusion, which followed by the abstracts in both Arabic and English languages.

## خاليد دلێر و سروودی کوردی (*)

**پێشەکی:**

سروود لەچەمک و پێناسەدا بریتییە لە ژانرێکی ئاوێتە لە هونەری شیعر و هونەری ئاواز و گۆرانی، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆرانی ئایینی و وەسف و پیاهەڵدانی پیاوچاکان و میر و پاشاکان کە لە پاشاندا ناوەڕۆکێکی سیاسی- نیشتیمانی و نەتەوەیی بەخۆیەوە گرتووە. لە ئێستادا سروود دەقێکی شیعریە هەڵچوون و خرۆشانی تێدایە و بەڕیتم و ئاوازێکی تایبەت دەگوترێت. هەموو وڵات و نەتەوەیەک سروودی نیشتیمانی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. سروودی کوردیش بۆتە بەشێک لە ئەدەب و هونەر و کلتووری ئەو میللەتە و لە ڕەوتی پێشکەوتنیدا قۆناغی جیا جیای بڕیوە، خالید دلێر کەسێکی هونەرمەند و بەهرەدار بووە و لەمەیدانی سروودی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، خەرمانێک سروودی هونەریی نیشتیمانی و نەتەوەیی دانسقەی داهێناوە. لەم ڕووەوە ئەم باسە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژانری سروود بەشێوەیەکی گشتی و سروودی کوردی بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەنجا دەپەرژێتە سەر ڕۆڵی خالید دلێر لەو مەیدانەدا بە هێنانەوە و تاوتوێکردنی سەرجەم بەرهەمەکانی لە بواری سروودی کوردیدا.

باسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرەی جیا جیا و ئەنجامەکان پێک دێت، لەگەڵ لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان و پوختەیەک بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## تەوەری یەکەم

### ١) زاراوە و چەمک و پێناسەی سروود

لە فەرهەنگە کوردییەکانی وەکو (خاڵ، هەمبانە بۆرینە، کوردستان)دا سروود، بە ئاواز و گۆرانی نیشتیمانی لە قەڵەم دراوە، دیارە ئەم بۆچوونە زیاتر پێناسەیەکی تازە و ئەمڕۆییە، زیاتر لەوەی لە ڕووی ئیتمۆلۆجی و تیرمینۆلۆجییەوە وشە و زاراوەکە شیبکاتەوە.

لە فەرهەنگە فارسییەکانی وەکو (لغت نامه و فرهنگ فارسی، معین)دا هاتووە کەوا سروود وشەیەکی پەهلەوییە و لە بنەڕەتدا (سروت – srüt) یاخود (سرووت– srüt)ەوە بە واتای نەغمەو ئاوازی جۆش و خرۆش ئامێز دێت. یا ئەوەتا هۆنراوەیەکی ئاوازدارە کە مۆرکێکی حەماسی هەبێت (معین، ١٣٦٠، ج٢، ١٨٧٧).

لە زمانی عەرەبیدا بە (النشید) هاتووە، کە شیعر و هۆنراوانەی خەڵک بە دەنگ و ئاوازی بەرز لەنێو خۆیاندا دەیڵێنەوە (ابن منظور ، ٢٠٠٨، ج١٣، ٢٠٠).

لە زمانە ئەوروپاییەکاندا زاراوەی (سروود: Hymn) مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ڕیشەی (Hymnos)ی لاتینیەوە هاتووە، کە بەو گۆرانی و ئاوازانە گوتراوە کە لەمەدح و ستایشی خوداوەند و پاڵەواناندا هەڵگوتراون. کۆنترین سروودێک کە لەئەدەبیاتی ئەوروپاییدا مابێتەوە سروودێکی (هۆمیرۆس)ە، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە ستایشی خوداوەندی بەروبەرهەم و خەرمانهەڵگرتن (دیمیترا)دا هۆنراوەتەوە. (سیماداد، ١٣٨٣، ٢٩١). هەر لەبارەی مێژووی سروودەوە (مجدی وهبە) دەڵێ: ((سروود لە بنەڕەتدا یۆنانییە، هۆنراوەیێکە بۆ پیاهەڵدانی خواوەندەکان و پاڵەوانان دەگوترا، وەک سروودەکانی هۆمێری، لە ئەدەبی ئەوروپاییەکان سروود هۆنراوەیێکە بۆ پیاهەڵدانی کەسایەتی گەورە و بەدیارخستنی خەسڵەتە باشەکانی دەگوترێت)) (وهبە، ؟، ٢٥٥).

له ئێستادا پێناسەی سروود ئاڵو گۆڕی بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لەلای عەرەب ((سروود هۆنراوەییێکە لە خۆشەویستی نیشتیمان و پابەندبوون پێی و خەباتکردن لەپێناوی گەورەیی و سەربەرزی وڵات و پارێزگاریکردن لێی و پاراستنی دەسکەوتەکانی دەگوترێت)) (الفرحان، ١٩٨٤، ٦٣). لەبارەی چەمک و مێژووی سروودەوە شارەزایانی کوردیش بۆچوونی خۆیان هەیە. بۆ نمونە (ناسری ڕەزازی) بیروڕای وایە کەوا، (سروود یاخود سرووت) هەمان وشەی (ستران)ی کوردییە، لەبنەڕەتدا وشەیەکی (ئاوێستایی)یە وبریتییە لەو گۆرانییە ئایینانەی کە لەسەردەمی زەردەشتدا هۆنرانەوەتەوە، لەکۆندا لە پەرستگاکان و ئاورگاکانی مووغەکانی زەردەشتی لەکاتی نزاو پاڕانەوە و پیاهەڵدان و بۆنە و ئاهەنگەکانی ئایینیدا گوتراون. (ڕەزازی، ٢٨٢، ١٨٩).

سروود لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەمکێکی تازەی پەیداکردووە و بۆتە ((ئامرازێکی کاریگەر و هۆکارێک بۆ گوزاشتکردن لە خەبات و تێکۆشان لە دژی دوژمنان و داگیرکەران،... ڕۆڵێکی باشیشی بینیوە لە ئامادەکردنی جەماوەر و هۆشیارکردنەوەی تا ڕووبەڕووی داگیرکەران وەک چەکێک بەکاری بهێنن و لە بۆنە نیشتیمانی و ئاهەنگەکاندا دووبارەی دەکەنەوە)) (معروف، ٢٠٠٥، ٢١).

هەر لەبارەی سروودەوە (ئەنوەر قەرەداغی) دەڵێت: (مرۆڤی کورد سروودی بۆ حەز و سەربەرزی و سەربەستی و بەرگری لە ماف و خاکەکەی، لە دژی زوڵم و چەوسانەوە وتووە، بەهەر شێوەیەک بێت، لە مقامێکەوە یان لە ڕێگەی گۆرانییەکی سیاسی یان بە جۆرێکی پڕ لە جۆش و لە ڕیتمێکی جۆشداردا وەک مارش ئەو ناخەی خۆی دەربڕیوە) (قەرەداغی، ٢٠٠١، ٢٦٠٧).

کولتوور و مێژووی ئەدەبی کوردی فۆلکلۆری و میللی کوردی ئەوە نیشاندەدات کەوا (بەیت) و (لاوک) کۆنترین فۆرمی گۆرانی داستانیی بە ناوەڕۆک (سیاسی/ نیشتیمانی و نەتەوەیی) کوردییە، کەوا

شانبەشانی مێژووی شەڕ و نەبەرد و داستانە دلێری و قارەمانێتیەکانی کوردان هاتووە. لەنموونەی (بەیتی قەڵای دمدم) و ( بەیتی ئاورەحمان پاشای بابان). هەروەها ئەو (لاوک)انەی کە دلێری و ئازایەتی سەرکردە و جەنگاوەرانی شۆڕش و بەرخۆدانەکانی ڕابردوومان بۆ دەگێڕنەوە، لە وێنەی (شۆڕشی ئاگری داغ و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید... تاد).

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەستی نیشتیمانی و گیانی نەتەوەپەروەری لە گۆرانی سیاسیدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەویش وەک بەشێک لە ئەدەبی زارەکی و میللی کوردیدا بۆمان ماوەتەوە، بە نموونە گۆرانییەکی فۆلکلۆری بە ناوەڕۆک سیاسیمان هەیە کە تیایدا دەنگی دایکێکی کورد دەبیسترێت کە ناڕەزایی و بیزاری دەردەبڕێت لەئاست هەڵمەتی سەربازگیری بەزۆری (ڕەزا شای پەهلەوی) دەرهەق بەگەنج و لاوەکانی کورد لەو ڕۆژگارەدا:

**یاخــوا ڕەزا شـــا بـەردت لێبـاری**
**کوڕم گـەورە کرد بەقـەندی شـاری**
**ئەتۆش لۆخۆت برد لەبۆ ئیجباری**

* **

**یاخوا ڕەزا شا تەختت وەرگـــەڕێ**
**من لاوی کوردم مەمبەرە شــــەڕێ**

***

**یاخوا ڕەزا شـا هەرسێ کوڕت بمری**
**ئیجباری تازە لـەکــــوردی دەگـری**

***

**ڕۆژێ دوو قڕان مانگی حەوت شایی**
**چی بدەم بەشەکر چی بدەم بەچایــی** (جندی ، ١٩٨٣، ٥)

تۆماری گۆرانییەکی سیاسیی کوردی هەیە کە وا بەدەنگی (دایکی جەمال) تۆمار کراوە و باس لە کارەساتی شەهیدکردنی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود دەکات لە (مووسڵ) لە ساڵی (١٩٠٧)دا و بەندی یەکەمی گۆرانییەکە بەم جۆرەیە :

**هەی گوڵ هەی گوڵ تۆم بەگوڵ زانی ئاغام شێخ سەعید قوتبی سلێمانـــــی**
**جـــــوابەکی بـــەرن بۆ فاتمە خـــانی شێخ سەعیدیان کوشت لەناو مەیدانی**

تێکستی گۆرانی سیاسیی فۆلکلۆری دیکەش لە بنەڕەتدا هەیە، کەوا خەڵک بەهەست و گیان و هەناسەیەکی پڕ لە کوردایەتی و نیشتیماندۆستی، لە مەجلیس و کۆڕ و دیوەخان، یا لە کاتی کار و فرمانی ناو کێڵگە و باغ و بێستان بە دەم کارکردنەوە گوتویانەتەوە.

**٢) جۆرەکانی سروود:**

سروود بەشێوەیەکی گشتی گیانی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە نێوان رۆڵەکانی گەلدا بەهێز دەکات، هەندێ جار بە شێوەیەکی هەستبزوێن و شادیهێنەر بەکاردێن و دەبنە هۆی جۆشدانی ئەو خەڵکانەی کەوا گوێ بیستیان دەبن، ئاوات و ئامانجەکانی گەل لە بۆتەی سروود دا دادەڕژێن بە جۆرێک کە ئاواز و وشە هەستبزوێنەکانی گیان دەبەخشێتە جەستەی مرۆڤ و دەیکەن بە مەتەرێز بۆ پارێزگاریکردن لە ئامانجە پیرۆزەکانی خاک و گەل. لێرەوە دەشێ ئەم جۆرانەی سروود دەستنیشان بکەین.

**١.سروودی ئایینی:**

ئەم جۆرە سرووده بریتییە لە سروودی موناجات و پاڕانەوە لە خوا و پێغەمبەر (د.خ) و پیاوچاکان کەوا لە بۆنە و یادکردنەوە ئایینییەکاندا دەوترێنەوە.

**٢.سروودی نیشتیمانی:**

ئەو شێوە سروودەیە کە تایبەتمەندی ئەو گەل و خاک و وڵاتە لە ناوەڕۆکی سروودەکەدا ڕەنگدەداتەوە، ڕابردووی بە ئێستاوە دەبەستێتەوە و شانازی بە سەروەرییەکانی ڕابردووەوە دەکات و بە گەشبینییەوە لە ئایندەی دەڕوانێت.

لە سەردەمی ئێستادا هەر وڵاتێک (سروودی نیشتیمانی) تایبەت بەخۆی هەیە، کەوا هەم وەکو هۆنراوە و هەم وەکو ئاواز لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە پەسەند دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆنە و جەژنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەم سروودە دەست پێدەکەن.

لەپاڵ ئەوەشدا لە هەندێ وڵات سروودی شاهانە یان سەرۆک کۆماری یان سروودی دەوڵەت هەیە، هەندێ لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە نموونەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا و ئەفریقاش خاوەنی سروودی تایبەتی خۆیانن (وهبە، ؟، ٢٢٥).

**٣.سروودی بەرەنگاری:**

ئەمەیان لە هەناوی چەوسانەوە و زوڵم و ستەم لەدایک دەبێت، باس لە خۆشەویستی خاک و پیرۆزی نیشتیمان دەکات بەجۆرێک گیانی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە لە دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی گەل دەڕوێنی لە ئاست دوژمنانی، لە ڕووی نەغمە و ئاوازیشەوە ڕیتمێکی خێرا و بەجۆشی هەیە لە وێنەی (مارش).

**٤.سروودی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە مەبەستێکی فێرکردن و پەروەردەیی لە پشتەوەیە، بە تایبەتیش بۆ نەوەی تازە پێگەیشتووی میللەت و ڕاهێنانیان لەسەر خۆشەویستی زانست و زانیاری و، لەسەر خوو و ڕەوشتی پاک و

خاوێن و نیشتیمان پەروەرانە ڕایان دەهێنێت، هەروەها زانیارییەکانی قوتابخانە لە قاڵبی شیعر و ئاوازدا بەرجەستە دەکات و بەشداری لە پەرەپێدانی هۆش و ژیری منداڵاندا دەکات.

سروود ئەگەر ڕیتم و ئاهەنگێکی خێرا و بەجۆش و چەسپاوی هەبێت بە (مارش) ناو دەبرێت. ئەم زاراوەیە لە ڕاستیدا هەڵگری دوو چەمکە؛ یەکیان وشەکەیە (مارش)؛ کە لەوشەی ناوی شاری (مارسیلی)ی فەرەنساییەوە بناوانی هەڵگرتووە، سروودێک کە لەو شارەدا و لەناو سەربازانی فرەنسادا لە بەرەکانی جەنگ لەدژی نەمساو پروسیادا لەساڵی (١٨٩٢) پەرەی سەند و بڵاوبوویەوە، کە پاشان لە ڕۆژگاری جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرلەنوێ سروودی (مارسلێز) ناوی پەیداکردەوە و هەموو گەلی فرانسە ئەو سروودەی دەگوتەوە (هاوار، ١٩٧١، ٣١). دووەمیان چەمکی نوێی زاراوەی (مارش)ە کە زیاتر ئاماژەیە بۆ ئەو ئاوازو ڕیتمە خێراو چەسپاوەی هاوکات لەگەڵ نمایش و مەشق و ڕاهێنان و ڕێڕۆیشتنی سەربازیدا بەڕێوە دەچێت، بۆیە وا هەیە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکاندا ئەم دوو چەمکە تێکەڵاو دەکرێن یاخود بە هەڵە لێکدەدرێتەوە، بۆ نموونە بگەڕێتەوە بۆ (ئاگرین، ٢٠١٢، ٢٠٧).

# تەوەری دووەم

## مێژوو و سەرهەڵدانی سروودی کوردی

سروود لە کۆندا ئەگەر بەواتاو چەمکی گۆرانییەکی حەماسی و هەست وروووژێن و هاندەری مرۆڤ وەربیگرین، ئەوا لەناو کوردا مێژوویەکی دێرینی هەیە. کۆنترین بەڵگەمان لەو بارەوە لە کتێبەکەی (گەزنەفۆن)ی یۆنانی (ئاناباسیس) بەرچاو دەکەوێت، لەکاتی گەڕانەوەی لەشکرەکەی بە کوردستاندا لە ساڵی (٤٠١ی پ.ز) دا دەڵێت: کاتێک کوردەکان سەیریان کرد ئەوا بەشێکمان لە ئاوەکە پەڕیوینەتەوە و بەشێکیشمان لەبەرامبەر ئاوەکەوەین، بەسروود خوێندن لەشاخەکەی پشتمانەوە هاتنە خوارەوە و پەلاماریان داین. (ڕەزازی، ٢٠٧، ١٠/٧). گەڕیدە و ڕۆژهەلاتناسەکانیش لەو بارەوە قسەیان کردووە، بۆ نموونە زانای کوردناس (باسیل نیکیتین، ١٨٨٥-١٩٦٠) دەڵێت: ((بۆم دەرکەوتووە کە سامانی سروود و گۆرانیی کوردی لە زەمینەیەکی ناوازەوە هەڵقوڵاوە، چونکە شۆڕە سواری شەڕانگێزی و ئازایەتی لەنێو کورداندا پترە وەک ئەوەی لای دراوسێکانی وەکو تورک و ئەرمەن)) (نیکتین، ١٣٦٦، ١٧٠).

زۆربەی لاوک و گۆرانیی سیاسیی کوردیش وەسف و پیاهەڵدانە بە شانوشکۆی سەرداره خوێنبەخشەکانی کورد و ، ئەوانەی لە پێناوی خەڵک و خاکی کوردستاندا خۆیان کردۆتە قوربانی و وەکو پاڵەوان لە ڕووی دوژمن و داگیرکەران وەستاون. لەسەردەمی نوێدا ئەگەر بە شێوەیەکی ورد لە مێژوو و ناوەڕۆک و بابەتی سروود لە کوردستاندا بڕوانین ئەوا بۆمان یەکلا دەبێتەوە کەوا بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**١.قۆناغی سروودی تورکی- عوسمانی :**

ئەمە قۆناغی یەکەم و سەرەتایە کە بریتی بووە لە و سروودە تورکییانەی لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و لە سەردەمی عوسمانیدا بڵاودەکرایەوە. واتە گوتنەوەی سروودگەلێک بووە بە زمان و ئاواز و ناوەڕۆکێکی تورکی کە لە خزمەت حوکم و فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا بووە. ڕۆڵەکانی کورد لە (مەکتەبەکانی ڕوشدییەی عوسمانی) شتێکیان فێر دەکرا و دەگوتەوە کە دوور بوو لە زمان و هەست و سەلیقە و سروشتی نەتەوەکەی خۆیان. ئەم قۆناغە تاوەکو سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی پێشوو درێژەی کێشاوە.

**٢.قۆناغی زیوەر و چەکەرەکردنی سروودی کوردی:**

لەم قۆناغەدا زیوەری شاعیر دەورێکی سەرەکی هەبووە لە هاتنە ناوەوەی سروودی کوردی، بە شیعر و هۆنراوەی کوردی بەڵام لەسەر ڕیتم و ئاوازی سروودە تورکییەکان. ئەم هەنگاوە بەگۆڕانێکی گەورە دادەنرێت و دەرگایەکی تازەی لەبەردەم سروودی کوردی کردۆتەوە و بۆتە زەمینەسازی و ڕێگەخۆشکەرێک بۆ بنیاتنانی سروودی خۆماڵی نوێی کوردی. ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە دەڵێ:((زیوەر بناغە داڕێژەری سروودی کوردییە)) (رسول، ١٩٦٧، ٢٠٢).

**٣.سروودی کوردیی خۆماڵی:**

لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە سروودی خۆماڵیی کوردی بە شێوەیەکی هەمەلایەنە هاتۆتە مەیدان، لەم ڕووەوە مێژووی ئەدەب و هونەری کوردی تاوەکو ئێستا ئەمەی ڕوون نەکردۆتەوە کەوا کێ بووە یەکەم سروودی کوردی خۆماڵی هێناوەتە بەرهەم!. هەرچەندە لەگەڵ ئەم ناڕوونییەشدا شک و گومان هەر لە دەوری زیوەری شاعیردا دەخولێتەوە، چونکێ لەو سەردەمەدا تاقە غەمخۆری ئەم بوارە هەر ئەو

بووه. (ڕەفیق حیلمی) لە یاداشتەکانیدا و لەسەروبەندی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە مەنفادا لە (کوێت) و دامەزراندنی دەورەی دووەمی حوکمڕانییەکەی لە ساڵی ١٩٢٢دا، چەند جارێک دەپەرژێتە سەر مەسەلەی سروود و گۆرانی قوتابییان، بەتایبەت لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و تا دێتە سەر باسی پێشوازی و گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی و دەڵێ: ((ئێمەش دەستەی مامۆستاکان لەناو خۆمانا و قوتابییەکانا چیمان پێکرا کردمان... (گۆرانی بەپیرەوە چوون = نەشیدی ئیستیقبال) لەلایەن مامۆستای بەڕێز و نیشتیمان پەروەر (مامۆستا زیوەر)ەوە ڕێکخراو فێری (دەستەی گۆرانی) قوتابییە دەنگ خۆشەکان کرا. هێشتا (شێخ مەحموود) لە بەغدا بوو کە ئەم گۆرانییە جار جارە لە ناوچەکەی بەردەمی (دەبۆ) و (قوتابخانەکەی نموونەی سەعادەت) ئەیان خوێندەوە. هیچ جارێ نەبوو فرمێسکی شادی بەچاوی زابتەکان و لاوەکانا نەهێنێتە خوارەوە، هەزاران پیا و وژن بە چەپڵەڕێزان و دەنگی (هەربژی)، هەزاران قوتابی (کوڕ و کچ) بە دەنگی (نەورۆزی کوردەوە) گۆرانی نیشتیمانی و نەشیدی بەخێرهاتنەوەیان ئەخوێندەوە)) (حلمی، ١٩٨٨، ٥١٢-٥١٨).

ئەم قۆناغە بووە بناغەیەکی پتەو بۆ سروودی کوردی و بەرەبەرە خشتی ڕەنگینی خرایە سەر و بەرز کرایەوە، تا ئەوەی دەیان سروودی نیشتیمانپەروەری بۆ منداڵانی قوتابخانە ڕێکخران و هەریەکەی ئاوازەکەیشی بۆ دەست نیشان دەکرا، کە هەندێکیان هەر ئەو ئاوازانە بوون کە بۆ گوتنی سرووده تورکی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە دانرابوون (مستەفا، ٢٠١٠، ٩٩).

هەر لە مەسەلەی سەرەتاکانی سروودی کوردی بۆچوونێک هەیە پێی وایە کەوا سروودی (وەڵاتێ مە کوردستانە)، یەکەم سروودی نوێی کوردی و کوردستانی بێ کەوا هونەرمەندی کوردی ئەرمەنستان (ئەسلیکا قادر) چڕیویەتی و لە بەندی یەکەمیدا دەڵێ:

وەلاتێ مە کوردستـــانـە        جیَ و مەسکەنیَ مە کوردانە
وەلات ژمەڕا دل و جانە        میللــەت هــەمـــی بـــرانـــە

(جندی، ١٩٨٣، ١٨).

**سروودی نوێی کوردی**

لە سالانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بزوتنەوەی سۆسیالیزم و بیری پێشکەوتنخوازی لەسەر ناوەڕۆکی جولانەوە ڕزگاریخوازییەکانی ڕۆژهەلات دەست پێدەکات کەوا جولانەوەی شۆڕشەکانی کوردیش دەگرێتەوە. لەمەوە سروود و گۆرانی نیشتیمانی لە کوردستان شەقلێکی پێشکەوتوو و دیموکرات و ئازادیخواز بەخۆیەوە دەگرێت، لە سالی (١٩٤١)دا زیوەری شاعیر، کە بەحەق بەمامۆستای یەکەمی سروودی کوردی دەژمێردرێت، سروودێکی بۆ (حیزبی هیوا) داناوە کە لە ئاوازی (رەفیق چالاک)ە و سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**تا دەست لەمل هیوا نەکـــەم        شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ**
**بۆ لاوی تازەی قەومی کورد        ببمە نمـــوونە یـــا میسال**

(مستەفا، ٢١٠، ١٨٠)

دواتر سروودی (ئەی رەقیب) وەکو سروودی نەتەوەیی لەدایک دەبێت، کە لە (حکومەتی میللی کوردستان – ١٩٤٦) دەبێت بەسروودی سلاوی کۆماری حکومەتی کوردستان. هەر لە چلەکانی سەدەی بیست کاتێک (گۆران) و (رەفیق چالاک) لە ئیستگەی کوردی (یافا) دەست بەکار دەبن، چەند سروودێکی کوردی بلاودەکرێتەوە کە لە شیعر و هۆنراوەی (گۆران) خۆی وئاوازو دەنگی رەفیق چالاک دەبن، لە وێنەی سروودەکانی؛ (کوردستان) و (دەمی ڕاپەڕین).

کارەساتی لە سێدارەدانی (پێشەوا قازی) و هاوڕێکانی لە (مهاباد) و چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی کورد لە سالی (١٩٤٧)دا بوونەتە

هەوێنی ئیلهامی سروودێک کە تاوەکو ئیستاش یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان بەم سرووده دەکرێتەوە، (ئەی شەهیدان) لە هۆنراوەی (محمد تۆفیق وردی)یە و لەمەڕ ئاوازەکەشی بۆچونی جیاواز هەیە:

**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان     نامرێ ناو و نیشانتان**

(سەرکار، ٢٠٠٧، ٤٩)

ڕاپەڕینی جوتیارانی کوردستان لە ناوچەکانی هەولێر و شێخان و شارەزوور و سیخناخکردنی زیندانە تاریکەکانی دوژمن لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لە سەرەتای سالآنی پەنجادا، بۆتە مایەی لەدایک بوونی گەلێک هۆنراوە و سروودی بەرینگاری و شۆڕشگێڕانە لەناو دڵی زیندانەکاندا، لە وێنەی: (خەباتە و خەباتە، ئۆکتۆبەر، گەنجی وریا، هێزی یەکێتی، شاگردانی فەهد، کوردستانی جوان،...تاد). مێژوو ئەوەی سەلماندووە ئەگەر هاتوو سروودێک بۆ سەرکردەیەکی زیندوو یا جولآنەوە و شۆڕشێکی دیاریکراو لەسەردەمێکی تایبەتدا هۆنرابێتەوە، ئەوا کاتێک ئەو سەرکردەو شۆڕشە لە ڕێگەی ڕاستی لادەدەن و دژ بە دروشمەکانی خۆیان دەوەستنەوە، ئەوا ئەو شیعر و سروودانە تەمەن کورت دەبن و لەدوای ئەو ڕۆژگارە کپ دەبن و دادەمرکێنەوە. بەڵام ئەو شیعر و سروودانەی کە بۆ خۆشەویستی نیشتیمان و لە پێناوی ئازادیدا وتراون، لەگەڵ ئەوەی دەیان ساڵیشیان بەسەردا تێپەڕیوە، ئەوا هەرگیز گڕ و کڵپە و بڵێسەیان خامۆش نابێت، لەنموونەی سروودەکانی وەکو: (دەمی ڕاپەڕینەی – گۆران، خوایە وەتەن ئاواکەی و ئەی دلێرانی – بێکەس، ئازادیخوازی – هەردی، چەند شیرینە لام داروبەردی وەتەن و براینە لەخەو هەستن- ی زیوەر و بەختیار زیوەر، ئەی ڕەقیب - ی دڵدار...تاد.

شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان وەچەرخانێکی تر بوو لە مێژووی گۆڕانی سروودی نیشتیمانی و بەرینگاری، ئەو سروودانەی لە

ئیستگەی شۆڕشدا بڵاو دەکرانەوە پێشمەرگەی کوردستانیان وەکو ڕەمزی ئازاد و ڕزگاری وێنادەکرد، بە وشە و ئاوازەکانیان هەست و سۆزی جەماوەریان دەورووژاند و بەلای گیانی بەرینگاری و خەبات و تێکۆشاندا کێشیان دەکرد.

لە ساڵانی (١٩٧٦) بەدواوە مەشخەڵانی شۆڕشێکی نوێ تروسکەی دا و هیوا و ئاواتی لە دڵ و دەروونی کورددا رۆشن کردەوە، کاروانێکی دیکە لە سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕی لەسەر دەستی چەند گروپی هونەری و هونەرمەندی کورد راچەنینێکی دیکەی بەخۆیەوە بینی، لەسەر دەستی هونەرمەندانێک لە وێنەی(شوان پەروەر، تایەر تۆفیق، حەمە جەزا، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان...). وەکو چۆن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دوا بەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) دا، کەسانێکی وەکو: (ناسری ڕەزازی، نەجمەدینی غولامی، کالێ، جەمالی موفتیزادە،...) پێشەنگی قۆناغێکی دیکەی سروود و گۆرانی بەرەنگاری کوردی بوون.

لە خستنەڕووی مێژوو و ڕەوتی گەشەکردن و بەرەو پێش وەچوونی سروودی کوردی هەم وەکو (دەق) و هەم وەکو (ئاواز)، پەی بەو ڕاستییە دەبەین کەوا سروود ڕەگەزێکی ئەدەبیی تایبەت و سەربەخۆیە و خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی هەم لەباری ئەدەب و هەم لەلایەنی هونەرییەوە.

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم:

### کورتەیەکی ژیننامەی ئەدەبی و هونەری خالید دلێر

ناوی (خالید عەبدوالواحید ئەحمەد سلێمان)ە، لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٨/٢٠) لەشاری (کۆیە) لەدایکبووە. سەرەتای خوێندنی لە حوجرە دەستپێکردووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و قۆناغی ئامادەیی لە شاری بەغدا و کەرکوکدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٣ کۆیەی بەجێهێشتووە و لە ساڵی ١٩٥٤ لە (کۆمپانیای نەوتی کەرکوک) دامەزراوە و ئیتر لەو شارە نیشتەجێ دەبێت، بەمەبەستی خوێندنی زانکۆیی دا بڕیاربووە ڕووبکاتە یەکێتی سۆڤیەت و لە زانکۆی (پاتریس لۆمۆبیا) لە (مۆسکۆ) دەست بەخوێندن بکات، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی و دواتر دەستگیرکردنی لەساڵی (١٩٦١)دا کارەکەی لێ هەڵدەوەشێتەوە. سروشتی هونەر و گۆرانی گوتنی لە خانەوادەکەیەوە بۆ بەجێماوە. سەرەتای ژیانی هونەری بە لاساییکردنەوەی هونەرمەندان و بەتایبەت (تایەر تۆفیق) دەستپێکردووە. هونەری شیعر و هۆنراوە و ئاواز و گۆرانی لای خالید دلێر پێکەوە چەکەرەیان کردووە و یەکەمین هۆنراوەشی لە ساڵی (١٩٥١) لە ڕۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین ئاوازی لەساڵ (١٩٥٤)دا چڕیوە، هەر لەوان ساڵاندا وەکو تێکۆشەرێکی ڕێبازی کوردایەتی بەدیارکەوتووە.

دلێر وەکو لە بیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕێتەوە، وەکو هونەرمەندو، خەباتگێڕو، ئەدیب، هەموو ژیان و تەمەنی لەسەر سێ کۆڵەگەی (هونەر و ئەدەب و سیاسەت)دا دامەزراندووە. (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٦).

ئەو چۆن بەدڵنیایی بەبیر و باوەڕ و بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەوە لە مەیدانی سیاسەتدا تێکۆشاوە، بەهەمان حەماسەت و شێلگێڕی لەمەیدانی هونەری سرووود و گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی

ئامادەیی هەبووە، دواتریش هەم وەکو شاعیرێکی شۆڕشگێڕ، هەم وەکو توێژەر و ڕەخنەکارێک داهێنانی کردووە. سیاسەت و هونەر و ئەدەب بۆ خالید دلێر لەشوێنی نان و ئاو بوونە و بەدرێژایی تەمەنی دەستبەرداری هیچ یەکێکیان نەبووە.

بەداخێکی زۆرەوە لە سالآنی دوایی تەمەنی بە دەست ناساغییەوە گیرۆدەدەبێت، بەناچاری و بەمەبەستی چارەسەر ڕوو دەکاتە هەندەران، بەلاّم دواجار بەکۆمەڵێک دەرد و بەلاوە دەگەڕێتەوە ولاّت. تا لە (٢٠١١/١٢/١٦) ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکات و تەرمەکەی لە گۆڕستانی (کەکۆن) لە شاری کۆیە بەخاک دەسپێردرێت.

**خالید دلێر لە مەیدانی هونەردا لە سێ لاوە بەدیارکەوتووە:**

یەکەمیان سروودی کوردی و دووەمیان گۆرانی سیاسیی و سێیەمیان گۆرانی هونەرییە، لەگەڵ ئەوەی کۆی بەرهەمە هونەرییەکانی زۆر نین و لە دەوری (٤٠) بەرهەم دەبن، بەلاّم لە هەرلایەنەوە داهێنانی کردووە و شاکاری نایاب و دانسقەی خوڵقاندووە. هەموو بەرهەمەکانی لە ناوەندە هونەریی و جەماوەرییەکاندا مایەی پەسەندی بوون و پێشوازی گەرمیان لێکراوە. لێرەوە و لە چوارچێوەی ناونیشانی باسەکەمان دەپەرژێینە سەر تێکست و لێکۆڵینەوە لە سروودەکانی.

## تەوەری دووەم:

## سروودەکانی خالید دلێر

بە پشتبەستن بە بیرەوەرییەکانی خۆی کە لەچەند ئەلقەیەکدا بڵاو کراونەتەوە (بەرزنجی ، ٢٠٠٢، ژ/٦٥-٦٦)، هەروەها بە گوێرەی ئەو باس و وتار و لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بەکار و چالاکییە هونەرییەکانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە (ئەحمەد،٢٠١٥ ، ١١)، هەوڵدەدەین بەپێی کات و شوێن و زنجیرەی مێژوویی، گەشتێک بەجیهانی سروودەکانی ناوبراودا بکەین و هەلومەرج و بۆنەو موناسەبەت و سەربردە و چۆنیەتی هۆنینەوە و گوتن و تۆمارکردنی سروودەکان روونبکەینەوە، جێگای سەرنج و ستایشە کە لەم دواییانەدا هونەرمەندی کورد (وریا ئەحمەد) لە بەرهەمێکی بەنرخ و تەسەلدا سەبارەت بە ژیانی هونەری خالید دلێر، تێکستی هەموو سروود و گۆرانی و بەرهەمە هونەرییەکانی ناوبراوی تۆمارکردووە، لەگەڵ نۆتە و پەیژەی مۆسیقای بەرهەمەکان بەهاوکاری (دڵدار)ی کوڕی، تێکستی هۆنراوەی سروودەکانمان لەو سەرچاوەیەوە ڕاگواستووە. بگەڕێوە بۆ؛ (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٦..٦٨)

### ١.سروودی (کوڕانی کوردستان)

لە بیرەوەرییەکانی دلێردا هاتووە: ((یەکەمین سروودی خۆم کە دامنابێ، لەزستانی ساڵی (١٩٥٦)بوو...، ئەم سروودە لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) لە ئێزگەی کوردی بەغدا بەدەنگی خۆم تۆمار کرا)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٩-٢٠). دیارە بەر لە شۆڕشی تەمموز خالید دلێر هامشۆی رادیۆی کوردی بەغدای کردووە، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی سیاسییەوە، تەنیا گۆرانی تۆمار کردووە نەوەک سروود. دوابەدوای شۆڕشی (١٩٥٨) زیاتر سەردانی ئیستگەی کردووە و زۆرتریش سروودەکانی تۆمار کردوون. تێکستی هۆنراوەی سروودەکە بەم جۆرەیە:

ئـێمه کـــوڕی شـــاخ و کێـــو و کەژیـــن
وڵات فێـــری کـــردووین بەمەردی بـــژین
بە دەرســـێ کە هەوڵ و خەبـــاتە لەژیـــن
قەڵای ســـەختی دوژمـــن ئەخەیـــنە هەژیـــن

****

بەڵـــێن بـــێ وڵات هەڵگـــرین دەرســـی تـــۆ
نەوەســـتین هەتـــاوەکو ئەبـــین ســـەربەخۆ
بەخت کەین لە ڕێت ماڵ و سەر بێ درۆ
هەتـــا هێـــزی دوژمـــن ئەکەیـــن ڕەنـــجەڕۆ

****

وەتەن مـــوژدەبێ گەڵ بەهـــۆی کـــردەوە
بەخـــوێنی کـــوڕی گیانفیـــدا و گـــوردەوە
هەمـــوو نەخشـــەیەکی بەدی ســـڕپیەوە
لەکـــۆڕ گـــۆی ژیانـــی بـــەزۆر بـــردەوە

****

٢.سروودی (سەربازی ئازادی)

ئەم سرووده لە سەروبەندی شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) هۆنراوەتەوە و هەر لەو کاتەش دلێر لەگەڵ سروودی یەکەمی لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆماری کردوون، ئەمە تێکستی هۆنراوەکەیەتی:

ئێمە سەربازی ئازادین
پارێزگاری خۆشی و شادین
ئێمە سەربازی ئازادین
دەستهێنەری خۆشی و شادین
دوژمنی جەور و بێدادین
دوژمنی جەور و بێدادین

****

**قایمتر لەقەڵای پۆڵا**
**تا بڵێی ئازاو نەقۆڵا**
**دوژمن مەرگی خۆی ئەبینێ**
**کاتێ چەک ئەدەین بەکۆڵا**
**ئێمە سەربازی ئازادین**
****
**تەنیا نین لەم ڕێگەو بانە**
**ڕێی ئازادی**
**هەموو جیهان لەگەڵمانە**
**بۆ ئازادی**
**هۆی ئاشتی و شادی گەلانە**
**ئازادی ئەم کوردستانە**
**تەنیا نین لەم ڕێگە و بانە**
**ئێمە سەربازی ئازادین**

**٣.سروودی (ئەژین ئەژین)**

ئەم سروودەش لەگەڵ دوو سروودەکەی پێشوو لەدوای شۆڕشی تەمووز دانراوە و لە ئێستگەی کوردی بەغدا بەدەنگ و ئاوازی خۆی تۆماری کردووە، تێکستەکەی بەم جۆرەیە:

**ئەژین بەپێچەوانەی دوژمنانمان ئەژین**
**ئەچین بەرەو ئاشتی بەرەو ئازادی**
**ئەچین**
**ئەژین ئەژین**
****
**گەلێکی کۆڵنەدەرین**
**وازناهێنین وازناهێنین**

هاتا تۆڵەی رابردوومان نەسێنین
هەر ئەیسێنین
دوا بە ئیمپریالیزم ئەهێنین
پێی ئەهێنین
ئەژین ئەژین
****
نەوەی کاوە لەکام ڕۆژا بەزیوە
کەی بەزیوە
چ کاتێ کۆسپی هەبووە
نەبیڕیوە
وەیا کەی لەخەبات کۆڵدانی دیوە
قەت نەیدیوە
ئەژین ئەژین
****
لەمێژوومان بپرسە
چۆن گەلێکین چۆن گەلێکین
لەبۆ فەوتانی دوژمن
چۆن گەلێکین چۆن گەلێکین
لەگەڵ هەوڵ و خەباتا
ئێمە یەکین ئێمە یەکین
ئەژین ئەژین
****

ناوەڕۆکی ئەم سروودانەی پێشەوە تەعبیر لە هەست و هۆش و یەکێتی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەل دەکات لە پێناو ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆییدا، شانازی بە وڵات و بە مێژووی گەل و نیشتیمانەوە دەکات، گیانی خۆبەختکردن و گیانفیدایی لە دەروونی

ڕۆڵەکانیدا دەووروژێنێت. دیارە کەش و هەوای سیاسیی دوای شۆڕش و ئەو فەزا ئازاد و سەربەستییەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بوونەتە ماک و هەوێنی لەدایکبوونی ئەم سروودانە.

**٤.سروودی (بەخێر بێنەوە)**

دوا بەدوای شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨، کوردانی شۆڕشگێڕ و پەڕیوەی دوور وڵات (مەلامستەفای بارزانی و هاوڕێکانی) بروسکەی پیرۆزبایی و سەرکەوتنی شۆڕش بۆ (زەعیم عبدالکریم قاسم – فەرماندەی شۆڕش) دەنێرن و هەر لەو بروسکەیەشدا ئاوات و خواستی گەڕانەوەیان بۆ وڵات نیشان دەدەن. وەڵامی سەرانی شۆڕشیش بۆ ئەو داخوازیانە ئەرێنی بووە، هەر ئەو ئێوارەیەی بروسکەکە و وڵامەکەی لە ئێستگەی بەغدا خوێندراوەتەوە، بۆ شەوەکەی خالید دلێر، وەکو نوقڵانەیەک بۆ موژدەی گەڕانەوەی ئەو شۆڕشگێڕانە، ئەم سروودەی هۆنیوەتەوە و ئاوازەکەشی بۆ ئامادەکردووە، دواتریش لە ئێستگە تۆماری کردووە. لەم سروودەدا دلێر هەست و سۆزی کوردانە و بەرزنرخاندنی خەبات و خۆڕاگری ئەو نیشتیمانپەروەرانەی خستۆتەڕوو. وەکو چۆن پڕە لە هیوا و ورەبەرزی و گەشبینی بۆ ئەو گەلانەی کە دەست بەرداری خەبات و تێکۆشان نابن.

ئەمەش تێکستی ئەو سرووودەیە:

**بەخێربێنەوە بەخێربێنەوە**
**وەتەن باوەشی بۆ کردوونەوە**
**بەخێربێنەوە**
********
**بەخێربێنەوە وەتەن پەروەران**
**بەخێربێنەوە ئەی دەربەدەران**

هاوڕێی هەژار و چینی ڕەنجدەران
بەخێربێنەوە
****
مێژووی خەباتی کوردی قارەمان
دیاری ئەخا بۆ خەڵکی جیهان
کەوا نابەزین لەبۆ دوژمنان
کە کورد نابەزێ لەبۆ دوژمنا
بەخێربێنەوە
****
بۆ ئەو کەسانەی بۆ ئاشتی و ژیان
پیشەی ئەوان بوو خەبات تێکۆشان
هەتا بەدوژمن سەریان دانەوان
باتێکرا بڵێین
بەخێربێنەوە
****

٥.سروودی (عبدالکریم تۆ پێشەوای)

دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەمووز لەساڵی ١٩٥٨ دا، سەرکردەی شۆڕشەکە (زەعیم ڕوکن عبدالکریم قاسم)، بەر لەوەی لە ساڵی (١٩٦٠) بەدواوە مەیلە تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەکانی سەرهەڵبدات، وەکو سیمبولێکی ئازادی و ڕزگاری و دیموکراتی لەلایەن هەموو خەڵکی عێراق، بەنەتەوە و پارت و ڕێکخراوە جیاوازەکانەوە، وێناکراوە. بۆیە گەلێک گۆرانی و سروود و شیعر و هۆنراوە بەباڵادا هەڵگوتراوە، کوردیش لەم ڕەوتە بەدوانەکەوتووە، نموونەی وەک (گۆران) و (بلە) مان هەیە کەوا شیعریان بەباڵایدا هەڵگوتووە، بەندە ئێستاش سروودێکم لەیادەوەریدا دەزرنگێتەوە کە لەسەرەتای ساڵانی (١٩٦٠) دا و لە ئێستگەی رادیۆی کوردی بەغدا هەمیشە دووبارە دەکرایەوە:

**عەبدولکەریمی قارەمان			عەبدولکەریمی پاڵەوان**
**ڕزگارت کرد نیشتیمــان			لەزولم و زۆری خائینان**
**عەبدولکەریم عەبدولکەریم**

دیارە هەر لەم سۆنگەیەوە خالید دلێریش لەسەرەتای شۆڕشی تەمموز ئەم سروودەی بۆ (زەعیم) گوتووە و بە (پێشەوا)ی لەقەڵەم داوە!.

**عەبدولکەریم تۆ پێشەوای**
**دوژمنی کاری ناڕەوای**
**عەبدولکەریم تۆ پێشەوای**
**تۆ پێشەوای**

****

**کورد و عەرەب هەردوو برا**
**شوورەن بەدەوری پێشـەوا**
**بەشیرو خەنجەری دەبان**
**ئـەیپارێزین کۆمارییـان**
**عەبدولکەریم عەبدولکەریم**

****

**ئامانجمان لەم یەکگرتنە**
**پیلان و شەڕ گۆڕ کردنە**
**بۆ هەردوو لا ئازادییە**
**ئاشتی و ژیان و شادییە**
**عەبدولکەریم عەبدولکەریم**

****

**٦.سروودی (ئاشتی)**

خالید دلێر سەبارەت بەساڵ و بۆنەی دانانی ئەم سروودەیەوە دەڵێ: ((کردبووم بەخوو بۆ بەشداریکردنم لەهەموو ئاهەنگێکدا ئەبوو یان سروودێکی تازە یان گۆرانییەکی تازە پێشکەشی جەماوەر بکەم، ئەم سروودەم بۆ ئاهەنگی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٩) ئامادە کردبوو،کە ئاهەنگەکە نەکراو ئەو خوێن رشتن و تالآن و بڕۆیەی لێکەوتەوە...)) (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢).

دیارە مەبەستی ئاهەنگی ساڵیادی یەکەمی شۆڕشی تەمموزە لەکەرکوک، کە بووە مایەی ئاڵۆزی و خوێن لەبەرچوونێکی زۆر لە نێوان کورد و تورکمان لەو شارەدا. دلێر هەولێکی تری هەبووە بۆ تۆمار کردنی ئەو سرووده لە ئێستگەی کوردی بەغدا لە ڕێکەوتی (١٠٥٩/١٠/٧)دا. کەچی لەم ڕۆژەشدا ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی فەرماندەی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم لە شەقامی (ڕەشید)ی شاری بەغدا لەلایەن بەعسییەکانەوە رووی داوە، بۆیە ئەم نیازەشی بۆ نەچۆتە سەر، تا لەدوا جاردا لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لەشاری کەرکوک لەساڵی ١٩٦٠ دا بۆی هاتۆتە دی. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز و دیموکراتیک لەعێراق و لەناوچەکە سەری هەڵداوە، بەناوی (بزوتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی – حرکە انصار السلام)، کە دوای شۆڕشی تەمووز خەڵکێکی زۆر لە دەوری ئاڵاکەی کۆبونەتەوە و باوەڕیان بەپەیام و دروشمەکانی هێناوە، بەتایبەت کەسایەتی و خەڵکانی رووناکبیر و پێشکەوتنخواز، خالید دلێریش لەژێر کاریگەری پەیام و دروشمەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەم سروودەی لەکاتی خۆیدا داناوە:

**بژی بابژی بژی ئاشتی لەجیهانا**
**بمرێ بابمرێ ئەوەی دوژمنی گەلانە**

****

دەمانەوێ لەسەر لوتکەی کێوی وڵات
دروست بکەین باخ و شەقام
کۆشکی دەقات
شەڕ بەدە نامانەوێ
جەنگ بەدە نامانەوێ
نامەوێ بۆمبای ئەتۆم
وڵاتەکەم وێران بکات
بژی بژی

****

ژیان هیوا دایکایەتی جوانی مناڵ
هونەروەری زانیاری بەرهەمی خەیاڵ
لەگەلان داوا ئەکەن
لەگەلان داوا ئەکەن
لابدەن سەرمایەدارانی چەپەڵ
بۆ شەڕو دەلاڵ
بژی بژی

****

٧.سروودی (ئیجازەی پارتی)

لە سەرەتای (١٩٦٠) یاسای مۆڵەت پێدانی پارتەکان لە عێراق دەرچوو، پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای پارتەکانی دیکە یاداشتێک پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکەن بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی ڕەسمی لە عێراق. خالید دلێر وەکو تێکۆشەرێکی ئەو حیزبە لە کەرکوک، هەر زوو بەزوو بەر لەدەرچوونی مۆڵەتەکە، سروودێک بۆ ئەو بۆنە و موناسەبەتە ساز و ئامادە دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێ: ((سروودی (پارتی) بەر لەڕۆژی (٨ی شوباتی ١٩٦٠) کە ڕۆژی ئیجازەی ئیشکردن بوو بە پارتی، ئەو ڕۆژەی خەبەری ئیجازەپێدانمان

زانی هیچ بەیان و جاڕدانمان نەکرد، تەنیا لەبارەگاکەمانەوە شریتی ئەو سروودەمان خستە سەر ریکۆردەرێک و بڵاومان کردەوە. چارەگێکی پێنەچوو هەموو جەماوەری کەرکوک هاتنە بەردەرگەی بارەگاکەمان و کرا بەشایی. هەفتەیەکی پێنەچوو ئەو سروودە هەموو کوردستان، تاسەر سنوورەکانیشی گرتەوە و بوو بە سروودی جەماوەر، هەموو جەماوەر)) (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٣).

**هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن**
**ئەمرۆ ڕۆژی شادییە**
**ڕۆژی ئیجازەدانی**
**پارتی دیموکراتییە**
**هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن**

****

**پارتی ئەبوو تا دوێنێ**
**بەچرپە خەڵک بدوێنێ**
**کەچی ئەمڕۆ ئاشکرا**
**چالاکی خۆی ئەنوێنێ**
**هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن**

****

**ئیتر خەڵکی کوردستان**
**بێ جیاوازی لە زوبان**
**لە ژێر رابەری ئەوا**
**خەبات ئەکەن بێ وچان**
**هەڵسن هەڵپەڕکێ دابەستن**
**ئەمڕۆ ڕۆژی شادییە**
**هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن**

****

تا عێراقی هاوبەشی
لە ناحەزی ڕوو ڕەشی
دوور ئەخەن ئەیبەن بەرەو
ئەوپەڕی شادی و گەشی
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن
****
تا کوردستانی ڕزگار
هی زەحمەتکێشی هەژار
دروست ئەکەن بۆ خۆیان
پاش دەرچوونی ئیستیعمار
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن
****

٨.سروودی (پێشمەرگە)

ئەم سرووده لە گرتووخانەی (تسن – تسعین) لەکەرکوک لەمانگی (کانوونی یەکەمی ساڵ ١٩٦١) هۆنراوە و ئاوازەکەی دانراوە، دلێر لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: ((رادیۆی گرتووخانەکەیان بەدەنگی بەرز کردبۆوە، عەبدولکەریم لە (دەربەندینخان)وتاری دەدا، دەیوت: ((ئەوانەی یاخی بوون هەموویان پیاوی ئیستعمار و (حیلفی سەنتۆن) و هەموویانم لەناو برد، ئەوەی ماویشە بۆ باوەشی حیلفی سەنتۆ ئاودیوی ئێران بوون....، کە گوێم لەوتارەکەی عەبدولکەریم بوو بڕیارم دا وەڵامی بدەمەوە، لەو کاتە و ساتەدا یەکەم سروودی (پێشمەرگە)م دانا)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٦-٢٧).

لەم رووەوە هونەرمەند (وریا ئەحمەد) ڕای وایە کە ئەم سروودەی لەکاتی خۆیدا ڕۆڵێکی گەورەی لەبەرزکردنەوەی گیانی کوردایەتیدا بینیوە، هەروەها بەیەکەم سروودی هەستبزوێن و

جۆشدەری گیانی کوردایەتی دەناسێنێت لە شۆڕشی ئەیلولدا (سەرچاوەی پێشوو، ٨٨).

ناوەڕۆکی ئەم سرووودە پڕە لە ورە بەرزی و گیانی بەرخۆدان، دوپاتی ئەو ڕاستییەش دەکاتەوە کە لە هۆنراوەیەکی (قانع)دا هاتووە و(بڕوانە: قانع، ١٩٧٩، ٢٢٩). زیندان لە چەشنی قوتابخانەیەک وێنا دەکات بۆ خەڵکی خاوەن باوەڕ و شۆڕشگێڕەکان، دلێر دوای ئازاد بوونی لە زیندان لە (١٩٦٣/٢/٢٠) داو بەر لەوەی خۆی بگەیەنێتە ڕیزی شۆڕشگێڕان لە (سلێمانی) لە ماڵێکدا لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی (تیپی مەولەوی) ئەم سرووودە تۆمار دەکات. سرووودەکە چەند جارێک لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە تۆمارکراوەتەوە.

**پێشمەرگەین بەهەڵمەتین**
**پاڵەوانی میللەتین**
**شێری ڕۆژی زیللەتین**
**لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان**
**بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ و گیان**
**لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان**

****

**دەرنەچێ لەخاکمان دوژمنی کافر**
**دار و بەرد و خۆڵی لێ ئەکەین بەئاگر**
**هەر بەزوویی دەیبەزێنین**
**تا سنوورمان ئەیرەتێنین**
**کوردستانی گەورەی لێ وەیەک دەهێنین**

****

**زۆری سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ**
**خاکی کوردستان بەبۆمباو چەک بکێڵێ**

هەڵدێراون لەم کێوانە
بونەتە پەندی زەمانە
ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە
****

٩.سروودی (ئێمە ڕۆڵەی کوردین)

لە بیرەوەرییەکانیدا دلێر باس لە چۆنیەتی دانانی ئەم سرووودە دەکات و دەڵێ: ((لەبەندینخانەی (تسن) من لەژووورە گەورەکە دانرابووم، ژوورێکی بچووک (٢×٣)، پەنجەرەیەکی گەورەی لەسەر حەوشەکە بوو بەرامبەر بەژوورەکەی من بوو ....، من لەژوورەکەمدا پیاسەم دەکرد و لەهەوڵی دانانی سروودێک بووم، لەگەرمەی ئەم سەرقاڵیەمدا، کچێکی باڵابەرزی جوانیان هێنایە پۆلیسخانەکە و بردیان لەو ژوورە بچوکەی بەرامبەرم دەرگایان لەسەر کلیلدا. ئەویش لەناو پەنجەرەکەی بەرامبەرم دانیشت، ئەترسام گیراوی سیاسی و پێشمەرگایەتی بێت، پاشا پۆلیسەکان گوتیان (شێتە). بەڕۆژ خۆی رووت و قوت دەکردەوە و لەناو پەنجەرەکە دادەنیشت. کچەکە ئەوەندەی بگوترێ جوان بوو، بەڵام منی قاڵبووی خەبات و خزمەتکردنی نەتەوە چەوساوەکەم، ئەو دیمەنە لەو هەوڵەی دوور نەخستمەوە کە بەتەمای جێ بەجێ کردنی بووم، منی لاوی تەمەن (٢٩) ساڵەی بێ ژن، ئافرەت نەدیوو، هەروەکوو کەسم بەدیارەوە دانەنیشتبێ وابووم. سرووەدەکە بە شەو و ڕۆژێک تەواو بوو، بە دانانی سرووەدەکە خۆشی و دڵشادییەکەم ئەوەندەی تر بەجۆش هات، من بزانم ئەو کاتە یەکێک لەکاتە هەرە خۆشەکانی سەردەمی ژیانم بێ، ئەگەر چی هەشت نۆ مانگ بوو لەگرتووخانەی تەنیایی دابووم!)). (ئەحمەد،٢٠١٥، ٢٨-٢٩).

دیارە ئەم دوو سرووەدەی دوایی زادەی هەلومەرجێکی تایبەتن لەژیانی دلێردا کە لەپاشان وەکو دوو شاکاری هونەری شۆڕشگێڕی سروود دەرکەوتوون، هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەر و دلێرانی کورد،

له قولایی واتای وشەکانی، (کاوەی نەبەرد، کوڕی میللەت، خاوەن توانا، پیاوەتی، ئازایەتی و شۆڕشگێڕی) کۆدەکاتەوە. لەبەرامبەردا دوژمنانی کوردیش لەناتۆرەکانی وەکو (خائین، داگیرکەر، خوێنمژ، دزی ڕەنج و خەباتی میللەت) بەدیار دەخات. ئەم سروودە چەند جارێک بە شێوەی کۆرس تۆمار کراوە کە دواجاریان لەلایەن (تیپی مۆسیقای شۆڕش) لەساڵی (١٩٧٤)دا بووە.

**ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە ڕۆڵەی کوردین**
**ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین**
**ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین**

****

**دەبا بزانن خائینان**
**ئێمە کوڕانی میللەتین**
**دەبا بزانن دوژمنان**
**خاوەن توانا و هیمەتین**
**لەمافی کورد، وازناهێنین بۆ سەندنی،**
**بەهەڵمەتین**
**دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن**

****

**بۆ کەسی دانەنواندووە سەر**
**لەو ڕۆژەوەی کە کورد هەیە**
**ئێمەی کوڕانی ئەم سەدەش**
**سەر دائەنێین لەم ڕێگەیە**
**پیاوەتی و ئازایەتی**
**کە خوڕەوشتی ئێمەیە**
**دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن**

****

بۆ سەندنەوەی مافی گەل و
پاککردنەوەی وڵاتمان
لەداگیرکەر و خوێنمژان
دزی رەنج و بەراتمان
شۆڕش ئەکەین، هەوڵ ئەدەین
بەجۆش ئەکەین خەباتمان
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن
****

١٠. سروودی (نەورۆزی دوور وڵات)

خالید دلێر لە ساڵی (١٩٦٤) لەگەڵ بەشێک لە سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، (کە دواتر بەباڵی مەکتەبی سیاسی ناسران)، دەپەڕێتەوە بۆ دیوی ئێران و لە (هەمەدان) جێگیر دەبن. ئەم سروودەی بۆ یادی جەژنی نەورۆزی ساڵی (١٩٦٥) لە هەمەدان گوتووە، وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە: ((ڕۆژی (١٥ی مارتی ١٩٦٥) بوو، ڕۆژێکی هەور بوو، پێشمەرگەیەکم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و ڕووم لە دەرەوەی شاری هەمەدان کرد، گەیشتینە دۆڵێکی خۆش کە تاشەبەردێکی لێبوو، بە بڕادەرەکەم وت بچۆ لەبەرزایەکەوە لەسەرەوەی دۆڵەکە چاوەڕوانم بکات، خۆشم لەسەر تاشە بەردەکە دانیشتم و هۆنراوەکەم نووسی و دەستبەجێ ئاوازەکەم بۆ هات و نووسینی هۆنراوە و ئاوازەکە گەر نیو کاتژمێری پێچوبێت، هەر ئەو کاتە سروودەکەم بۆ پێشمەرگە کە وت)) (یەکێتی نووسەران، ٢٠١٢، ٢٨١). لەڕۆژی ئاهەنگەکەی نەورۆزدا (١٩٦٥/٣/٢١١) بەدەنگی شەهید (جەعفەر عەبدولواحید)ی برای دەگوترێت و تۆمار دەکرێت، ئەم سرووده دواتر لەلایەن هونەرمەندان (ئیبراهیم سەعید ، عوسمان عەلی، ناسری ڕەزازی) گوتراوەتەوە. یەکێک لەو شاکارە سروودانەیەکە بۆ جەژنی نەورۆزی کوردان گوتراوە.

سالێکی تریش وا داهاتەوە
ڕۆژی نەورۆزی کورد، هەڵهاتەوە
بەم هاتنەوەیە، نەورۆز ئەم جارەش
دەرسی تێکۆشان، دا ئەداتەوە
****
سلاو لەکاکی دوور ولاتەوە
بەگوڵی سووری ڕێی خەباتەوە
دەنێرین، بۆ هەر نەبەردێ کەوا
مەشخەڵی شۆڕش، هەڵبکاتەوە
****
لەگەڵ نەورۆزا، دەرکەوت نیشانە
هی ریسوا بوونی، ئەو ڕوو ڕەشانە
بەپێچەوانەی ئارەزووی مردن
میللەت بەجارێ، لەتێکۆشانە
****
هەندێ ویستیان، کورد سەردانەوێنێ
لە ڕێگەی خەباتا، لادا و وازبێنێ
چۆن واز دەهێنێ لەڕێیێ، کەوا
بەختیاری تەنیا، لەودا ببینێ

### ١١.سروودی (جەژنی کوردان)

دلێر سەبارەت بە کات و شوێنی دانانی ئەم سرووده گوتوویەتی: ((لەساڵی (١٩٦٨) وەکو ساڵی پێشوو (مەبەست ئاهەنگی نەورۆزی قوتابیانی کوردستانە کە لە ساڵی١٩٦٧ لە بەغدا لەناوچەی (سدە الهندیە)ساز کرابوو). قوتابیانی کوردستان نەورۆزێکی گەورەو ڕێکوپێکیان ساز دابوو، بەدرەنگییەوە بەشداریم تێدا کرد، (عەلی

مەردان، حەمە عارف جزیری)یش تێدا بەشدار بوون، جامنیش وەکو خوم پێوە گرتووە، سروودێکی تازەم بەناوی (جەژنی کورد) ئامادە کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تیپێکی چاکم بەدەست نەکەوت و پرۆڤەم لەسەر نەکرد، (سروودی نەورۆزی دوو وڵات و پێشمەرگەین بەهەڵمەتین)م پێشکەش کرد. سروودی (جەژنی کورد) لە شیعرەکەی و ئاوازەکەیدا، پڕە لە نەخش و نیگار و وردەکاریی، لەوانەیە بڵێم لە خۆشترین سروودەکانی منە، هەروەک بڵێی لەبەر ئەوەی سێ ساڵ بوو سروودم دانەنابوو، قەرزاری هونەری سروود بووبم، بەڕاستی بەو سرووده قەرزەکانم داوەتەوە!. ئەم سرووده لەساڵی دوایی (نیسانی ١٩٦٩) لەو ئاهەنگە گەورەیەی بەبۆنەی نەورۆز سازمان کرد پێشکەش کرا، (تیپی مۆسیقای سلێمانی)م لەگەڵ دابوو، بەڵام بەداخەوە سروودەکە لەبەر وردەکارییەکانی ناوی بڵاونەبۆوە، جەماوەر نرخی تایبەتی خۆی نەداوەتێ. بەلای منەوە ئەم سرووده لەوانەیە هونەریترین سروودی کوردی بێ، نازانم کەی هەقی خۆی ئەدرێتێ؟)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٠).

**هەر ساڵێ نەورۆز بێتەوە**<br>
**موژدێکی خۆش، دێنێتەوە**<br>
**کوردان، ئەبووژێنێتەوە**<br>
**هەر ساڵێ نەورۆز بێتەوە**

****

**ڕزگار بوونی کوردایەتی**<br>
**لەم مەینەتەی تیایەتی**<br>
**مژدەی خۆشی ئێستایەتی**<br>
**نەورۆز بەهاری کوردە**<br>
**جەژنی دێرینی کوردە**

**نەورۆز بەهارە**
**نەورۆز بەهارە**
********

**نەورۆز ڕەمزی نەبەزینە**
**هی هەمیشەمان و ژینە**
**هی هەڵمەت و ڕاپەڕینە**
**نەورۆز بەهاری کوردە**
**ڕۆژی دیاری کوردە**
**نەورۆز بەهارە**
**نەورۆز بەهارە**
********

**نەورۆز جەژنی ئیشکەرە**
**هی پاڵە و هەژار و ڕەنجدەرە**
**یادی کاوەی ئاسنگەرە**
**ڕۆژی شیرینی کوردە**
**جەژنی دێرینی کوردە**
**نەورۆز بەهارە**
**نەورۆز بەهارە**
********

**١٢.سروودی (ئۆتۆنۆمی)**

خالید دلێر لەبارەی ئەم سروودەوە نووسیویەتی: ((دوای بڵاوبونەوەی بەیانی (١١ی ئادار) نەورۆزێکمان لە (سەلمان پاک) ساز کرد، (سەدام حوسێن) زانیبووی وەکو (سیخور) هاتبوو بزانێ چی ئەکەین.، بۆ ئەو نەورۆزەش سروودی (ئەی ئۆتۆنۆمی)م ئامادە کردبوو)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٢).

دیاره لەو ڕۆژگارەدا دروشمی سەرەکی جوڵانەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)، پێ لەسەر ئەوەش دادەگیرا کەوا کورد بەهیوای (ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە)یە نەوەک شتێکی قەلپ و ساختە بەو ناوەوە. ئەمەش تێکستی سروودەکەیە:

**ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی**
**ئاواتی خۆشی کۆنینەی خۆمی**
**ئاواتی خۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی**
**ئەی ئۆتۆنۆمی ئاواتی خۆمی**

****

**لەتۆیان دەوێ خەڵکی هەموویان**
**برینی ئێستا و ئی ڕابردوویان**
**سارێژکەی ماف و خۆشی و**
**سەربەستی**
**هەر کەس هەقی خۆی بخەیتە دەستی**
**ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی**

****

**ژیان بەرەو پێش ئەڕوا هەمیشە**
**قەت نەوەستانی کردووە بەپیشە**
**ئێمەش لەم ڕێیە لە تێکۆشانین**
**دینەمۆی ئیش و مۆمی سووتانین**
**ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی**

****

**کوردستان ئەبێ بۆ ڕەنجدەران بێ**
**بۆ پیاوی چاک و کوردپەروەران بێ**

ئەوسا کوردستان لەبۆ ژێر دەستان
ئەبێتە قیبلەی خواست مەبەستان
ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
****

**١٣. سروودی (زەحمەتکێشان)**

خالید دلێر کرێکاری کۆمپانیای نەوت بووە لەکەرکوک، بەهۆی نزیکی و تێکەڵاوی لەگەڵ ژیان و گوزەران و خواست و ئامانجەکانی چینی کرێکار و ڕەنجدەر و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، بۆتە یەکێک لە ئاڵا هەڵگرانی بیری چەپ و باوەڕێکی تەواو نەگۆڕی بە بیری پێشکەوتنخواز و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمەوە هەبووە، هەتا سەریش لەسەر ئەم باوەڕ و بیرە ماوەتەوە، لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە (ئازاری ساڵی ١٩٩١)، بۆ ماوەیەک لە ئۆرگانی ڕاگەیاندنەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کاری کردووە،هەر لەم سەر و بەندە و لە ساڵی (١٩٩٢) دا سروودێکی بەناوی (سروودی زەحمەتکێشان) داناوە، کە ئاوازەکەی لەسەر ڕیتم و ئاهەنگی مارشە. ئەم سرووده هەڵقوڵاوی هەمان هزر و بیر و باوەڕە، تیایدا داوای یەکریزی و یەکێتی خەبات و تێکۆشانی چینی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات، لەپێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی و سۆسیالیزم. ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**زەحمتکێشانی کوردستان**
**یەکڕیز شۆڕشکەن ڕاپەڕن**
**بهێننەدی، پەرچو، داستان**
**هەر ئێوەن بۆ ژیان گوڕن**
****
**تاکەی دیلی و ڕەنجەڕۆیی**
**بە باوەڕی مۆدیرنیزم**

**بهێنەدی سەربەخۆیی**
**یەکگرتنەوە سوسیالیزم**

مامۆستا (خالید سەرکار) پەیژەی مۆسیقاو نۆتەی ئاوازەکەی نووسیوەتەوە (سەرکار، ٢٠٠٧، ٦٩).

**١٤.سروودی (نەمران)**

دلێر لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ: ((دوا سروودم سروودی (نەمرانە)، لە ١٩٩٢ تەواومکرد، لەو ساوە قورگم نەخۆشە و سروود و گۆرانیم دانەناوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٨٥).

هونەرمەندی سروودبێژ (لالۆ ڕەنجدەر)یش ئەو مەسەلەیەی پشتڕاست کردۆتەوە و دەڵێ: خالید دلێر سروودێکی بۆ (tv) لۆکاڵی کۆیە تۆمار کردووە بەناوی:

**ئەی نەمرانی پێشمەرگەی وڵات**
**ئەی هەڵگرانی دروشمی خەبات** (سەرچاوەی پێشوو، ١٩٠)

دەقی ئەم سرووده وەکو لە کتێبەکەی (وریا ئەحمەد،٣١)دا هاتووە بەم شێوەیە تۆمار کراوە:

**ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات**
**ئەی هەڵگرانی دروشمی خەبات**
**تاکو کورد بمێنێ ناوی ئێوە نامرێ**
**هەردەم دیارە وەک مەشخەڵ ئاگرێ**
**ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات**

****

**بەبێ گومان خوێنی گەشی**
**ئێوەی نەمر ئێوەی نەمر**
**لەگیانی دوژمنانی کورد**

**ئەبێ بەگڕ ئەبێ بەگڕ**
**شەپۆڵی تێکۆشانی کورد**
**زیاد ئەکاو ئەخاتە گوڕ**
**ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات**

****

**گەلی کوڕانی گورج و ژیر**
**پشتی دەنێ پشتی دەنێ**
**ئازار و سەختی ڕێی خەبات**
**گوێ نەدەنێ گوێ نەدەنێ**
**مافی چارەنووسی خۆی**
**ڕۆژێ ئەبێ هەر بیسەنێ**
**ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات**

مایەوە بڵێین کەوا هەموو سروودەکانی خالید دلێر، لەرووی هۆنراوە و ئاوازەوە لەدانان و داهێنانی خۆیەتی، لەپاڵ گۆرانییە سیاسی و ڕۆمانسییەکانیشییەوە. بەو هۆیەوەش، کە ئەو خۆی شارەزایی لە نۆتە و ئامێرەکانی مۆسیقا نەبووە بۆیە کاری دابەشکردنی ئاوازو مۆسیقای سروودەکانی لەکاتی خۆیدا هەندێک لەهونەرمەندانی کورد و تیپە هونەرییەکانی کوردستان ئەنجامیان داوە. هونەرمەند (وریا ئەحمەد) لەو کتێبە گشتگیرەی لەبارەی ژیانی هونەری خالید دلێرەوە چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، تێکستی هەموو سروود و گۆرانییەکانی خالید دلێری تۆمار کردووە (تەنها ئەو سروودە نەبێت کە بەناونیشانی زەحمەتکێشانە) لەپاڵ ئەوەشدا نۆتە و پەیژەی مۆسیقای هەموو سروود و گۆرانییەکانی هێناوەتەوە.

ڕاستیەک هەیە سەبارەت بەناوەڕۆکی سروود و گۆرانییە سیاسییەکانی خالید دلێر، تەنانەت هەتا گۆرانییە ڕۆمانسیەکانیشی،

ئەویش ئەوەیە؛ کەوا ئەم هونەرمەندە بەهرەوەر و بلیمەتە، هەرگیز لە بیر و باوەڕی سیاسی و کوردایەتی و گیانی شۆڕشگێڕی دوور نەکەوتۆتەوە،تەنانەت ئەگەر بە کۆپلە و بەدێڕێکیش بێت پەیامی هزر و بیر و باوەڕەکەی ئاوێتەی هونەرەکەی کردووە، وەکو لە سەرجەم کارە هونەرییەکانی دەبیندرێت.

**ئەنجامەکان**

١. سروود جۆرێکی ئەدەبی و هونەریی ئاوێتەیە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، خاوەنی کۆمەڵێک خەسلەت و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری تایبەت بەخۆیە.

٢. سروودی کوردی لەسەر بنەمای (بەیت) و (لاوک) و (گۆرانی سیاسی) کوردی هاتۆتە ئاراوە. بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوە تاوەکو لەبۆتەی چەشنێکی ئەدەبی و هونەری تازەو نوێدا مەییوە.

٣. خالید دلێر وەکو ڕابەر و داهێنەرێکی دیار و درەوشاوە لە دونیای هونەری سروودی کوردیدا پێگەیەکی دیاری هەیە، ڕۆڵێکی گرنگیشی هەبووە لە داهێنان و دەوڵەمەند کردنی ئەم سامانە هونەرییە.

(*) لە (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان)، خولی سێیەم، بەشی (B)، ژمارە(٧)، لە (حوزەیرانی ٢٠١٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

# سەرچاوەکان


**أ/ کوردی:**

١. ئەحمەد، وریا، ٢٠١٥، خالید دلێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢. ئاگرین، د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، حەماسەت – داهێنان لە سروودی کوردی دەخولقێنێت – سێهەمین ڤیستیڤاڵی کامەران موکری، یەکێتی نووسەرانی کورد، سلێمانی.

٣. بەرزنجی ، یاسین قادر ، بیرەوەرییە هونەرییەکانی خالید دلێر ، گ / خاک ، ژ / ٦٥-٦٦.

٤. جندی، خەلیل، ١٩٨٣، سترانا سیاسیا کوردی، گ/گزنگ، یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوک، ژ/٣.

٥. حلمی، رەفیق، ١٩٨٨، یاداشت، بەشی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هولێر.

٦. ڕەزازی، ناسری، ٢٠١٢، پیناسەی سروود، سێهەمین ڤیستیڤاڵی کامەران موکری، یەکێتی نووسەرانی کورد، سلێمانی.

٧. سەرکار، خالید، ٢٠٠٧، سروودی کوردی، ئینستیتۆتی کەلەپوری کورد، سلێمانی.

٨. قانع ، برهان ، دیوانی قانع ، ١٩٧٩ ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.

٩. مستەفا، د. محمد فازیل، ٢٠١٠، زیوەر – ژیان و بەرهەمی، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.

١٠. هاوار، محمەد ڕەسول، ١٩٧١، سروودی مارسیلێز کێ وتوویەتی؟، گ/برایەتی، ژ/١٠.

**چاوپێکەوتن**

١١. ڕەزازی، ناسری، ٢٠٠٧، دیداری تایبەت، شارەدێی دوکان.

**رۆژنامە**

١٢. قەرەداغی، ئەنوەر، ٢٠٠١، چاوپێکەوتن، ڕ/ کوردستانی نوێ، ژ/٢٦٠٧.

**ب/ عەربی**

١٣. ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم، ٢٠٠٨، لسان العرب، م١٣-١٤، دار صادر – بيروت.

١٤. رسول، الدكتور عزالدين مصطفى، ١٩٦٧، الواقعيه فى الادب الكوردى، دار المكتبه العصرية، بيروت.
١٥. الفرحان، ابراهيم راشد، ١٩٨٤، أغانى الاطفال فى الكويت، الكويت.
١٦. معروف، د. كمال، ٢٠٠٥، دراسته عن اعمال گۆران الأدبية، مطبعة رينما، السليمانيه.
١٧. وهبه، مجدى، (ب.س)، معجم المصطلحات العربيه فى اللغة والادب، مكتبه لبنان، بيروت.

**ج/ فارسی**

١٨. ذوالقدر، ١٣٧٣، ميمنت مير صادقى، واژه نامه هنر شاعرى، كتاب مهناز، تهران.
١٩. معين، دكتر محمد، ١٣٦٠، فرهنگ فارسى، ج٣، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر، تهران.
٢٠. نيكتين، واسيلى، ١٣٦٦، كرد و كردستان، ترجمه: محمد قاضى، چاپ اول، انتشارات نيلوفر، تهران.

## الملخص

## خالد دلير و فن النشيد الكوردي

تشكل الاناشيد (Hymn) جزءا من التراث الادبي والفني للشعوب، وهى تطورت أساساً من التراتيل والترانيم الدينية القديمة مروراً بالملاحم البطولية والاغاني الحماسية.

وتعرف اليوم باعتباره نص شعري مفعم بحب الوطن تدور فى مجمله حول امجاد وبطولات الشعب وتحث على الصمود والنضال من اجل رفعة البلاد والمحافظة على سيادته ومكتسباته.

وكذلك هي الاناشيد الكوردية، حيث جاءت أساساً من الملاحم البطولية والاغاني السياسية، ومرت بمراحل مختلفة لتاخذ طابعها الجديد والمميز كقطعة ادبية - فنية - موسيقية ذات مضامين وطنية وقومية. وبرز فى هذا المجال (خالد دلير) كأحد رواد هذا النمط الادبي والفني، حيث ساهم مساهمة فعالة فى إغناء هذا الجانب من الترات الادبي والفني للكورد.

والدراسة هذه تتناول الموضوع اعلاه، وتتكون اجمالا من فصلين رئيسيين تنقسم الى محاور وفقرات متعددة، تليها النتائج وقائمة بالمصادر مع ملخص مفيد باللغتين العربية والانگليزية.

# Abstract

## Khalid Dler and the Kurdish Anthems

Hymns are concidered part of the literary of the nations. It developed originally frim the religious rituals and songs through the Epics and the patriotic songs they are known as a poetic text which ys saturated with patriotism which is usually about the exploits and the heroic Glory of a nation. It encouragers people for determination and patriotism in oerder to protect the nation and safeguard is sovereignty.

Thus the Kurdish hymns are not differnt from the hymns of pther nations Kurdish hymns stemmed originally from epics exploits and the political songs They passed through different stages till they got there final status as a literally artistic and musical piece which has a patriotic dimention.

Khalid Dler was one of the pioneers in hymns his contributions are enormous in enriching this artistic and kiterary heritage of the kurds. The study ends with the conclusion which is followed bu the bibliography along with abstract both in Arabic and English.